CIHAN UNIVERSITY / SULAIMANIYA
زانكۆی جیهان ● جامعة جيهان
کۆڕگای زمانەوانیی کوردی
Kurdish Linguistics Organization

وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٢٦



- سێکوچکەکەی زمان و دەسەڵات و مەعریفە.
- ئەم ژمارەیە بە بەشداری؛ د. مەنسور تەیفوری، د. موئمین زەڵمی، فازڵ شەوڕۆ، د. محمد قادر سەعید، فەرەیدون سامان و سامالْ ئەحمەدی.
- شیکردنەوەیەکی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی بۆ مافی زمانی کەمینەکان لە عێراقدا.
- ڕەخنەی بەراوردکاری لە نێوان کەریم دەشتی، شیرکۆ بێکەس و بێتراند کوولیک دا.
- کتێبی زمان و دەسەڵات؛ بەشێکە لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتی.
- جەمال نەبەز؛ گەوهەری وشەی کوردی.

ژمارە -١١-
بەهاری
٢٠٢٦

وەرزنامەی زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات



خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیی باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین

سەرۆکی دەستەی نوسەران:
پ. د. ئومێد رفیق فتاح

سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین

بەڕێوەبەری نووسین:
عەزیز رەئووف عەبدولعەزیز

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدوڵا
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن



Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email:  Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789  -  +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، **46001**، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، رۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدانە بۆ دارِشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زمانناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و رای پسپۆڕان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیا و رەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ روونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست

## سەروتار

٥ سێکوچکەکەی زمان و دەسەڵات و مەعریفە.......................................................پرۆفیسۆر. د. ئومێد ڕفیق فتاح

## مێزگرد

٩ د. مەنسور تەیفوری: زمان لە ڕێگەی پرۆگرامی دەوڵەتی و ستانداردکردنی زۆرەملێوە گەشە ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی داهێنانی ئەدەبی و فکرییەوە زیندوو دەمێنێتەوە...........................................................................................ئا. گۆڤاری زمانەوانی

١٧ د. موئمین زەڵمی: کاتێک شەرعیەت لە زمانێک دەسەندرێتەوە، لە ڕاستیدا شەرعیەت لە بوونی مرۆڤەکان و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان دەسەندرێتەوە .......................................................................................ئا. گۆڤاری زمانەوانی

٢٥ ڕۆلان بارت؛ دەسەڵات و زمان ..................................................................................و. هاوار محەمەد

## وتار

٣٣ ڕۆڵی زمان لە هێزی نەرمی وڵاتاندا .................................................................ڕانانی: رایان عوسمان

٣٩ هێزی نەرمی زمان لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ..........................................................و. سیما عمر

٤٧ چۆن شێوازی قسەکردن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات ..........................................و. سیما عثمان

٥٧ زمان.. دەسەڵات.. هێز لە ڕوانگەی ڕۆلان بارت و ئەمبیرتۆ ئیکۆوە ...................................ساماڵ ئەحمەدی

## توێژینەوە

٦٥ شیکردنەوەیەکی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی بۆ مافی زمانی کەمینەکان لە عێراقدا ............................و. د. پەشێو نوری

٨١ کوردانی عێراق: مێژووی نوێ و ئاسۆکانی داهاتوو ..................................................و. نەورۆز محمد عبدالرحمن

١٠١ زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە ژێر مەترسی بەردەوامی پەراوێزخستن و پوکانەوە ............و. فریشتە مەجید

١٢٣ زمان و ئایدیۆلۆجی ......................................................................................و. شاتوو سمکۆ حسین

١٤٧ ڕەخنەی بەراوردکاری لە نێوان کەریم دەشتی، شیرکۆ بێکەس و بێتراند کوولیک دا .......................فازیل شەورۆ

## ڕانان

١٦٧ کتێبی زمان و دەسەڵات؛ بەشێکە لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتی ......................ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

## گەوهەری زمانەوانی

١٧٥ جەمال نەبەز، گەوهەری وشەی کوردی ..............................................................گۆڤاری زمانەوانی

## گەوهەری زمانەوانی

١٧٩ هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی ..........................................................................م.عەزیز ڕئووف



# سێکوچکەکەی زمان و دەسەڵات و مەعریفە

پ.د. ئومێد رفیق فتاح / سەرۆکی زانکۆی جیهانی-سلێمانی

زمان ئامرازی یەکەمی دەسەڵاتە پێش ئەوەی پەنا بۆ هێزی سەربازی یان دارایی ببات زمان سەرچاوەی سەرەکییە بۆ بەرهەم هێنانی مەعریفە، بۆیە زمان و مەعریفە و دەسەڵات وەکو دوانەیەکی لێك دانەبڕاو بەیەکەوە کاردەکەن.

ئەوەی کۆنترۆڵی "گوتار" دەکات، کۆنترۆڵی حەقیقەت و ڕاستی دەکات، و هزری سیاسی بەرهەم دەهێنێت.

دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی زمانەوە گەڵاڵە دەبێت. زمان کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ داڕشتنی ئایدۆلۆژیا، پێشکەشکردنی وتاری سیاسی، دروستکردنی فەزای جەماوەری و دروستکردنی ڕەوایی سیاسی.

دەوڵەتەکان لە مێژوودا هەمیشە زمانی فەرمییان وەک ئامرازێک بۆ یەکخستنی نەتەوەیی یان سەپاندنی هەژموونی گروپێکی زاڵ بەسەر کەمینەکاندا بەکارهێناوە. سڕینەوەی زمانی نەتەوەیەک یان قەدەغەکردنی، یەکەم هەنگاوی سڕینەوەی قەوارە سیاسییەکەیەتی، لەڕێگەی چەسپاندن و سەرکوتکردن و لەباڵایی خستنی زمانی نەتەوەکە.

بۆیە دەسەڵات جگە لەوەی زمان خۆی بەرهەم دەهێنێت، لەهەمان کاتدا وەکو ئامرازی سیاسی و یاسایی بەکاردەهێنرێتەوە بۆ ئاستێکی تر لە هەژموونکردن لەڕێگەی یاساوە.

یاسا بەبێ زمان بوونی نییە. یاسا لە بنەڕەتدا دەقێکی زمانەوانییە کە فەرمان، قەدەغەکردن، و ڕێپێدانەکان ڕێکدەخات. لێرەوە زمان دەبێتە بەرجەستەکەرەوی دەسەڵاتی سەروەری دەوڵەت.

لە سیستمی یاساییدا، هێزی ڕاستەقینە لای ئەوە مافی ئەو لێکدانەوەی دەقە یاساییەکانی هەیە. گۆڕینی واتا یان لێکدانەوەی وشەیەکی ناو دەستوور دەکرێت هاوسەنگی دەسەڵات لە دەوڵەتێکدا بگۆڕێت.

دەستوور، کە بەرزترین بەڵگەنامەی یاسایی و سیاسی وڵاتە، لە کۆمەڵێک ڕستە و وشە پێکدێت. زمانی دەستوور دیاری دەکات کێ مافی هەیە، کێ دەسەڵاتی هەیە، و چۆن سزا دەسەپێنرێت، هەروەها چۆن باڵای زمانێك لەڕێگەی سیستەمی پەروەردە و خوێندن و ئاڵوگۆڕی فەرمییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی سەردەست و بن دەست.

زمان لە یاسادا زمانێکی توند، ورد، و فەرمییە، ئەم تایبەتمەندییە هێزێکی ناچارکەر دەدات بە یاسا ،و وای لێدەکات لە ئامۆژگارییەکی کۆمەڵایەتییەوە ببێتە فەرمانی جێبەجێکردن کە هێزی دەوڵەتی لە پشتە.

لەعێراق و کوردستان بەهۆی بوونی دانپێدانانی دەستوری بەزمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی و، بوونی یاسای زمانە فەرمییەکان تا ڕادەیەکی زۆر زمانی فەرمی کوردی خەریکە چوارچێوە دەگرێت و بەرەو پێشچوونی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لە ئێستادا ئەرکی ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان و ڕاگەیاندن و دەستەبژێری ڕۆشنبیرییە زیاتر کاربکەن بۆ پەرەپێدانی زیاتر و هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی.

# مێزگرد



# د. مەنسور تەیفوری: زمان لە ڕێگەی پرۆگرامی دەوڵەتی و ستانداردکردنی زۆرەملێوە گەشە ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی داهێنانی ئەدەبی و فکرییەوە زیندوو دەمێنێتەوە

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

لە جیهاندا زیاتر لە شەش هەزار زمان هەن، زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانە و بیست و یەک ملیۆن کەس قسەی پێ دەکەن. بەگوێرەی داتا و زانیارییە بەردەستەکان، زیاتر لە شەست زمان لە جیهاندا مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە. یەکێک لە هۆکارەکانی لەناوچوونی هەر زمانێک، پەیوەندیی بە ژێردەستەیی نەتەوەکەوە هەیە؛ کاتێک دەکەوینە ژێر کاریگەریی نەتەوە زاڵەکانەوە. بەم مەبەستەش میوانداریی دکتۆر مەنسووری تەیفووری دەکرێت، کە مامۆستای زانکۆیە و دکتۆرای لە فەلسەفەدا هەیە.

**+ دەمەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین: پەیوەندیی نێوان زمان و دەوڵەت، یاخود زمان و دەسەڵات لەژێرسایەی نەتەوە بندەستەکاندا چۆنە؟ بۆ نموونە ئەم پەیوەندییە چۆن لە کوردستاندا ڕێکخراوە؟**

- سوپاس بۆ میواندارییەکەتان. ئەگەر ڕێگەم بدەن بۆ باسەکە تۆزێک لە کلێشەکان دوور بکەوینەوە، تا بتوانین سەرەتایەکی لایەنیکەم فکری بۆ دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانم ڕوونتر و باشتر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە. داوا دەکەم ڕێگەم بدەن بگەڕێمەوە بۆ ئەفسانەیەکی کۆن؛ بۆ دەقێکی هەرە کۆن کە باسی زمانی تێدا بکرێت. بە ڕێکەوت ئەو دەقە "ئەنەیدە"ی ڤێرجیلە.

ئەنەید ناوی ئەو پاڵەوانەی ترۆایە کە هۆمیرۆس ڕووخانەکەی نووسیوەتەوە، بەڵام ڤێرجیل بەسەرهاتی ئەنەید دەنووسێتەوە. ئەنەید پاڵەوانێکە، ئەو بەجێماوانەی ترۆا و باوکی وەک میراتێکی قەڵا ڕووخاوەکە و شاری ترۆای کاولکراو لەلایەن

یۆنانییەکانەوە، دەخاتە سەر شانی خۆی. گەلەکەی و ئەو بەجێماوانەی دەرباز بوون لەگەڵ خۆی دەبات و لە دەستی لەشکرەکەی "ئاگامێمنۆن" ڕادەکەن. بەپێی گێڕانەوەکەی ڤێرجیل، حەوت ساڵ ڕادەکەن و شەڕ دەکەن، بەڵام ئاگامێمنۆن هەر بە دوایانەوەیە. لە کۆتاییدا دەگەنە "ڕۆم"ی ئێستا. لەوێ "زیۆس" و خواکانی تر ناوبژیگەری دەکەن و داوا لە ئاگامێمنۆن و لەشکری یۆنان دەکەن کە لێیان بگەڕێن بۆ خۆیان بژین. ئەوانیش دەڵێن باشە، بەڵام تەنیا یەک مەرجمان هەیە. مەرجەکە چییە؟

مەرجێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە کە بۆ یەکەمجارە باس دەکرێت و پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە. مەرجەکە ئەوەیە: ئێمە لێیان دەگەڕێین لە ڕۆم بژین، بەڵام ئەوان ئیتر بۆیان نییە بە زمانی یۆنانی (زمانی لۆگۆس) قسە بکەن. بۆ یەکەمجار ئەم مەرجە قبووڵ دەکرێت. وەک ڤێرجیل دەیگێڕێتەوە، ئەوان ئیتر بوون بەو کەسانەی لە یەک زارەوە قسەیان دەکرد و پێیان دەوترا "لاتین" (لاتین‌نووس). کەواتە یەکەم دەرکران لەم دیمەنەی ڤێرجیل نیشانی دەدات، "دەرکران لە زمان"ە. بەو مانایەی ئیتر زمانی یۆنانی وەک زمانی لۆگۆس و ئەقڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا؛ ئەمان لە یۆنان دەردەکرێن و دەبەخشرێن، بەو مەرجەی تەنیا بە لاتین قسە بکەن.

ئێمە نازانین هەموو مانا شاراوەکانی ئەو سەردەمە چی بووە، بەڵام ئەوەی تێی دەگەین، جۆرێکە لە تێگەیشتن لە زمان وەک "کەرەستەی سەرکوت" و "کەرەستەی دەرکردن". ئەمە ئەو دۆخەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نەتەوە بندەستەکان پێیدا تێپەڕ دەبن کاتێک زمانەکەیان لێ قەدەغە دەکرێت، یان زمانێکی فەرمی بەسەریاندا دەسەپێنرێت کە دەبێتە زمانی سوڵتان و ئەمان دەبێت تێیدا بژین. ئێمە وەکوو کورد و گەلێ نەتەوەی تری بندەستی دنیا، بە دۆخێکی وەهایا تێپەڕیوین؛ بەو مانایەی زمانی دەوڵەت و زمانی سوڵتان وەک زمانی ئەقڵ ئەژمار کراوە، و ئێمە لە ڕەسمییەت و لە زمانی ئەقڵ دەرکراوین. زمانەکەمان بووەتە زمانی "دەرکراوەکان"، زمانێک کە ئیتر توانای دەربڕینی ئەقڵی نییە.

ئەمە لە لایەکەوە ڕەنگدانەوەی تریشی هەیە لە سەردەمی خۆماندا. بۆ نموونە کاتێک زمان دەبێتە کەرەستەی سەرکوت؛ نموونەیەک هەیە کە ئیسماعیل بێشکچی دەیگێڕێتەوە، کە تا ئاستی نوکتەش چووە، بەڵام بەڕاستی ڕوویداوە:

بێشکچی دەڵێت: ڕۆژێک لە مزگەوتێک مەلایەکی تورک دەڵێت: "زمانی ئەو دنیا و زمانی لێپرسینەوە تورکییە". پیرەمێردێک لە مزگەوتەکەدا دەست دەکات بە گریان.

دەڵێن: "بۆ دەگریت؟ مەگەر تورکی نازانیت؟" دەڵێت: "نا، بۆ پێغەمبەر دەگریم؛ ئاخر پێغەمبەر عەرەبی دەزانێت و تورکی نازانێت!"

واتە پەیوەندیی زمان و سوڵتان لە سەردەمی ئێمەدا تا ئەو ئاستە ڕۆیشتووە. بەڵام کێشەکە ئاستێکی تریشی هەیە؛ کاتێک زمانێک دەکرێتە زمانی فەرمیی دەوڵەت، کێشەکە تەنیا بۆ زمانی بندەستەکان و کەمینەکان نییە. بۆ نموونە کاتێک زمانی تورکی دەکرێتە زمانی سوڵتان، ئەمە تەنیا غەدرێک نییە لە زمانەکانی بەرامبەر (وەک زمانی کوردی)، بەڵکوو غەدرێکە لە خودی ئەو زمانەشی کە دەکرێتە کەرەستەی دەسەڵات. زمانێک کاتێک دەبێتە کەرەستەی سوڵتان، وا دەکات بندەستان سڵ لەو زمانە بکەنەوە و وەک بەشێک لە سەرکوتی خۆیان ببینن.

بۆ نموونە، لە سەردەمی نازییەکان لە ئەڵمانیا، وەک "هانا ئارێنت" دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "زۆر هاوڕێم هەبوو پاش ئەوەی ئەڵمانیامان جێهێشت و ئاوارەی ئەمریکا بووین، ئەگەرچی لە ئەڵمانیا گەورە ببوون و زمانی دایکیان ئەڵمانی بوو، بەڵام زمانی ئەڵمانییان لەبیر کرد (یان خۆیان لەبیر بردەوە) و زمانێکی تریان هەڵبژارد." چونکە لەژێر دەسەڵاتی هیتلەردا، زمانی ئەڵمانی ببووە کۆمەڵێک کلێشە و زمانێکی دووبارەبووەوە؛ ببووە زمانی سیاسەت و کەرەستەی سەرکوت.

> **"زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە؛ کاتێک دەسەڵات دەستی بەسەردا دەگرێت، دەبێتە کەرەستەیەک بۆ دەرکردنی مرۆڤ لە بازنەی ئەقڵ و دابەشکردنی دنیا بۆ 'شارستانی' و 'وەحشی'"**

کەواتە سیاسەتی زمانی فەرمی، نەک هەر ستەم لە زمانی بندەست دەکات، بەڵکو دەبێتە جۆرێک لە ستەم لە زمانی سەردەستیش؛ چونکە ناوەڕۆکی زمانەکە بەتاڵ دەکاتەوە و دەیکاتە زمانێکی کلێشەیی.

**+ باست لەوە کرد کە چۆن زمان دەتوانێت "سوڵتە" بەدەستبهێنێت، یان چۆن دەتوانێت میکانیزمێک بۆ دەسەڵات دابین بکات. ئەی لە ئاستێکی تردا، زمان چۆن دەتوانێت ئاکتی بەرەنگاری و ڕزگاری بۆ نەتەوە ژێردەستەکان بنوێنێت و**

**ڕۆڵێکی سیمبولی هەبێت و شوناسێک دروست بکات؟ دەمەوێت بپەڕینەوە سەر ئەو قۆناغەی؛ ئایا نەتەوە ژێردەستەکان چۆن دەتوانن لە ڕێگەی زمانەوە (وەک هایدیگەر دەڵێت: "زمان ماڵی بوونە")، ئەم بوونە دروست بکەن؟**

- پرسیارەکە دەکەم بە دوو بەشەوە. با پرسیارەکەی هایدیگەر و باسەکەی ئەو بوەستێت، و لە بەشی یەکەمەوە دەست پێ بکەین؛ ئەوەی کە زمان لای نەتەوە بندەستەکان چ دەورێکی گێڕاوە؟

وەک وتمان، کاتێک ئایدیای "دەوڵەت-نەتەوە" دێت، دەیەوێت هەموو شتێک لە "یەک"دا کورت بکاتەوە؛ وەک چۆن لە تیۆلۆژیادا (ئایینناسیدا) ئایدیای "واحید"مان هەیە. ئایدیای دەوڵەت-نەتەوە، ئایدیایەکی "دێوانە"یە لە ئاستێکی ناتیۆلۆژیکدا، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕەگێکی لەو ڕوانگە تیۆلۆژییەدا هەیە. لە ئایدیای: "یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت، یەک کلتوور"؛ ئایدیای ئەم "یەک"انە بەردەوام دووپات دەبێتەوە.

ئێمە دەزانین لە بەرامبەر ئەمەدا، کەمینەکان کاتێک شکستیان هێناوە لە بیناکردنی قەوارە و سیستمی سیاسی خۆیاندا، یان نەیانتوانیوە مافەکانیان لە "دێوانی دەوڵەت"دا بە فەرمی بناسرێن، پەنایان بۆ زمان بردووە. ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، تەنانەت تا ئاستی ڕستەیەکی کڵێشەییش لە زمانی فەرەنسیدا هەیە کە دەڵێت: **"ئەوان تا کاتێک زمانەکەیان هەبێت، کلیلی زیندانەکەیان پێیە."**

بەڵام یەک ڕاستی هەیە: "خودی زمان هیچ نەتەوەیەکی ڕزگار نەکردووە." واتە زمان دیاردەیەک نییە کە بە تەنیا و لە دەرەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئیمکانی ڕزگاری بخولقێنێت. ڕاستە کەمینەکان و نەتەوە بندەستەکان (بە ئێمەی کوردیشەوە) لە ساتێک لە ساتەکاندا هەموو بەرخودان و بەرەنگارییەکمان گواستووەتەوە بۆ نێو زمان، بەڵام ئەمە ئایدیایەکی کێشەدارە.

کێشەدارە، چونکە دەسەڵات دەتوانێت ڕێگەت پێ بدات بە کوردی قسە بکەیت، بەڵام دواتر هەر ئەو زمانە بکاتە کێشە بۆت و وات لێ بکات دژی خۆت قسە بکەیت. جارێکیان لە شوێنێک وەرگێڕ بووم، کچێکی کورد هاتبوو لە فەرەنسا خۆی ڕادەست بکات (داوای پەنابەری بکات). لێیان پرسی: "تۆ کە لە تورکیا کارت هەبووە، بۆچی ئێستا داوای پەنابەری دەکەیت؟" وتی: "نا، من لە (دەرەتیشە - دیسکۆتێک) کارم دەکرد، وایان لێ دەکردم بە زمانی نەتەوەکەی خۆم، جنێو بە نەتەوەکەی خۆم بدەم."

کەواتە، دەکرێت زمانی کوردی ئازاد کرابێت، بەڵام ئایا شەڕەکەی ئێمە تەنها لەسەر "زمان"ـە یان لەسەر ئەوەیە کە تۆ بەو زمانە "چی" دەڵێیت؟ بۆ من، ڕزگاری گرێدراوە بەوەی من دەتوانم بە زمانی کوردی چی بڵێم. ئەمەیە زمان "سیاسی" دەکاتەوە؛ ڕزگاریی زمان، ڕزگاریی سیاسەت، ڕزگاری لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکە و ڕزگاریی خودی ئینسانە ڕاستەقینەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و لێکیان دانابڕێت.

**+ زمان دەتوانێت بیرکردنەوە دروست بکات، بۆ ئەوەی کارەکتەر و تاکێکی سەربەخۆش دروست ببێت، پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەرتێزێکی تر؛ بۆ دروستبوونی نەتەوە پێویستمان بە شوناس و زمانە. ئایا ئەمە کێشەدار نییە؟ بەوەی ئەگەر نەتەوەیەک زمانێکی سەربەخۆی خۆی نەبێت، ناتوانێت بپەڕێتەوە سەر ئەو ئاکتە سیاسییەی جەنابت باست کرد؟**

- با لە دەروونشیکارییەوە دەست پێ بکەین؛ دەروونشیکاری لایەنیکەم ئەوەندەی پەیوەندیی بە زمانەوە هەبێت، بۆ نموونە "ژاک لاکان"مان هەیە کە دەڵێت: "نەستی مرۆڤ ستراکچەرێکی وەک زمانی هەیە." بەڵام ئەم ستراکچەرە لە کۆتاییدا ئیشی دەروونشیکاریی ئەوەیە بە شێوەیەکی "سەبجێکتیڤ" بتوانێت دەستکاری بکات. بەو مانایەی بنیاتێکی لەپێشینە هەیە کە زمانە و ئێمە تێیدا لەدایک دەبین؛ نەستی ئێمەش بونیادێکی وەکوو زمانی هەیە، بەڵام بەڵێنی دەروونشیکاری ئەوەیە ئێمە بتوانین لەمەدا دەستکاری بکەین.

> **"هەبوونی زمانی دایک وەک ئەوە وایە کلیلی زیندانەکەت بە دەستەوە بێت، بەڵام تەنیا زمان نەتەوە ڕزگار ناکات؛ ڕزگاریی ڕاستەقینە لەوەدایە کە بتوانێت بەو زمانە 'چی' بڵێیت، نەک تەنیا 'پێی' بدوێیت."**

سەبارەت بە نەتەوە بندەستەکان، من نکۆڵی لەوە ناکەم کە زمان دەورێکی گرنگی لە ڕزگاریی نەتەوەییدا هەیە. نکۆڵی لەوەش ناکەم کە بندەستان بۆ پاراستنی شوناسیان ئیشیان بە زمانە و شوناسیان دانەبڕاوە لە زمان. بەڵام دەمەوێت بڵێم لێرەدا تووشی مەترسی دەبین لەم جۆرە فۆرمولەکردنەدا، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەموو ئەرکی سیاسەت و ڕزگاریی بندەستان ببەستینەوە بە زمانەوە.

لەو کاتەدا، دەسەڵات یان "دوژمن" دەتوانێت ئەوە بەکاربهێنێت و بڵێت: "تەواو، من مافی ئاخاوتن بەو زمانەت پێ دەدەم، بەڵام من دیاری دەکەم تۆ دەربارەی چی بدوێیت!" واتە کێشەکە تەنیا ئەوە نییە ئێمە بە کوردی قسە بکەین، کێشەکە ئەوەیە بەو زمانە "چی" دەڵێین. بۆ نموونە لە ئێران، لە ئاستێکدا زمانی کوردی ئازادە، بگرە لە زانکۆشدا دەخوێندرێت، بەڵام کاتێک فیگەرێکی وەک "زارا" (زەینەب جەلالیان یان زارا محەمەدی) دێت و ئەم زمانە "سیاسی" دەکاتەوە، ئەو کاتەیە کە کێشەدار دەبێت.

ئەو دەیەوێت بە زمانی کوردی باسی شتێکی تر بکات، باسی گرامێر ناکات. ئایدیای زمان، تەنیا گرامێر نییە، بەڵکوو ئایدیای دووانە دەربارەی دنیا، ڕەخنەکردنی دنیا، بەشداریکردن لە دنیا و گۆڕین و تەفسیرکردنی دنیاشە. کاتێک وا بوو، زمان دەبێتە ڕزگاریدەر؛ ئەگەر نا، ئەو ڕوانینەی تر وەک سوڵتە وایە کە زمان دەکاتە کلێشە. ئەگەر بندەستان زمان وەک "تاکە" کەرەستەی ڕزگاری ببینن، ئەوا دوژمنیش زمان دەکاتە کەرەستەی سیاسەت و کلێشە.

**+ دکتۆر، باسی "زارا"ت کرد. بۆ نموونە هەڵبژاردنی کارەکتەرێک لە پارچەیەکی کوردستان کە تێیدا زمان هێشتا ئازاد نییە، مانایەکی تایبەتی هەیە. بەڵام لە باشووری کوردستان، زمانی کوردی لای هەندێک کەس تووشی "گرێی خۆبەکەمزانین" بووە؛ بە جۆرێک قسەکردن بە زمانی بیانی وەک هەستی "باڵادەستی" دەبینرێت و قسەکردن یان بیرکردنەوە بە کوردی دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن. دەمەوێت لەسەر ئەمە قسە بکەیت.**

- زۆر ڕاستە. بەم مانایە بێت ئێمە هێشتا لە لای "ئاگامێمنۆن" و "ئەنەید"ین؛ تەنانەت لە باشووری کوردستانیش. بەو مانایەی زمانێک لە زمانەکان دەکرێتە سیمبولی "لۆژیک" و "شارستانییەت" (Civilization)، و ئەوانەی تری دەرەوەی ئەو بازنەیە، دەخرێنە دەرەوەی ئەقڵ و وەک "بەربەر" یان "وەحشی" ئەژمار دەکرێن. وەک چۆن یۆنانییەکان بەوانەی دەرەوەی خۆیان دەوت بەربەر، ئێستاش لە کوردستان لەنێو هەمان هاوکێشەداین.

ئەمە لە ئاستێکدا بەرهەمی گلۆبالیزەیشنە، بەڵام لە ئاستێکی ناوخۆییدا بەرهەمی ڕاستەوخۆی فۆرمە نوێیەکەی "سەرمایەداری"یە لە کوردستان. سەرمایەدارییەک لە کوردستان هەیە کە بێباکانە لەسەر هەموو شتێک وەبەرهێنان (Investment)

دەکات و هەموو شتێک بەکاردەهێنێت، بێ هیچ پرەنسیپێک، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

ئەمە خەریکە وای لێ دێت بە نوکتە بیڵێین: تەنانەت زمانی داهاتووی گەلی کورد لە باشوور، لەسەر دەستی سەرمایەداریی کوردی، خەریکە دەبێتە زمانی پلە دوو، یان پلە سێ؛ و ڕەنگە زمانی ئینگلیزی لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە زمانی پلە یەکی ئەم نەتەوەیە. ئەمە بەشێکی پرۆسەی جیهانییە، بەڵام بەشێکیشی بە شێوەیەکی دەستکرد لەلایەن سەرمایەداریی کوردییەوە بەکاردەهێنرێت. کێ پێی ناخۆشە پارەیەک پەیدا بکات کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە قوتابخانەیەک بکاتەوە؟ بەڵام ئەم قوتابخانانە لە بنەڕەتدا خەریکی بەرهەمهێنانەوەی هەژموون و هاوکێشەی "یۆنانی-لۆگۆس" لە بەرامبەر "بەربەرەکان"دان.

**"زمان لە ڕێگەی پرۆگرامی دەوڵەتی و ستانداردکردنی زۆرەملێوە گەشە ناکات، بەڵکوو لە ڕێگەی داهێنانی ئەدەبی و فکرییەوە زیندوو دەمێنێتەوە. هەرکاتێک زمانمان کردە کلێشەیەکی سیاسی، ڕۆحی داهێنانی لێ دەسێنینەوە."**

**+ دکتۆر، دەمەوێت کۆتا پرسیارم بکەم؛ لە باشووری کوردستان، ئەگەرچی زمانی فەرمی زمانی کوردییە، بەڵام بە جۆرێک هەست بە نەفیکردنەوە و ئەسیمیلاسیۆنی خودی زمانی کوردی دەکرێت. بۆ نموونە لەناو شارە جیاوازەکاندا، هەر شارە و فۆرمێک لە زمان و ئیدارەدانی زمان، و تەنانەت جۆرێک لە "ترێند"یشی هەیە. ئەو میکانیزمانە چین کە بتوانن زمانێکی ستاندارد دروست بکەن؟ یاخود ئایا بەستانداردکردنی زمان لە خزمەت زمانی کوردیدایە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، بگرە لە دەرەوەی شارەزایی منیشە. باسێکی زۆر قووڵ لەلایەن پسپۆڕانەوە، لەوانە پرۆفیسۆر "ئەمیر حەسەنپوور" دەربارەی ستانداردکردن و زمانی ستانداردی کوردی کراوە و وەڵام دراوەتەوە.

**+ مەبەستم دیوە فکرییەکەیەتی نەک وردەکاریی خودی ئایدیای ستانداردکردن.**

- ئەوەی من بتوانم بیڵێم ئەوەیە؛ بۆ نموونە ئێستا "شێرکۆ بێکەس" و "قانع" لە

هەورامانن، لە گوندەکەی ئێمەشن لە لای سەقز، و لە هەموو شوێنێکی کوردستانن. کەس بە پڕۆگرام و دارشتن و بەرنامەیەکی پێشوەختە شێرکۆ و قانعی نەبردووە بۆ ئەو شوێنانە تا خەڵک پێیان خۆش بێت و بیانخوێننەوە و گەشە بە فیکر و ڕوانین و خەیاڵی خۆیان بدەن، کەچی ئەوان لەوێن (واتە لەناو دڵی خەڵک و زمانەکەدان). بە پێچەوانەوە، هەوڵ دراوە کۆمەڵێک کەسی تر بە زۆر و لە ڕێگەی میدیاوە بکرێن بە شاعیر، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

دەمەوێت بڵێم، زمانی ستانداردی کوردی لە ڕێگەی گەشەپێدان بەم "داهێنانە" و بەهێزکردنی لایەنی داهێنەرانەی زمانەوە گەشە دەکات؛ لە بەرامبەر ئەو هێرش و هەوڵانەی دەیانەوێت خودی زمانی کوردی بکەن بە زمانی کڵێشە.

ستانداردکردنی زمان لە ئاستێکدا ئایدیای "زمانی کڵێشەیی" و بەکەرەستەکردنی زمان و کردنی بە ئامرازی "نەتەوەسازی" (Nation-building)ی تێدایە. کێشەی ئەو ئایدیایە ئەوەیە؛ تەنیا کاتێک خەڵک و زمان پێکەوە ڕزگار دەبن کە خەڵکەکە بە زمانەکەیان بەختەوەر بن. تۆ ناتوانیت نەتەوەیەک ڕزگار بکەیت تەنیا بە ڕزگارکردنی زمانەکەی؛ چونکە لەو کاتەدا مرۆڤەکە (کە خۆی ڕزگار نەبووە) بۆ شتێکی تر دەگەڕێت.

ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە خودی زمانی کوردی ببێتە سیمبوڵی جۆرێک لە ستەم، یان ببێتە زمانی ستەمکارانەی خۆمان، بێگومان ناتوانێت گەشە بکات. واتە ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە: هەموو شتێک بەستراوە بە ڕزگاریی ئنسان و جیهانەکەی و زمانەکەیەوە؛ ئنسان و زمانەکەی بە دوو پرۆسەی جیاوازدا ناتوانن ڕزگار ببن.

# د. موئمین زەڵمی: کاتێک شــــەرعیەت لە زمانێک دەسەندرێتەوە، لە ڕاستیدا شەرعیەت لە بوونی مرۆڤەکان و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان دەسەندرێتەوە



ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

ئەمەی خوارەوە دەقی وتووێژێکە لەگەڵ **د. موئمین زەڵمی**، پسپۆڕی سیاسەت و پلاندانانی زمان و سەرنوسەری گۆڤاری زمانەوانی. کارەکانی ئەو سوود لە تیۆرییەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و توێژینەوە مەیدانییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق وەردەگرن. ئەم وتووێژە تیشک دەخاتە سەر یەکتربڕینی زمان، دەسەڵات و ناسنامە، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەزموونی زمانی کوردی.

**+. تیۆریستەکانی وەک "بۆردیۆ"چۆن یارمەتیمان دەدەن لە تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان زمان و دەسەڵات؟ وە ئەم چوارچێوەیە چۆن بەسەردۆخی کورد لە عێراقدا جێبەجێ دەبێت؟**

-. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە من هەر باسێکی جیدی دەربارەی زمانی کوردی لێوە دەست پێ دەکەم. **پییربۆردیۆ**، لە کارە ناوازەکەیدا "زمان و دەسەڵاتی ڕەمزی"(١٩٩١)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت وەک ئامرازێکی بێلایەنی پەیوەندیکردن سەیری زمان بکرێت. بەڵکو زمان ئەوەیە کە ئەو ناوی ناوە "سەرمایەی ڕەمزی"— سەرچاوەیەک کە بەهایەکەی لەو بازاڕەدا دیاری دەکرێت کە تێیدا بەکاردێت. ئەو چەمکی "هابیتوسی زمانەوانی"(خووە زمانەوانییەکان)ی ناساند، کە ئەو مەیلانەمان تێدا دەچەسپێنێت کە شێوازی بەکارهێنانی زمانمان دیاری دەکەن، هەروەها چەمکی "بازاڕی زمانەوانی"کە ئەو بوارە کۆمەڵایەتییە تێیدا زمان یان زاراوە دیاریکراوەکان شەرعیەت وەردەگرن و ئەوانی دیکە بەهایان لێ دەسەنرێتەوە.

ئەم چوارچێوەیە کاتێک بەسەر دۆخی کوردی عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، ڕاستی گەلێکمان بۆ دەردەخات. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێندا، عەرەبی تەنیا زمانی دەسەڵاتی ڕەمزی بوو — زمانی دەوڵەت، سوپا، دادگاکان و خوێندنی باڵا بوو. زمانی کوردی، سەرەڕای ئەوەی ملیۆنان کەس قسەی پێ دەکرد، بە سیستماتیک بەهای بازاڕی لێ سەندرابووەوە. قسەکردن بە کوردی لە شوێنە فەرمییەکاندا تەنیا نارەحەتی نەبوو؛ بەڵکو ڕاگەیاندنی ئەوە بوو کە تۆ لە دەرەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی شەرعیدایت. بۆردیۆ بەمە دەڵێت "توندوتیژی ڕەمزی"— ژێردەستەکردنی نادیار و زۆرجار ناوەکیی گروپەکان لە ڕێگەی لێسەندنەوەی شەرعیەت لە سەرچاوە زمانەوانییەکانیان. ئاخێوەرانی کورد وایان لێ کرابوو هەست بکەن کە زمانەکەیان بەهای کەمترە، و لەبەر ئەوە خۆشیان بەهایان کەمترە. ئەمە ئەو ژیرییە وێرانکەرەی هەژموونی زمانەوانییە: هەمیشە پێویستی بە پۆلیس نییە، بەڵکو لە ڕێگەی شەرمەزارکردن و قبوڵکردنی ناچاریی ناوەکییەوە کار دەکات.

**+. ئاماژەت بە ڕژێمی بەعس کرد. دەتوانیت وێنەیەکی کۆنکرێتیترمان بدەیتێ کە چۆن سیاسەتی زمان وەک ئامرازێکی سەرکوتکردنی سیاسی دژی کورد بەکارهێنرا؟**

-. سەردەمی بەعس یەکێکە لەو دۆسیە هەرە بەڵگەدارکراوانەی کە زانایان پێی دەڵێن "زمانکوژی"(Linguicide) — لەناوبردنی ئەنقەستی زمانێک وەک بەشێک لە سەرکوتکردنی نەتەوەیی فراوانتر. جگە لە جینۆسایدی جەستەیی لە کۆتایی هەشتاکاندا، حزبی بەعس هەوڵیدا ناسنامەی کوردی بچوک بکاتەوە لە ڕێگەی ئەوەی بە ئاشکرا ناویان نابوو "تەعریب"(عەرەباندن). ئەمەش سەپاندنی زمانی عەرەبی وەک تەنیا زمانی خوێندن لە قوتابخانەکان، گۆڕینی ناوی شار و گوند و شەقامە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی، و بە تاوانناساندنی بەرهەمە کولتوورییە کوردییەکانی دەگرتەوە.

ئەو بەڵگانەی لە سلێمانییەوە کۆکراونەتەوە، باس لەوە دەکەن کە خوێندکاران کراونەتە ئامانج تەنانەت بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنیان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی. ئەمە توندوتیژییەکی مێتافۆری نییە؛ ئەمە سیاسەتی زمانە کە وەک تیرۆری دەوڵەت بەکارهێنراوە. لێرەدا، زمانەوان "هاینز کلۆس"زاراوەیەکی سوودبەخشمان دەداتێ. ئەو جیاکاری دەکرد لە نێوان "مافە زمانەوانییە لێبوردەیی-تەوەرەکان"(مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە ماڵ و ژیانی تایبەتدا) و "مافە گەشەپێدان-تەوەرەکان"(مافی خوێندن و وەرگرتنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان بە

زمانی دایک). ڕژێمی بەعس هەردوو هاوپۆلەکەی لە یەک کاتدا پێشێل کرد. زمانی کوردی نە لێبوردەیی بەرامبەر دەکرا و نە گەشەی پێ دەدرا؛ بەڵکو بە ئاشکرا ڕاوڕووتدەکرا.

ئەوەی گرنگە لێی تێبگەین ئەوەیە کە زمانکوژی و نکۆڵیکردن لە کورد تەنیا داهێنراوی سەددام حوسێن نەبوو. ئەمە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە پەیڕەو دەکرا، هەر لە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانییەوە، کاتێک بەکارهێنانی کوردی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی نیشتمانی دەبینرا. بەعس تەنیا ئەو پرۆسەیەی بە پیشەسازی کرد کە چەندین دەیەی پێشتر بوونی هەبوو.

> **"زمان تەنیا ئامرازێکی بێلایەنی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو سەرمایەیەکی ڕەمزییە؛ کاتێک شەرعیەت لە زمانێک دەسەندرێتەوە، لە ڕاستیدا شەرعیەت لە بوونی مرۆڤەکان و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان دەسەندرێتەوە."**

**+. دوای ٢٠٠٣ و ڕووخانی سەددام، پێگەی فەرمی بە زمانی کوردی درا لە دەستووری نوێی عێراقدا. ئایا ئەمە گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەیە لە هاوسەنگی دەسەڵاتی زماندا، یان تەنیا لایەنێکی ڕەمزییە؟**

-. هەردووکیانە، و ئەو گرژییەی لە نێوان ئەو دوو ڕاستییەدا هەیە، دۆخی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئێستا دیاری دەکات. ماددەی ٤ی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، بە ڕاستی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقدا لە پاڵ عەرەبیدا ناساند. ئەمە ساتێکی مێژوویی بوو — بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی نوێی عێراقدا، کوردی دانپێدانانی فەرمی دەستووری لەسەر ئاستی نیشتمانی وەرگرت. ئەگەر لە گۆشەنیگای چوارچێوەی سیاسەتی زمانی "بێرنارد سپۆلسکی"(٢٠٠٤) سەیری بکەین، کە جیاکاری دەکات لە نێوان (ئایدۆلۆژیای زمان، پراکتیکی زمان و بەڕێوەبردنی زمان)، دەتوانین بڵێین ئاستی بەڕێوەبردن — واتە سیاسەتی فەرمی — بە شێوەیەکی کاریگەر گۆڕا. بەڵام ئاستی ئایدۆلۆژیا و پراکتیک؟ زۆر ئاڵۆزترە.

سەیری ئەمە بکەن: لەم دواییانەدا لە حوزەیرانی ٢٠٢٠، سەرۆک وەزیرانی عێراق زمانی کوردی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت لادا، ئەمەش جووڵەیەک بوو کە دەریخست گەرەنتییە دەستوورییەکان چەندە لەرزۆکن کاتێک ئیرادەی سیاسی بوونی نەبێت. عەرەبی هێشتا خاوەن شکۆیەکی زۆرە لە خوێندنی باڵادا، و زۆرجار سێبەر دەخاتە سەر کوردی تەنانەت لە ناو خودی هەرێمی کوردستانیشدا. بازاڕی زمانەوانی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بۆردیۆ، لە بنەڕەتەوە سەرلەنوێ دانەنراوەتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی دەقێکی دەستووری دووبارە نووسراوەتەوە. شکۆ، دامەزراندن و هەلی پێشکەوتن لە دامەزراوە نیشتمانییەکانی عێراقدا هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر بە عەرەبیدا تێپەڕ دەبن.

هەروەها ئاڵەنگاری "بەستاندەرکردن"(ستانداردایزەیشن) هەیە. زمانی کوردی لە عێراقدا بە پلەی یەکەم بە دیالێکتی کوردی ناوەڕاست و بە ڕێنووسی عەرەبی دەنووسرێت، لە کاتێکدا ئاخێوەرانی کرمانجی لە دهۆک ڕێنووسی لاتینی بەکاردەهێنن. هەروەها بینیمان لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەورامییەکان – کە ڕێنوسی تایبەت بە خۆیان هەیە- پرۆژەیەکیان جوڵاند بۆ خوێندنی هەورامی لە بازنەی یەکەمی خوێندن لەو قوتابخانانەی پارێزگای هەڵەبجە کە خوێندکارەکان هەورامانین، بەڵام لە نەبوونی سیاسەتی زمانیی سیستماتیک لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش ئەو مافەیان پێ نەدراوە.

ئەم پارچەپارچەبوونی ڕێنووس و مافە زمانییە بەو مانایەیە کە یەک "کوردی"یەکگرتوو نییە کە دەوڵەت بتوانێت بەڕێوەی ببات —— ئاڵەنگارییەکە کە "پلاندانانی گەنجینەیی زمان"(Corpus planning)، واتە کارە تەکنیکییەکانی ستانداردکردنی ڕێزمان، وشەسازی و ڕێنووس، بەقەد "پلاندانانی پێگەی زمان"(Status planning) بەپەلە و گرنگ دەکات. تۆ ناتوانیت بە شێوەیەکی کاریگەر گەشە بە زمانێک بدەیت کە هێشتا کێشەی تەلارسازییە ناوەکییەکانی خۆی چارەسەر نەکردبێت.

**+. باست لە پلاندانانی گەنجینەی زمانیی و ستانداردکردن کرد. چۆن ئەم هەمەجۆرییە زمانەوانییە ناوەکییە کاریگەری لەسەر پرۆژە سیاسییەکەی ناسنامەی کورد و مافە زمانەوانییەکان دەبێت؟**

-. ئەمە یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین و کەمتر ئاوڕلێدراوەکانی دۆسیەی کورد. تیۆریستەکانی پلاندانانی زمان وەک "ئاینار هاوگن"—— کە مۆدێلە کلاسیکییەکەی ستانداردکردنی پێداین کە پێکهاتووە لە (هەڵبژاردن، کۆدکردن، فراوانکردن و

جێبەجێکردن) — یەکسەر هەست بەوە دەکەن کە زمانی کوردی لە یەک کاتدا لە نێوان قۆناخی یەکەم و دووەمدا گیری خواردووە. لە عێراقدا، کوردی ناوەڕاست پلەیەک لە ستانداردبوونی "دی فاکتۆ"ی وەرگرتووە لە ڕێگەی چەندین دەیەی کاریگەری میدیا، ڕۆژنامەگەری و بەرهەمی ئەدەبییەوە. هەندێک زمانەوانی کورد دەڵێن کوردی ناوەڕاست-سۆرانی بە کردەیی خۆی ستاندارد کردووە. بەڵام ئەمە لە یاسادا دانی پێدا نەنراوە، و خاڵی یەکلاکەرەوە ئەوەیە، ئاخێوەرانی کرمانجی لە ناوچەکانی بادینانی هەرێمی کوردستان زۆرجار هەست دەکەن باڵادەستی کوردی ناوەڕاست، لەسەر ئاستێکی بچوکتر، هەمان ئەو پەراوێزخستنە دووبارە دەکاتەوە کە ئەوان لە ژێر سایەی عەرەبیدا ئەزموونیان کردووە.

**"ئەوەی لە سەردەمی بەعسدا دەرهەق بە زمانی کوردی کرا، تەنیا قەدەغەکردن نەبوو، بەڵکو زمانکوژی (Linguicide) بوو؛ هەوڵێکی ئەنقەست بوو بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک لە ڕێگەی تێکشکاندنی کۆڵەکەی زمانەکەیەوە."**

کەواتە ئێمە لەبەردەم دۆخێکی "پلەبەندییە زمانەوانییە تێهەڵکێشراوەکان"داین. لە ناو عێراقدا، کوردی لە بوارە نیشتمانییەکاندا پاشکۆی عەرەبییە. بەڵام لە ناو هەرێمی کوردستاندا، کوردی ناوەڕاست، لە سەرووی کرمانجییەوە جێگیر کراوە، و ئاخێوەرانی کرمانجی لە هەندێک حاڵەتدا بە چالاکانە دژی ئەمە وەستاونەتەوە — دیارترینیان لە ساڵی ٢٠٠٦ بوو، کاتێک دهۆک بە شێوەیەکی فەرمی کرمانجی وەک فەرمی خۆی بەکارهێنا وەک جۆرێک لە پێگەی دژە-زمانەوانی.

ئەو دروشمە باوەی لە نێوان ڕوناکبیرانی کورددا هەیە کە دەڵێت "یەکخستنی زمانی کوردی"، گوزارشت لە ئاواتێک دەکات، بەڵام هاوکات ئاماژەیە بۆ ئاستەنگە سیاسییە گەورەکەش. یەکخستنی زمان هەرگیز تەنیا کارێکی تەکنیکی نییە. بەڵکو هەمیشە ئەم پرسیارانەیە: دیالێکتی کێ دەبێتە ستاندارد؟ بەرهەمی کولتووری کێ شەرعیەت وەردەگرێت؟ و کێ سەرمایەی ڕەمزی لە بازاڕە زمانەوانییە نوێیەکەدا بەدەست دەهێنێت یان دەیدۆڕێنێت؟ ئەمانە پرسیاری قووڵی سیاسین کە پۆشاکی ڕێزمانییان پۆشیوە.

**+. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم ئاستەنگانە —— زمانکوژی مێژوویی، کێشەی ستانداردکردن، پارێزگارییە لەرزۆکە دەستوورییەکان —— سیاسەتێکی دادپەروەرانەی پلاندانانی زمان بۆ کوردی چۆنە، و عێراق چەندە دوورە لە بەدەستهێنانی؟**

-. سیاسەتێکی زمانی دادپەروەرانە دەبێت لە یەک کاتدا لەسەر چەندین ئاست کار بکات، لێرەدا من کارەکانی "لیان هینتن"و "کێن هەیڵ"لەسەر بوژاندنەوەی زمان بە پاڵپشت دەبینم لە پاڵ چوارچێوەکەی سپۆلسکی. لە ئاستی "پلاندانانی پێگە"دا، دەبێت دانپێدانانی دەستووری بە جێبەجێکردنی بەردەوام چاودێری بکرێت —— دەبێت کوردی لە دادگا نیشتمانییەکان، لە پەیوەندییە سەربازییەکان و لە ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵیدا دەربکەوێت، نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان. ئەو نەریتەی کە هەر کاتێک لە ڕووی سیاسییەوە گونجاو نەبوو کوردی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان لادەبرێت، دەبێت لە ڕێگەی میکانیزمی چەسپاندنەوە کۆتایی پێ بهێنرێت، نەک تەنیا بە نیازپاکی.

لە ئاستی "پلاندانانی گەنجینەیی زمان"دا، کارێکی بەپەلە هەیە کە پێویستە بکرێت لە ستانداردکردنی ڕێنووس، فراوانکردنی وشەسازی تەکنیکی و پەرەپێدانی سەرچاوە دیجیتاڵییەکان بە زمانی کوردی- زمانەوانیی کۆمپیوتەریی- زمانەکان لە جیهانی مۆدێرندا تەنیا لە پەرلەمانەکاندا کێبڕکێ ناکەن، بەڵکو لە بزوێنەرەکانی گەڕان، ڕووکاری سۆفتوێرەکان و ئەلگۆریتمەکانی سۆشیاڵ میدیادا کێبڕکێ دەکەن. زمانێک کە ژێرخانی دیجیتاڵی کەم بێت، بە کردەیی پاشکۆ دەبێت، بێ گوێدانە ئەوەی دەستوور چ دەڵێت.

لە ئاستی "پلاندانانی فێربوون و وەرگرتن"دا (Acquisition planning) ——پەروەردە —— دەبێت خوێندن بە زمانی کوردی فراوان بکرێت و بپارێزرێت. توێژینەوەکان بەردەوام ئەوە نیشان دەدەن ئەو منداڵانەی بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن، ئەنجامی مەعریفی و ئەکادیمی باشتریان دەبێت. دۆخی ئێستا، کە تێیدا عەرەبی هێشتا باڵادەستە لە هەندێ بەش و کۆلێجی خوێندنی باڵادا و زۆرجار سێبەر دەخاتە سەر کوردی تەنانەت لە زانکۆکانی ناو هەرێمیشدا، نوێنەرایەتی شکستێکی بونیادی دەکات کە هەمان ئەو نایەکسانییانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە دەبوو سیاسەتی زمان هەڵیبوەشێنێتەوە.


و لەودیو ئەم ئاستە تەکنیکییانەوە، پرسیاری ئەوە هەیە کە بۆردیۆ پێی دەڵێت "شەرعیەت". زمانێک تەنیا کاتێک بەهێزە کە ئاخێوەرانی بڕوایان بە هێزەکەی هەبێت — کاتێک خوێندکارێکی کوردزمان بڕوای وابێت کە سەرکەوتنی لە زمانی کوردیدا دەرگاکانی بۆ دەکاتەوە، نەک دایان بخات. بنیاتنانی ئەو متمانەیە پێویستی تەنیا بە سیاسەت نییە، بەڵکو پێویستی بە وەبەرهێنانی بەردەوامی کۆمەڵایەتی هەیە: ئەدەبێکی کوردی گەشەسەندوو، پیشەسازییەکی سینەمایی کوردی بەهێز، زانستەکان بە زمانی کوردی، و یاسا بە زمانی کوردی.

> **"ناوزەدکردنی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە دەستووردا هەنگاوێکی مێژووییە، بەڵام تا ئەو کاتەی لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت و بازاڕی کاردا پراکتیزە نەکرێت، گەڕانتییە دەستوورییەکان تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەزن."**

عێراق هێشتا زۆر دوورە لەم دیدگایەوە. بەڵام دۆخی کوردیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان، یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرسوڕهێنەرەکانی بەرگری زمانەوانی لە جیهانی مۆدێرندا. زمانێک کە قەدەغەکرابوو، ڕاو دەندرا و بۆ چەندین دەیە ڕووبەڕووی زمانکوژی سیستماتیک بووەوە، ئەمڕۆ زمانی فەرمی ناوچەیەکە کە نزیەکی حەوت ملیۆن کەسی تێدایە، خاوەنی کەناڵە ئاسمانییەکانی خۆیەتی، زانکۆ و کۆبوونەوە پەرلەمانییەکانی خۆی هەیە. ئەمە شتێکی بچوک نییە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی ئەو مانەوەیە بگۆڕدرێت بۆ گەشەسەندنێکی ڕاستەقینەی زمانەوانی؟

# ڕۆلان بارت؛ دەسەڵات و زمان

و: هاوار محەمەد



خۆشباوەڕیی مۆدێرن، بەجۆرێك لەبارەی دەسەڵاتەوە دەدوێت وەك بڵێی تاکلایەنەیە: لەوێدا کەسانێك هەن دەسەڵاتیان بە دەستە و لەولاوەیش ئەوانەیتر هەن کە دەسەڵاتییان نییە. هەمیشە باوەڕمان وا بووە دەسەڵات بابەتێکی سیاسیی پەتییە، ئینجا پێمانوابوو بابەتێکی ئایدیۆلۆژییشە، بە هێواشی و نادیاری دزە دەکاتە نێو دامەزراوەکان و وانەوتنەوەوە، کە ئێمە سەرەتا ئاگامان لێ نییە، بەڵام هێشتایش باوەڕمان وابوو دەسەڵات تاك و تاقانەیە. ئەی چی دەبێت ئەگەر وەکو شەیتانەکان چەندین دانەی بێت واتە فرە بێت؟ دەتوانێت لەبەرخۆیەوە بڵێت: "ناوی زۆروزەبەندم هەیە". لە هەموو شوێنێکدام، لە هەموو لایەنەکانەوە، لەلایەنی سەرکۆکەکان و دەزگا گەورە و بچووکەکانەوە، لەنێو کۆمەڵە و گروپە چەوسێنەر و چەوسێنراوەکانیشدا: لە هەموو شوێنێکدا دەنگی "ڕەوا" بوونیان هەیە

کە ماف بەخۆی دەدات گوتاری هەموو دەسەڵاتێك بدات بە گوێدا، مەبەستم گوتاری خۆبەلزانی و لافلێدانە. ئەوەتا ئێمە دەبینین دەسەڵات لە زۆرینەی ئەو میکانیزمانەدا بوونی هەیە کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بە لاوازی بەڕێوە دەبەن، لە دەوڵەتدا، لە چینەکان و گروپەکاندا بوونی هەیە، بەڵام لە فۆرمەکانی مۆدە و لە بۆچوونە باوەکانیشدا، لە فێستڤاڵ و گەمەکان و یانە وەرزشییەکان و هەواڵەکان و پەیوەندییە خێزانی و تایبەتییەکاندا و بگرە لەو ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییانەیشدا کە هەوڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتێکی تایبەت دەدەن:

گوتاری دەسەڵات بە هەموو ئەو گوتارانە دەڵێم کە هەڵە لای هەموو وەرگرەکانی دروست دەکات، ئینجا هەستکردن بە گوناهە بەرهەم دێنێت. هەندێ کەس و لایەن چاوەڕێی ئەوە لە ئێمەی ڕۆشنبیران دەکەن کە لە هەموو بۆنەیەکدا دژی دەسەڵات بین بە شێوازی تاك، دژی جۆرێکی تایبەت و دیاریکراوی دەسەڵات بین، لە کاتێکدا جەنگەکەی ئێمە لە دەرەوەی ئەم پانتاییەوە دەگوزەرێت؛ ئەم جەنگی ئێمە دژی دەسەڵاتە بە سەرجەم فۆرمە جیاوازییەکانییەوە. ئەمەیش جەنگێکی ئاسان نییە: ئەوەیش لەبەرئەوەی ئەگەر دەسەڵات لە فەزای کۆمەڵایەتیدا فرەیە و هەمەجۆرە، ئەوا لە بەرامبەردا لە زەمانی مێژوویيشدا هەر فرە و هەمەجۆرە. لێرەدا دووری دەخەینەوە و پاڵی پێوە دەنێین، کەچی دەستبەجێ لەوێدا دەردەکەوێتەوە، بۆیە هەرگیز لەنێو ناچێت. شۆرش بکە بە ئامانجی لەنێوبردنی دەسەڵات، کەچی دەبینیت بە زوویی لە حاڵەتێکی نوێدا زیندوو دەبێتەوە و گەشە دەکاتەوە، مانای ئەم ئەستەمییەی لەنێوبردنی دەسەڵات و مانای ئەم دەرکەوتنەی لە هەموو شوێنێکدا ئەوەیە کە دەسەڵات میکرۆبێکە نوساوە بە دەزگایەکەوە کە کۆمەڵگە تێدەپەڕێنێت، واتە نەك تەنیا بە مێژووی سیاسییەوە نوساوە، بەڵکو تێکەڵ بە مێژووی سەرجەمی مێژووی مرۆڤایەتییەوە بووە. هەر لە ئەزەلەوە ئەم شتەی دەسەڵاتی تێدا نیگار دەبێت و گەشە دەکات "زمان"ە، یان بە وردتر بڵێین: سیستەمی زمانییە.

زمان دەسەڵاتی یاسادانانە و سیستەمی زمانییش یاساکەیەتی، ئێمە سەرنج لەو دەسەڵاتە نادەین کە سیستەمی زمانی لەخۆیی گرتووە، چونکە ئەوە لەبیر دەکەین کە هەموو سیستەمێکی زمان پۆلێنکردنە، هەموو پۆلێنکردنێکیش جۆرێك لە ڕیزبەندیی سەرکوتکارانەی تێدایە: ordo لە یەك کاتدا واتای دابەشکردن و ناچارکردنە. ئەمە ئەو شتەیە کە یاکۆپسن ڕوونی کردۆتەوە. هەر دیالێکتێك بەوە دیاریی ناکرێت کە سەرپشکە لە وتنی، بەڵکو بە زۆری بەوە دیاریی دەکرێت کە ناچارە بە وتنی.

لە زمانی فەرەنسیدا (من لێرەدا هەندێك نموونە دێنمەوە کە نەختێ زبریان تێیدایە)،

من ناچارم بەوەی خۆم وەك بكەر دابنێم بەر لەوەی گوزارشت لە كردارەكە بكەم كە هیچ نییە جگە لە سیفەتێك خراوەتە سەرم؛ ئەوەیشی ئەنجامی دەدەم هیچ نییە جگە لە بەرەنجامی دۆخی من؛ بە هەمان شێوە، من هەمیشە ناچارم لەنێوان شێوازی نێرینە و مێینەدا شێوازێكیان هەڵبژێرم، بۆیە هەرگیز ناتوانم هەردووكیان پێكەوە وەلا بنێم، یان هەردووكیان پێكەوە كۆبكەمەوە؛ كەوایە پێویستە پەیوەندیی خۆم بە ئەویترەوە دیاریی بكەم: جا ئەمە یان بە بەكارهێنانی ڕاناوی بەربێژ بە شێوازی تاك "تۆ" یان بە شێوازی كۆ "ئێوە"، ئیدی ناتوانم بوارێك بۆ دەستپێشخەریی عاتیفە و كۆمەڵگە بهێڵمەوە.

بەمجۆرە، زمان، بە سروشتی بونیادی خۆی، پەیوەندیی ناملۆكردنی ناچاركەرانە لە خۆ دەگرێت. گوتن و وتاری زمانەوانی زۆربەی جار پێراگەیاندن (تەبلیغ) نین، بەڵكو ملپێكەچكردنن: زمان ئاڕاستەكردن و ملپێكەچكردنی گشتییە.

گوزارەیەكی (ئێرنست ڕێنان Ernest Renan) دەهێنمەوە كە لە یەكێك لە وانەوتارەكانیدا باسی كردووە: "بەڕێزان و خانمان، زمانی فەرەنسی هەرگیز ناكرێت ببێتە زمانی مەحاڵ و پووچی، هەروەها هەرگیز نابێتە زمانێكی كۆنەپەرست. ناتوانم هەڵوێستێكی كۆنەپەرستانە وێنابكەم كە زمانی فەرەنسی بەكاربهێنێت.."...

با بڵێین ڕێنان، بە شێوازی تایبەتی خۆی، تیژبینە. دەركی بەوە كردووە زمان لەوەدا قەتیس نابێت كە ڕایدەگەیەنێت، بەڵكو دەشێت لەمە تێپەڕ ببێت و بە شێوازی خۆی و بەدیالێكتێكی تۆكمە ئەوە بدات بە گوێدا كە نەیوتووە، ئەمە سەرەڕای ئەو دەنگە هۆشیارە ئەقڵێندراوەی سوبێكتی قسەكەر، دەنگی باڵادەست و سەرسەخت و تووڕەی بونیاد، واتە دەنگی جۆری مرۆیی وەك قسەكەر. هەڵەكەی ڕینان مێژوویی بوو نەك بونیادی. ئەو پێیوابوو؛ زمانی فەرەنسی كە بە بڕوای ئەو ئەقڵ دایهێناوە، ناچارە گوزارشت لە ئەقڵێكی سیاسی بكات، كە لە ڕوانگەی ئەودا هیچ نەبوو جگە لە ئەقڵی دیموكراسیخواز. بەڵام وا پێدەچێت سیستەمی زمانی، بەو پێیەی دەستكەوتی هەر زمانێكە، نە كۆنەپەرستانەیە و نە پێشكەوتنخواز، بەڵكو هەر زۆر بە سادەیی فاشیستییە: لەبەرئەوەی فاشیزم سڕینەوە نییە بە قسە، بەڵكو ناچاركردنە بە وتنی قسە.

زمان، هەر كە قسەی پێدەكەین، تەنانەت ئەگەر پرتەپرتێكیش بێت، ئەوا ڕێك دەچێتە خزمەتی دەسەڵاتەوە. كەواتە دەبێت تێیدا دوو خانە بكێشین: لەلایەك قەڵەمڕەویی قسەی یەكلاكەرەوە، لەلایەكی دیكەوە شوێنكەوتەیی دووبارەكردنەوە و جووینەوە:

**لەلایەکەوە زمان یەکلاکردنەوە و بڕیاردانە:** نەفیکردن و گومان و پۆتێنشیەڵ و هەڵپەساردنی حوکم هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێك حاڵەت کە پێویستییان بە فاکتەری تایبەت هەیە و دەستبەجێ خۆیان دەچنە نێو پرۆسەکانی ڕووپۆشکردنی زمانەوانییەوە: ئەوەی زمانناسان پێیدەڵێن قەڵەمڕەویی هیچ نییە جگە لە تەواوکەری زمان، ئەوەیە کە بەهۆیەوە هەوڵ دەدەم، بە تکاکارییەوە، لە دەسەڵاتە بڕیاردەرە سەرکوتکارییەکەی کەم بکەمەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە ئاماژە و نیشانەکان، کە زمانیان لێ پێکدێت، تەنیا بەو ئەندازەیە هەن کە دانیان پێدا بنرێت، واتە بە ئەندازەی ئەوەی دووبارە دەکرێنەوە و دەووترێنەوە. ئاماژە شوێنکەوتە و لاساییکەرەوەیە، لە هەموو ئاماژەکاندا نموونەیەکی چەقبەستوو دادەگیرسێت،: ناتوانم قسە بکەم بە بێئەوەی پەتی قسەکانم بەرەو ئەو شتە نەمبەن کە پەیوەستە بە سیستەمی زمانییەوە. هەر کە گوێم لە گوزارەیەك دەبێت ئەم دوو خانەیەی کە باسمان کرد بەیەکتر دەگەن، ئیدی لە یەك کاتدا هەم باڵادەستم و هەم ژێر دەست: چونکە تەنیا بەوەندەوە ناوەستم ئەوە بڵێمەوە و دووبارە بکەمەوە کە وتراوە و ئیدی بە ئاسوودەیی وەك کۆیلەی ئاماژەکان پاڵی لێ بدەمەوە، بەڵکو ئەوەی کە وتوومەتەوە تۆخ دەکەمەوە و دەیسەلمێنم یان پووچی دەکەمەوە.

کەواتە لە زماندا ملکەچی و دەسەڵات تێکەڵی یەکتری دەبن و بە حەتمی ئاوێزانن. خۆ ئەگەر ئازادی تەنیا توانای دەرچوون و خزان نەبێت لە سەرکوتی دەسەڵات، بەڵکو بە تایبەتی، ملکەچنەبوونی هەر کەسێك بێت، کەواتە هیچ ئازادییەك بوونی نییە گەر لە دەرەوەی زمان نەبێت. شوێنی ئازادی تەنیا دەرەوەی زمانە. بەڵام بەداخەوە وا پێدەچێت زمانی مرۆیی، دەرەوەی بۆ نەبێت: زمان داخرانە، تەنیا دەتوانین لە ڕێگەی مەحاڵەوە خۆمانی لێ بەدوور بگرین: یان بەهۆی یەکێتی سۆفیگەرییەوە، وەك ئەوەی کیرکەگارد وەسفی کردووە؛ کاتێك کردەکەی ئیبراهیم وەك کردەیەکی بێ وێنە و بێ هاوشێوە لێکدەداتەوە، کردەیەکی خاڵی لە هەر قسەیەك، تەنانەت لە هەر قسەیەکی ناوەکی و خۆبێژییش، کە دژ بە تۆتالیتاریزمی زمان و شوێنکەوتەیی و ملکەچی بۆ زمان دادەمەزرێت: یان دەشێت لەڕێگەی کردەی دەستەپاکیی (فریدریك نیتچە) وە خۆمان لە زمان بە دوور بگرین، چونکە لە ئاڵۆزانێکی دڵخۆشکەر دەچێت کە دژ بە دوورخستنەوەی زمان ئاڕاستە کراوە، ئەوەی کە (ژیل دۆلۆز ) پێیدەڵێت "پۆشاکە کۆنەپەرستەکەی".

بەڵام ئێمە کە وەکو ئیبراهیم سوارچاکیی ئیمان نین، ئەو مرۆڤە باڵایەش نین کە (نیتچە) لەبارەیەوە دواوە، هیچمان بۆ نامێنێتەوە جگە لە گەمەکردن لەگەڵ زمان

و خیانەتلێکردنی نەبێت. ئەم خیانەتە گونجاوە، ئەم پێچلێدان و هەڵهاتنە، ئەم فێڵە سەیروسەمەرە کە ڕێمانپێدەدات لە دەرەوەی دەسەڵات و قەڵەمڕەویی زمانەوە دەرکی زمان بکەین، لە مەزنێتی شۆڕشی هەمیشەییە زماندا، ئەمەیش ئەو شتەیە کە پێیدەڵێم "ئەدەب".

مەبەستم لە ئەدەب نە سەرجەمی بەرهەمەکانە و نە کەرتی ئاڵوگۆڕ و فێرکردن، بەڵکو مەبەستم لەو تیغکردنەیە کە کاریگەری مومارەسەی نوسین دروستیدەکات. لە بنەڕەتدا مەبەستم لە دەقە، واتە تەونی ئەو ئاماژە و نیشانانەی کە کارێکی ئەدەبی پێکدەهێنن، چونکە دەق ئەوەیە کە زمان بەرهەمی دێنێت، چونکە دەبێت زمان لەنێو زماندا بجەنگێت، نەك لە ڕێگەی پێڕاگەیاندن (تەبلیغ)ـەوە کە ئامڕازەکەیەتی، بەڵکو بە هۆی ئەو ڕۆڵەوە کە وشەکان ئەنجامی دەدەن و شانۆکەی پێکدەهێنن. کەواتە گەر بڵێم ئەدەب یان نوسین یان دەق واتای ئەوەیە؛ هەمان شتم وتووە. ئەو توانا و پۆتێنشییەڵانەی ڕزگاری کە ئەدەب لە خۆیدا هەڵیگرتوون نە پەیوەستن بە کەسی مەدەنییەوە نە بە ئیلتیزامی سیاسیی نووسەرەوە، کە لە مرۆڤێکی نێو مرۆڤەکانی دیکە زیاتر نییە، هەروەها پەیوەستیش نین بە ناوەڕۆکە مەزهەبییەکەی کارەکەیەوە، بەڵکو پەیوەستن بەو هێز و توانایانەیەوە کە ئەدەب هەیەتی بۆ دروستکردنی ئاڵۆزیی و کێشە لەنێو زماندا.

# وتار

# ڕۆڵی زمان لە هێزی نەرمی وڵاتاندا

## داگیرکردنی جیهان بێ بەکارهێنانی شمشێر، هێزی شاراوەی زمان



و. رایان عوسمان

بەدرێژایی مێژوو داگیرکەرەکان، بە سوپای بێشومار و گرێ چەك شوێنە جیاوازیەکانیان داگیرکردووە بەڵام لەم سەدەیەی کۆتایی دەستبەسەراگرتنێکی تەواو نوێ و لەسەرەخۆ پەیدابووە. یانی دەست بەسەرداگرتنی جیهانە لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزیی ئەمرۆییەوە. لە بازارەکانی بۆرسەی تۆکیۆوە بۆ زانکۆکانی پاریس، لە کۆنفرانسە زانستیەکانەوە هەتا پیشەسازی فیلم، ئەم زمانە وەك زمانێکی هاوبەشی دنیا دەناسرێت.

بەڵام ئەم کۆنترۆڵکردنە تەواوەتیە چۆن وبەچ میکانیزمێك گەیشتەجێ؟ وەڵامەکە لێرەیە: بە بوونی ئامرازی کاریگەرتر لە هەر جۆرە چەکێك، یانی هێزی نەرم (soft power) . هێزی نەرم چەمکێکە لەلایەن تیوریسنی ئەمریکی جۆزێف نای، داهێنرا و ئاماژەیە بۆ توانای وڵاتێك لە بابەت کاریگەری و ڕاکێشانی ئەوانی تر لەڕێگەی کولتور و بەها و سیاسەتەکانیەوە لە بری ناچارکردنی سەربازی یان ئابوریانە.

لەناو تەواوی ئامرازەکانی هێزی نەرمدا، زمان وەك تاکە سەرچاوەی ڕەسەنی کولتور، زانست و پەیوەندیگرتنەکان تەماشا دەکرێت. ئەم وتارە خۆی بەشوێن ئەم بابەتە دەگەڕێت کە چۆن زمانی ئینگلیزی بووە چەکی سەرەکی هێزی نەرمی ئەمریکا و بەریتانیا و لەناو ململانێکەدا پێش ڕکابەرەکانی تری کەوت.

ناساندنی هێزم نەرم و پەیوەندی بە زمانەوە

زمان هەر بەتەنیا هۆیەکی پەیوەندیکردنی ڕووت نیە، بەڵکو دۆخێکە کە تیایدا کولتور، ناسنامە و دنیابینی میللەتێك دەگرێتەخۆی.

### ١- زمان وەك ترپەی دڵی هێزی نەرم

هێزی نەرم لە ڕێگەی ئاماژە و بەهاكانەوە كاری خۆی دەكات. زمان وەك سیستەمێكی بەیەكداچوو دەتوانێ ئەم ئاماژانە بە خەڵكانی تر بگەیەنێت. وەختێك كەسێك زمانی ئینگلیزی فێردەبێت، تەنیا وشەكان فێرنابێت، بەڵكو گوێ لە موزیك و گۆرانی و فیلمەكانی زمانەكە دەگرێت و ئاشنای هەواڵ و بڵاوكراوەكانی دەبێ و بەرەبەرە ڕازی بەها كولتوری و كۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕامیارەكانیشی لەناو زمانەكەدا بۆ دەكرێتەوە. لە ڕاستیدا زمانی ئینگلیزی ئاسۆی كرانەوە بووە بۆ نێو دنیای كولتوریی ئەمریكی و بەریتانی.

گەشتی مێژوویی زمانی ئینگلیزیی

ڕێگای زمانی ئینگلیزی بەرەو دەسەڵات گرتنەدەستی جیهانی تەنیا لەیەك شەودا نەهاتەدی.

### ٢- لە زمانێكی ناوخۆییەوە بەرەو زمانی ئیمپر اتۆری

لە سەدەكانی ناوەڕاستدا ، ئینگلیزی تەنیا بێژەیەكی ناوخۆیی جێرمەنی بوو لە دورگەیەكی كەوتوودا. بە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی وفراوانبوونی لە سەدەی ١٨ و١٩ زایینی، زمانەكەش وەك زمانی دەوڵەت و بازرگانی لە داگیرگەكانی (هندەوە بۆ ئوستورالیا و ئەمریكا) سەپێنرا. ئەم قۆناغە لە ڕاستیدا قۆناغی سودوەرگرتن بوو لەهێزی توند (Hard power) لەپێناو بڵاوبوونەوەی زمانەكە. بەمەش زەمینە سازا بۆ گەشەی زمانەكە لە داهاتوودا.

بۆچی ئینگلیزیی سەركەوت لەكاتێكدا كە ئەوانیتر شكستیان هێنا

زۆرێك لە ئیمراتۆریەكان زمانەكانی خۆیان لە جیهاندا پەرەپێدا بەڵام هیچكام لەوان هاوشێوەی ئینگلیزیەكە سەركەوتوو نەبوون، خاڵی وەرچەرخانی ئەمەش دوای جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێكرد.

### ٣- پاش جەنگی جیهانی دووەم

لەم قۆناغەدا ئیمپراتۆریەتی بەریتانی ڕووەو ئاوابوون بوو بەڵام زمانەكەی نەمردبوو، لەم ساتەدا ویلایەتە یەككگرتوەكان وەك باڵادەستێكی تازە بە ئابوریەكی بەهێز وهێزێكی سەربازی بێوێنە و كولتورێكی ئوفسوناوی یەوە ، هاتە ناو تەختی جیهانەوە.

گواستنەوە بێ بەریەککەوتن : ئینگلیزی لە زمانێکی داگیرکاریەوە گۆدرا بۆ زمانێکی ئابوری و زانستیانە. ئەمریکا بەپێچەوانەوەی بەریتانیا، خواستی داگیرکردنی سیاسیانەی نەبوو بەڵکو بەشوێن ڕێبەرایەتی کردنێکی ئابوری و کورلتوریانەوە بوو. ئەم گواستنەوەی هێزە، بێ ئەوەی لە رووی زمانیەوە لەسەر هیچ وڵاتێکی تر هەرەشە دروستبکات، روویدا.

**٤- دەسەڵاتی ئابوری ، زانستی و تەکنەلۆژی**

هۆی سەرەکی خۆبەدەستەوەدانی جیهان لەلایەن زمانی ئینگلیزیەوە پەیوەندیەکی تۆکمەی بە کرانەوەی بوار بۆ پێشکەوتنی مرۆڤە هەبوو.

ئابوری: دوای جەنگ، دۆلاری ئەمریکی لە جیهان دا بووە پێوەر و بازاری بۆرسەی وۆڵ ستریتیش بووە چەقی دارایی جیهان . زمانی بازرگانی و ئابوری جیهان گۆردرا بۆ ئینگلیزی.

زانست و ئەکادیمیا: ئەمریکا بووە ناوەندی توێژینەوەی زانستی جیهان. گوتاری زانستی، کۆنفرانس و داهێنانە دیارەکان بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکرانەوە. زانایەك بۆ ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا بناسرێ، ناچار بوو بە ئینگلیزی کارەکانی بڵاوبکاتەوە.

ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا: زمانی کۆمپیتەرەکان، کۆدەکان، ئینتەرنێت لە هەمان سەرەتاوە بوونە ئینگلیزی. پلاتفۆرمە سەرەتاییەکانی وەك گۆگڵ و یاهوو بە زمانی ئینگلیزی گەشەیان کرد و ئەمەش واتای باڵاییەکی بێوەینە بوون بۆ زمانەکە.

**٥- کەمەندکێشکردنی کولتوریی:**

هۆلیوۆد، موزیکی پۆپ و چالاکیە رۆشنبیرییەکانی هێزی نەرم لەسەر کەمەندکێشکردن و راکێشان وەستابوو.

پیشەسازی کات بەسەر بردن: هۆلیود تێمای هێزی نەرمی ئەمریکا بوو، بە گەشەسەندنی فیلمەکان ، موزیکی رۆك ئەندرۆڵ و کولتوری پۆپ ، زمانی ئینگلیزی چیتر وەك تەنیا زمانێکی مەسرەفکەر نەمایەوە بەڵکو وەك زمانێکی (کەمەندکێشکەر) و (مۆدێرن) ناوی دەرکرد. خەڵك نەك تەنیا بۆ ئیشوکار، بەڵکو لەبەر تەماشای فیلم و فێربوونی موزیك حەزیان لە فێربوونی زمانەکە پەیدا کرد. خەسڵەتە خودییانەکەی زمانەکەش رێخۆشکەر بوون بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتنی .

٦- سادەیی رێژەیی وئاسانی بەکارهێنان

بە پێچەوانەی زمانەکانی تری وەك ئەڵمانی (کە رێزمانەکەی ئاڵۆزە ) یاخود فەرەنسی ( کە رێسای زمانی داخراوەی وەك وشەنامەی فەرەنسی) هەیە، زمانی ئینگلیزی تارادەیەك سادەترە.

سڕینەوەی تایبەتمەندی رەگەزی لە زمانەکەدا

ئەم تایبەتمەندیە وایکردوە فێربونی زمانەکە بۆ کۆچەریەکانی دەرەوەی ئاسان بێت .

توانستی وەرگرتن و خواستن : زمانی ئینگلیزی بە سانایی وشەکان لە زمانی ترەوە دەخوازێت و بۆ سیستەمەکەی خۆی زیادیان دەکات ، ئەم تایبەتمەندیە زمانەکەی کردووە بە زمانێکی بەهێز وبەردەست.

**٧- ناسنامەی فرەلایەنی ئینگلیزی**

ئینگلیزی بە ئەندازەی زمانەکانی وەك فەرەنسی یاخود ئەڵمانی پەیوەست نەکراوە بە ناسنامەی گرۆپەکی نەتەوەیی دیاریکراوەوە. زمانەکەوە وەك ئامرازێکی جیهانی بۆ پەیوەندیگرتن، کەمتر مەترسییە بۆ سەر کولتورەکانی تر. بۆ وێنە فێربوونی زمانی فەرەنسی رەنگە پێشمەرجی وەرگرتنی بەشێك لە کولتوری فەرەنسی بەدوای خۆیدا بهێنێت بەڵام فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك ئامرازێك بۆ بەدەستخستنی ئامانجە جیهانیەکان دەبینرێت. هێزی نەرمی زمان هەمیشە ئەرێنی و بێ کێشە نیە و لە پشت ئەم رواڵەتە کەمەندکێشەیەوە رووی تاریك و مەترسیداریشی تێدا حەشار دراوە.

**٨- ئیمپریالیزمی زمانی: (Linguistic Imperialism) سەرکەوتنی زمانێك دەکرێ کۆتایی زمانەکانی تر بێت .**

کولتورە مەترسی لەسەرەکان: زۆرێك لە زمانە رەسەنەکان لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئاسیاش، بە هۆی دەسەڵات پەیداکردنی زمانی ئینگلیزیەوە کەوتوونەتە مەترسیەوە. ئەم دیاردەیە تەنیا لەناوچوونێکی زمانیی نیە بگرە لەناوچوونی تەواوەتی ئەو کولتور و زانست و جیهانبینی یەشە کە زمانەکە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

بەهێزی ئاخێوەرە رەسەنەکان:

لە جیهانێکی ئینگلیزی سەنتەرا ئاخێوەرە رەسەنە ئینگلیزەکان هەمیشە هەنگاوێك لەپێش ئەوانی ترەوەن، چونکە زمانەکەیان زمانی فەرمی زانست، ئابوری و سیاسەتە. ئەمەش جۆرێك لە نایەکسانی و ئیمپریالیزمی نوێ دینێتەئاراوە.

**٩- کۆنترۆڵکردنی گوتارو حیکایەتەکان:**

زمان ئامرازی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی گوتارە.

گۆڕینی هێزی نەرم بۆ هێزێکی بێدەنگ : کاتێك زمانێك جیهانی دەبێتەوە، دەستگرتنی بەسەر گوتار وهەواڵ و زانیاریەکان ئاسانتر دەبێت. هەر وڵاتێك ئەم گوتارانە بخاتە ناو زمانەکەیە، هەژمونێکی زۆر بەسەر بیرکردنەوەی رای گشتی جیهانەوە جێدەهَڵێت بێئەوەی پێویستی بە چەپاندن هەبێت.

لە دنیای فرە جەمسەری ئەمرۆ و بە بوونی تەکنەلۆژیای نوێ، ئایا هەژموونی ئینگلیزی تاکەی درێژەی دەبێت.

**١٠- رۆڵی هێزە نوێیەکان: چین و ئیسپانیا**

هێزە نوێکانی وەك چین لە هەوڵدان زمانەکەیان لە رێگەی ئامرازەکانی هێزی نەرمەوە پەرە پێبدەن.

پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس: (Confucius Institutes) لەرێگەی ئەم پەیمانگایانەوە چین لە هەوڵدایە زمان و کولتوری ماندارین لە سەرانسەری جیهان پەرەپێبدات.

زمانی ئیسپانی: سەرەڕای بوونی جوگرافیایەکی دانیشتوانی بەرین، لەرێگەی دامەزراوەی سێروانتسەوە زمانی ئیسپانی لەهەوڵی گەشەکردندایە بەڵام چونکە ئەمە لەگەڵ شۆرشی تەکنەلۆژی و کەمەندکێشی کولتوری جیهانی یەکی نەگرتووە، هیچکام لەم هەولانە وەك ئینگلیزیەکە سەرکەوتوو نەبوون.

**١١- ژیری دەسکرد وەك نێوەندگیری کولتوریی**

دەرکەوتنی ئامرازەکانی وەرگێرانی ژیری دەسکرد دەتوانێت یاریەکە بگۆڕێت. ئایا پێویستی بە تاقە زمانێکی هاوبەش لەناو دەچێت، ئەگەر ژیری دەسکرد بتوانێت بە شێوەی ورد وهەنوکەیی زمانێك بۆ زمانێکی تر وەربگێڕێت ، ئایا فێربوونی زمانێکی هاوبەش لەناودەچێت؟ ئەگەر ژیری دەسکرد توانای گواستنەوەی جوانی و خوازە کولتوریەکانی هەبێت، سەرنجراکێشی و هێزی نەرمی زمان کاڵ نابێتەوە.

هێزی زمان، هێزێك لەسەروو ئامرازەکانیەوە

داگیرکردنی جیهان لەلایەن زمانی ئینگلیزیەوە تەنیا پێشهاتێکی کتوپڕ نیە بەڵکو بەرەنجامی پێکهاتنێکی بێوێنەیە لە هێزی توند و هێزی نەرم. ئەم زمانە بە یارمەتی

دەرفەتی گونجاو و ئابوری و پێشکەوتن بووە زمانی پەرەسەندنی کەمەندکێشی کولتوری. بەم پێیە ئەوەی زیانمەندی سەرەکیە گەنجینەی بەبایەخی زمانە بندەستەکانن . هێزی زمان تەنیا لە توانای خۆپارێزی بۆ لەناوچوون کورت ناکرێتەوە بەڵکو توانستی ئەفراندن، پاراستنی ناسنامە ودەربڕینی جیهانبینی تایبەت لەخۆدەگرێت. لە کۆتاییدا داهاتوو بەندە بە زمانێکەوە کە بتوانێت کولتور، داهێنان، توانای راکێشان و دڵ و زەینەکان داگیربکات و هاوکات لەبری لەناوبردن، لەگەڵ زمانەکانی تر پێکەوە بژی. رەنگە بە یارمەتی ژیری دەسکرد رۆژێك بتوانین جیهان بکەینە ئۆرکسێترایەکی فرە زمان کە تیایدا هەر زمانێك بۆ خۆی ئاواز دەژەنێ بێ ئەوەی پێویست بکات هەموو بە یەك زمان ئاواز بژەنن.

# هێزی نەرمی زمان لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

و. گۆڤاری زمانەوانی

ڕۆژانە جەنگێکی بێدەنگ ڕوودەدات، بە سوپا و یاسا نا ، بەڵکو بە وشەکان. بەو شێوەیەی کە بێژەری هەواڵێك باسی نارەزایی دەربڕین دەکات، بەو نیشانانەی کە لۆگاریتمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرزدەکاتەوە، یان ئەو خوازەیەی سیاسەتمەدارێك لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەکاریدەهێنێت—ئەمە تەنها کردارەکانی پەیوەندییەکی بێلایەن نین. ئەمانە جێبەجێکردنی دەسەڵاتن. توانای زمان بۆ ئاراستەکردن، چوارچێوەدانان، و لە کۆتاییدا شێوەدان بەوەی خەڵک باوەڕی پێدەکات، یەکێکە لە هێزە کەم بایەخەکان لە ژیانی گشتیی هاوچەرخدا. لە سەردەمێکدا کە پڕە لە زانیاری، هێزی نەرمی زمان کز نەبووە—بە پێچەوانەوە زیاتر بووە، خێراتر بووە، و بە شێوەی پیشەسازی کار دەکات بە شێوەیەک کە نەوەکانی پێشوو نەیاندەتوانی پێشبینی بکەن.

ئەم وتارە باس لەوە دەکات کە زمان لە میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتیدا وەک جۆرێک لە هێزی نەرم کار دەکات—ئامرازێک کە بیر و باوەڕی گشتی لە چوارچێوە دەدات، بە زۆر و فشارخستنەسەر نا، بەڵکوو لە ڕێگەی چوارچێوەدانان، دووبارەکردنەوە، و بەهێزکردنی لۆگاریتم. تێگەیشتن لەم داینامیکە تەنها کارێکی ئەکادیمی نییە؛ بەڵکوو پێویستییەکی شارستانییە.

## زمان وەك هێز: بنەمای بیردۆزیی

بیرۆکەی ئەوەی کە زمان لە گەیاندنی زانیاری زیاتر دەکات، ڕەگی قووڵی هەیە لە بیرکردنەوەی نوێدا.

فێردیناند دی سۆسر، کە زمانناسێکی سویسرییە کارەکانی بنەمای زمانەوانی پێکهاتەیی دارشتووە، ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندی نێوان وشەکان و ئەوەی نوێنەرایەتیان دەکەن ئارەزوومەندانە - مانا لە سروشتدا نادۆزرێتەوە بەڵکو لە ڕێگەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە بنیات دەنرێت. میشێل فوکۆ ئەم تێڕوانینەی درێژکردەوە بۆ ناو کایەی دەسەڵات و ئاماژەی بەوەدا کە گوتار - سیستەمی ڕێکخراوەی زانین و زمان لەناو کۆمەڵگایەکدا - چالاکانە ئەو بابەت و ڕاستییانە بەرهەم دەهێنێت کە تەنها بانگەشەی وەسفکردنی دەکات. بە واتایەکی تر، ئەوەی ئێمە ڕێگەمان پێدەدرێت بیڵێین، و چۆن بڵێین، دیاری دەکات کە ڕێگەمان پێدراوە بیر لە چی بکەینەوە.

ئەم تێڕوانینە بیردۆزیانە دەربڕینی کارپێکراوی خۆیان لە چەمکی چوارچێوەدا دۆزیەوە، کە لەلایەن کۆمەڵناس ئێرڤینگ گۆفمانەوە پەرەی پێدراوە و دواتر لەلایەن زانایانەوە لە نێویاندا ڕۆبەرت ئێنتمان بۆ لێکۆڵینەوەکانی میدیا وەرگیراوە. بیردۆزی چوارچێوەدان پێی وایە کە شێوازی پێشکەشکردنی پرسێک - وشە هەڵبژێردراوەکان، ناوەڕۆکی دامەزراو، دیدگا وەرگیراو یان دەرکراوەکان - لە بنەڕەتدا چۆنیەتی تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی بینەرەکان لە چاوەرچێوە دەدات. چوارچێوە کورتکراوەی ناسراوییە، پێکهاتەیەکی دەروونییە کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە جیهانێکی ئاڵۆز تێبگات. کاتێک کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەردەوامی چوارچێوەی تایبەت بۆ پرسە تایبەتەکان بەکاردەهێنن، ئەو چوارچێوانە دەکرێن بە تێگەیشتنی بنەڕەتی—ئەو مانایانەی کە بینەران بێ بیرکردنەوەی ئاگادارانە قبوڵیان دەکەن.

ئەوەی ئەم دەسەڵاتە "نەرم" دەکات، ئەوەیە کە زۆرجار نادیارە. دەسەڵاتی توند خەڵک بە هێز یان بە فشاری ئابووری ناچار دەکات، بەڵام دەسەڵاتی نەرم لە ڕێگەی ڕازیکردنەوە کاریگەری دەبێت — و کاتێک زمان ئەم کاریگەرییە دروست دەکات، زۆرجار خەڵک ئاگاداری ئەوە نابێت. خوێنەران و بینەران زۆرجار بیر ناکەنەوە لەوەی بۆچی ڕۆژنامەنووسێک وشەیەکی دیاریکراو بەکاردێنێت، بۆچی سەرچاوەیەک دەهێنرێت و سەرچاوەیەکی تر پشتگوێ دەخرێت، یان بۆچی کێشەیەک وەک قەیران پێناسە دەکرێت نەک وەک ئاڵەنگاری، یان وەک مەترسی نەک وەک دەرفەت. هێزی زمان لەوەدا نییە کە دەیڵێت بەڵکو لەوەدایە کە سروشتی و دیاری کراوی و ئاشکرایی دەربخات.

**بیناسازیی کاریگەر: چۆن زمانی میدیا ڕاستی لە چوارچێوە دەگرێت**

مێکانیزمەکانی چوارچێوەدانانی زمانەوانی لە میدیا هەردووکیان ورد و سیستەماتیکن. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان ئەوەی بڵێین بە هێز ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە و ئەوەی بڵێین پۆلیس ئاسایشی گەڕاندەوە. هەردوو ڕستە دەتوانن هەمان ڕووداو وەسف بکەن؛ هیچکامیان بە تەکنیکی هەڵە نیین. بەڵام یەکەمیان خۆپیشاندەران وەک قوربانی توندوتیژی دامەزراوەیی نیشان دەدات، لە کاتێکدا دووەمیان وەک ئاڵۆزییەک پیشان دەدات کە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە. جیاوازییەکە لە زانیاری نییە، لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشتییە — و ئەم کاریگەرییە تەواو بە هۆی هەڵبژاردنی وشە دروست دەبێت.

توێژینەوەکان لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم مێکانیزمانە چۆن لەسەر ژمارەیەکی فراوان لە بابەتەکان کار دەکەن. توێژینەوەکان کە ڕاپۆرتە میدیاییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هەمان ڕووداو بەراورد دەکەن — وەک کۆچبەریی، ململانێ، یاسای ئابووری — بە شێوەیەکی بەردەوام جیاوازییە گرنگەکان لە چوارچێوەدانان دەدۆزنەوە کە پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەو میدیایانەی تێیاندا بڵاو دەبنەوە. هەڵبژاردنی زمان سەبارەت بە ڕەوایی دامەزراوەکان، متمانەی قسەکەران و توندی هەڕەشەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستی نییە؛ چوارچێوەی لێکدانەوە دروست دەکەن کە ڕاستی لە ڕێگەیانەوە دەپاڵێورێت.

کارە ئەکادیمییەکان کە ڕووماڵکردن لە سەرانسەری دەزگا دیارەکاندا دەکۆڵنەوە، دەریخستووە کە نوێنەرایەتی زمانەوانی دەتوانێت هاوسۆزی بۆ هەمان کۆمەڵە کەس کەم بکاتەوە، تاوانبار بکات، یان دروست بکات، ئەمەش بە تەواوی بەندە بەو هەڵبژاردنانەی کە سەرنوسەران و ڕۆژنامەنووسان ئەنجامی دەدەن.

خوازە یەکێکە لە بەهێزترین و لە هەمان کاتدا نادیارترین ئامرازەکانی ئەم جۆرە چوارچێوەدانانە. کاتێک کۆچبەریی بە زمانێکی وەک کارەساتی سروشتی وەسف دەکرێت — وەک لافاو، شەپۆل، یان تەوژم — ئەوا ماناکانی هێزی زۆر، لەدەستچوونی دەستبەسەرداگرتن، و پێویستی بە وەڵامی فریاکەوتن دەهێنێتە ناو هزرەوە. بەڵام کاتێک هەمان دیاردە بە زمانێکی جوڵەی مرۆیی وەسف دەکرێت — وەک کۆچکردن، گەیشتن، یان نیشتەجێبوونەوە — ئەوا پەیوەندییەکی جیاواز دروست دەکات: وەك هەستکردن بە بریکاریی، مێژوو، و بەردەوامی. هەردوو دیاردەکە بە شێوەیەکی ناسراو دروستتر لەوەی تر نییە. هەردووکیان هەڵبژاردنی لێکدانەوەن کە کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر ئەنجامەکانی بیرکردنەوە هەیە. سیاسەتمەداران

لە درێژایی مێژوودا لەم ڕاستییە تێگەیشتوون؛ توێژینەوەکان بە بەردەوامی نیشان دەدەن کە هەندێك دەربڕینی وشە بە ئامانج و هۆشیارییەوە لە گفتوگۆی گشتی دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات شێوازی تێگەیشتنی کێشە تەواوەکان بگۆڕێت، هەتا ئەگەر ڕاستییە بنەڕەتییەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەرنەهاتبێت.
ئەمە دیاردەیەکی تایبەت نییە بە هیچ ڕەوتێکی سیاسی. هەموو جوڵانەوەیەکی گەورەی سیاسی، لە سەرجەم بیروڕا ڕەهەندییەکان، سەرمایەی گرنگ دەخاتە سەر ڕێوشوێنی زمان. مەیدانی گفتوگۆی گشتی بەشێکە لە بواری زمان، و ئەوانەی کە دەسەڵاتی زمان دەستەبەر دەکەن، زۆرجار سنوور و شێوازی بەشداری لە گفتوگۆکەش دیاری دەکەن.

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرزکردنەوەی لۆگاریتمی چوارچێوەدانان

ئەگەر میدیای نەریتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سەرنوسەرییەوە هێزی نەرمی زمانی بەکارهێنابێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەهەندێکی تەواو نوێی زیاد کردووە: گەورەکردنی لۆگاریتم. سەکۆکانی وەک فەیسبووک، ئێکس (تویتەری پێشتر)، تیک تۆک و یوتیوب تەنها میوانداری زمان ناکەن — ئەوان چالاکانە دیاری دەکەن کە کام زمان دەگاتە کام بینەر، بە چ پێوەرێک و بە چ خێراییەک. دەرئەنجامەکانی بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی قووڵن.
ژێربێژی سەرەکی لۆگاریتمی تۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە باشترکردنی تێکەڵبوون. ئەو ناوەڕۆکانەی کە هەستە توندەکان دروست دەکەن — وەک سووکایەتی، ترس، یاخود تووڕەیی — زۆرتر کرتە، هاوبەشکردن و بۆچوون دروست دەکەن وەک بەراورد بە ناوەڕۆکێکی ئارام، وردبین، یان نادیار. ئەنجامەکە تەنها بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە نییە — هەرچەند ئەوەش ڕوودەدات — بەڵکو پێشخستنی سیستەماتیکی هەندێک شێوازی تێگەیشتن لە ڕووداوەکانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕووی سۆزدارییەوە چڕن و لە ڕووی ڕەوشتەوە ڕوونن، لە ڕووی پێکهاتەییەوە زیاتر هێزیان بەسەر دیدگا ئاڵۆزترەکاندا دەشکێتەوە.
ئەم بارودۆخە ئەوە دروست دەکات کە توێژەران ناویان ناوە "ژووری دەنگدان" — ژینگەیەکی زانیاری کە تیایدا بەکارهێنەران زۆربەی کات تەنها بەرەو ئەو ناوەڕۆکانە ڕادەکێشرێن کە بیروباوەڕ و چوارچێوە هەبووەکانیان بەهێز دەکات. توێژینەوەیەکی زانستیی پێداچوونراو کە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن پارچە ناوەڕۆکە لە چەند سەکۆیەکی گەورە لێکۆڵینەوەی کردووە، نیشانی دا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی

سیستەماتیکی کۆمەڵەی هاوشێوە دروست دەکەن: کۆمەڵێک بەکارهێنەر کە هەمان چوارچێوەی لێکدانەوەیان هەیە و بەهێزیان دەکەن لە کاتێکدا بەرەوپێشچوون لە ڕوانگە دژبەیەکەکانەوە جیا دەکرێنەوە. ئەو کاریگەرییە چوارچێوەدانانەی کە پێشتر زانایان پەیوەستیان کردبوو بە بەرهەمهێنانی میدیای هەڵبژێردراوەوە، ئێستا لە ئاستی تۆڕەکانی هاوتادا بەرهەمدەهێنرێنەوە و چڕتر دەکرێنەوە، لەگەڵ لۆگاریتمەکە کە وەک هێزێکی سەرنوسەری نەبینراو کاردەکات.

ئاڵۆزییەکی زیاتر لە ڕۆڵی هەژمارە پشتڕاستکراو و زۆر بینراوەکانەوە دروست دەبێت. توێژینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوکرایەوە لە iScience پیشانی دا کە پلاتفۆڕمەکان، کاتێک بە شێوەی لۆگاریتم ناوەڕۆکی هەژمارە پشتڕاستکراوەکان پێش دەخەن، هەلومەرجێک دروست دەکەن کە ئەو بەکارهێنەرانە دەتوانن بە شێوەیەکی نارێژەیی ئەو چوارچێوانە لە قاڵب بدەن کە بەکارهێنەرانی دیکە لە ڕێگەیانەوە ڕووبەڕووی ڕووداو دەبنەوە. لەبەر ئەوەی پشتڕاستکردنەوە ئاماژەیە بۆ متمانەپێکردن، بینەران زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە چوارچێوەدان لە هەژمارە پشتڕاستکراوەکانەوە بەبێ ڕەخنەگرتن وەربگرن. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەلارسازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سادەیی بۆچوونی هەبوو گەورە ناکات — ناهاوسەنگی پێکهاتەیی دروست دەکات کە بە زمانی کێ دەگاتە کێ و بە چ دەسەڵاتێک.

ئەنجامە سیاسییەکان گرنگن. سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم داینەمیکانەیان بە ئامانجی خراپ دروست نەکردووە؛ بەڵکو وەک ئەنجامی لاوەکیی باشترکردنی تێکەڵبوون سەریان هەڵدا. بەڵام ئەنجامەکە سیستەمێکی پەیوەندییە کە بە شێوەی ساختەیی لایەنگیری چوارچێوەکردنی هەستیار، جەمسەرگیری، و لێکردنەوەیە — و لە ڕووی پێکهاتەییەوە دوژمنایەتی ئەو جۆرە زمانە ئاڵۆز و کاتی و نادیارەیە کە گوتاری گشتی ڕاستگۆیانە پێویستی پێیەتی.

**بەرەنگاربوونەوە و بەرپرسیارێتی: ئایا دەتوانین دووبارە مەودای ڕەخنەیی بەدەست بهێنینەوە؟**

داننان بە هێزی نەرمی زمان لە میدیادا بانگهێشتی ڕەشبینی نییە. بەڵکو سەرەتای پێویستی پەیوەندییەکی ڕاستگۆیانەتر و بنیادنەرترە لەگەڵ گوتاری گشتیدا. ئەگەر زمان بیرکردنەوە لە قاڵب بدات، ئەوا پەرەپێدانی هۆشیاری زیاتر لە چۆنیەتی کارکردنی زمان - و چۆنیەتی جێگیرکردنی - یەکێکە لە گرنگترین کارامەییە مەدەنییەکانی ئەم ساتەوەختەی ئێستا.

فێرکردنی سوودبینەری میدیا بۆ چەندین دەیە هەوڵی داوە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببێتەوە، بەڵام ئەنجامەکان تێکەڵن. فێرکردنی خەڵک بۆ ناسینەوەی ئامرازەکانی چوارچێوەدانان، پرسیارکردن لە سەر سەرچاوە، و تێگەیشتن لە بانگەشە هەستیارەکان بە ڕاستی سوودمەندە. توێژینەوەکان پیشان دەدەن کە ئەو کەسانەی بە شێوەی ڕوون ڕاهێنانیان لەسەر ئەم توانایانە کردووە، باشتر دەتوانن بەرەنگاری چوارچێوە چەواشەکارەکان ببنەوە و سەرچاوەکانی زانیاری بە شێوەی ڕەخنەیی هەڵسەنگێنن. بەڵام فێرکردنی سوودبینەری میدیا بە تەنیا بەس نییە. ئەمە لە ئاستی پاراستنی مێشکی تاکدا کار دەکات، لە کاتێکدا سیستەمەکانی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی زمان لە ئاستی پیشەسازی و قەبارەی زۆر کار دەکەن. ناهەماهەنگییەکە ڕوونە: کەسێک دەتوانێت هەوڵی زۆر بدات بۆ پەرەپێدانی توانای خوێندنەوەی ڕەخنەیی، بەڵام لە ماوەی یەک کاتژمێر بلەبەر ئەوە، وەڵامە پێکهاتەییەکانیش پێویستن. بەرپرسیارێتی پلاتفۆرمەکان —— واتە پێویستبوونی ڕوونی و ئاشکرایی کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بەو بنچینانەی کە لۆگاریتمەکانی بەهۆی ئەوەی ئەوان ناوەڕۆک پێش دەخەن و پێشەنگی پێ دەدەن—— یەکێک لە ڕێگاکانە. توێژینەوەکان بە بەردەوامی پیشان دەدەن کە کاتێک بەکارهێنەران تێدەگەن چۆن پێشبردنەکانیان ڕێکدەخرێن، باشتر دەتوانن ئەو چوارچێوانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە بە پرسیار بخەنە ژێر هەڵسەنگاندن. هەروەها، پێوەرە ڕۆژنامەوانییەکان ئامرازێکی ترن: کلتووری دەستکاریکردنی دەقی ڕوون و ورد، دانپێدانانی ئاشکرا بە بڕیارەکانی چوارچێوەدانان، و فرەبینی ڕاستەقینەی دیدگا، دەتوانن بەشێک لەو هەوڵانە بن کە دژی یەکخستن و یەکدەنگکردنی ژینگەی زانیاری هاوچەرخ کار دەکەن.

لە ئاستی تاکەکەسیدا، گرنگترین ڕاهێنان لەوانەیە ئەوە بێت کە بە ئەنقەست خۆمان بخەینە بەر دڵتەنگی و ناخۆشی چوارچێوەی تێگەیشتنی جیاواز. زۆر ئاسانە کاریگەریی چوارچێوەسازی وەک شتێک ببینین کە تەنها بەسەر کەسانی تر دێت —— بەسەر ئەوانەی کە خۆشباوەڕن، خوێندەوار نین، یان لە ڕووی سیاسیەوە دژمانن. بەڵام زۆر قورسترە ئەوە قبوڵ بکەین کە هەمیشە، تا ڕادەیەك، لە ناو چوارچێوەیەکدا بیر دەکەینەوە و تێگەیشتنمان پێ دەگات، و ئەو چوارچێوانەی کە بۆمان زۆر ئاسایی و ڕوونن، ئەوانەن کە زۆرترین پێویستیان بە پشکنین و پرسیارکردن

هەیە. ئەمە پێویستی بە پابەندبوونێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمان و تێڕوانینێکە کە ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە کە پێشتر باوەڕمان پێی هەبووە — نەک تەنها بۆ نیشاندانی هاوسەنگی، بەڵکو وەک ڕاهێنانێکی زانیاری بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتنی ڕەخنەگر.ەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی چەندین چوارچێوەی لۆگاریتمی ڕێکخراو دەبێتەوە.

## کۆتایی: ئەو زمانەی کە وەریدەگرین، و ئەو زمانەی کە هەڵیدەبژێرین

زمان تەنها ئەو ڕێگایە نییە کە بەهۆی ئەوەوە بیرۆکەکانمان دەگەیەنین؛ بەڵکو ئەو چوارچێوەیەیە کە خۆدی بیرکردن لە ناویدا دەبێت. کاریگەریی نەرمی زمان لە میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتیدا تەنها بابەتێکی بیردۆزیی نییە بۆ توێژەران یان پەیوەندیکارانی میدیا. ئەمە ڕاستییەکی ژیانییە بۆ هەر کەسێک کە هەواڵ دەخوێنێتەوە، بەشداری گفتوگۆی ئۆنلاین دەکات، یان بۆچوون لەسەر جیهان دروست دەکات. ئەو وشانەی کە دەوریان داوین، ئەو چوارچێوانەی کە ڕووداوەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە دەبینین، و ئەو لۆگاریتمانەی کە دیاری دەکەن کام چوارچێوە یەکەم جار پێمان بگەیەنرێت، هەموویان بە شێوەیەکی بەهێز و بەردەوام هۆشیاری گشتی لە قاڵب دەدەن، زۆرجار بەبێ ئەوەی خەڵک بە تەواوی ئاگادار بن.

ئەمە هۆکاری ناومێدی و بێهیوایی نییە. هێز، کاتێک دیار و بینراو دەبێت، دەتوانرێت پرسیاری لێ بکرێت. چوارچێوەکان، کاتێک ناسراو دەبن، دەتوانرێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت. لۆگاریتمەکان، کاتێک تێیان دەگەین، دەتوانرێت بە مەبەستی هۆشیاریی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئاڵەنگارییەکە ئەوەیە هەمان ژیریی ڕەخنەگرانە بەکاربهێنین بۆ ئەو زمانەی کە بەردەوام بەکاری دەهێنین و دەیخوێنینەوە، وەک ئەو ژیرییەی کە — یان کە بە هیواوەین بیهێنین — لە ڕوانگە و بوارەکانی دیکەی ژیانی مەدەنی بەکاری دەهێنین. گرنگیی ئەوەی ئەم کارە نەکەین، شتێکی بچووک نییە. بۆچوونی گشتی تەنها کۆی بۆچوونە تاکەکانی تاك نییە؛ بەڵکو کۆی ئەو چوارچێوە تێگەیشتنەیە کە خەڵک لە ڕێگەی ئەوانەوە جیهان تێدەگەیەن، و ئەو چوارچێوانەش تا ڕادەیەکی زۆر دروستکراوی زمانین. ئەو کەسە یان ئەو هێزەی کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کێشە گشتییەکان بە کام زمان ناوببات، چارەسەریان چۆن بۆ وێنا بکات، و بە کام بەهاوە قەبارەیان بگرێت، خاوەنی جۆرێک لە هێزە کە نە هەڵبژاردنەکان

ڕاستەوخۆ پێیان دەگەن، و نە یاسا بە ئاسانی دەتوانێت سنووری بۆ دانێت.
سەرەتای وەڵامێکی گونجاو لە ناسینەوەدایە: زمان لە میدیا هیچ کات بێلایەن نییە. هەمیشە هەڵبژاردنێکە، هەمیشە چوارچێوەیەکە، و هەمیشە ـ تا ڕادەیەك ـ جۆرێکە لە بەکارهێنانی هێز. پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا زمان بیرکردنەوەی گشتی دروست دەکات یان نا؛ ئەوە گۆمانی تێدا نییە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە هۆشیار دەبین بەرامبەر بەو شێوەیەی کە ئەم کاریگەرییە دروست دەبێت، و ئایا ئامادە دەبین ئەو کەسانە بکەینە بەرپرسیار کە ئەم هێزە بە کەمترین ڕۆشنی و بە باشترین لێهاتووی بەکار دەهێنن.

# چۆن شێوازی قسەکردن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات



و. سیما عثمان

هەر گفتوگۆیەک لە بنەڕەتدا دانوستانێکە لەسەر پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی. پێش ئەوەی هەر مشتومڕێک دەست پێبکات، پێش ئەوەی هیچ ڕاستییەک بسەلمێنرێت یان هیچ بڕیارێک بدرێت، شێوازی قسەکردنی تاکێك زانیارییەکی زۆر دەربارەی پێگەی خۆی و دەربارەی ئەوەی چۆن پێگەی خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا هەڵسەنگاندووە بە ئامادەبووان نیشان دەدات. وشە هەڵبژێردراوەکان، ڕێکخستنی ڕستەکان، ئاستی دوودڵی یان دڵنیایی هەڵسەنگێندراو، هەروەها ئەو متمانەیە یاخود ئەو ڕێزگرتنەی کە لە دەنگیدا تێکەڵبووە: هەموویان ئاماژەن، زۆرجار لە ژێر ئاستی هۆشیاریی، لەلایەن ئامادەبووانەوە بە بەردەوامی دەخوێندرێنەوە. پلەداریی کۆمەڵایەتی تەنها بە یاسا، سامان، یان دەسەڵاتی دامەزراوەیی جێگیر ناکرێت؛ بەڵکوو بە شێوەیەکی بێدەنگ، بەردەوام، وە بە چووستییەکی بەرچاو، لە ڕێگەی زمان خۆیەوە دووبارە بەرهەم دەهێنرێت.

ئەم وتارە ئەوە دەسەلمێنێت کە شێوازی قسەکردن یەکێکە لە بەهێزترین، و لە هەمان کاتدا کەمترین توێژراوە میکانیزمەکانی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی. بە پشتبەستن بە دەیان ساڵ توێژینەوە لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی، شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی و کۆمەڵناسیی زمان، ئەم وتارە بانگەشەی ئەوە دەکات کە شێوازی قسەکردنی خەڵك ڕەنگدانەوەی پلەداریی کۆمەڵایەتی ژیانیانە و بە شێوەیەکی چالاکیش ئەو پلەدارییە دروستدەکات. زمانی دەسەڵات و زمانی ڕێز تەنها بەرپەچێکی سادە نین بۆ ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشتر هەبوون، بەڵکوو لە سەرەکیترین ئامرازەکانن

کە بەهۆیانەوە ئەو پێکهاتانە دروست کراون، پارێزراون، وە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە.

**سازەو انی دەسەڵاتی زمان: بیردۆزدانانی ئاخافتن و هێز**

توێژینەوەی سیستەماتیکی سەبارەت بەوەی کە زمان چۆن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی تێدا نهێنیبەندی دەکات و بە کار دەهێنێت، قەرزاری کۆمەڵناسە فەرەنسییەکەیە، پییێر بوردیو، کە چەمکی "سەرمایەی زمانی"ی تایبەت بەو، شێوازی تێگەیشتنی توێژەران لە پەیوەندیی نێوان قسەکردن و پێگەی کۆمەڵایەتی گۆڕی. لەلای بوردیو، زمان تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە؛ بەڵکوو جۆرێکە لە دراوی کۆمەڵایەتی کە لە چوارچێوەی ئەوەی ئەو ناوی نا "بازاڕی زمانەوانی" ، کار دەکات. وەک ئەوەی سەرمایەی دارایی دەستڕاگەیشتن بە کاڵا ئابوورییەکان دیاری دەکات، سەرمایەی زمانییش دەستڕاگەیشتن بە ڕەوایی و پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. ئەوانەی توانا و دەستبەسەری شێوازی قسەکردنی باڵادەستیان هەیە ـ ئەو جۆرە زمانە بەرچاوەی کە لەلایەن دامەزراوەکان وەک خوێندنگەکان، دادگاکان، میدیا، و کۆمپانیاکان ناسراوە ـ دەسەڵاتدارن لە هەر شوێنێك کە بۆی دەچن . ئەوانەی ئەم توانایەیان نییە، لە دۆخێکی لاوازی ساختەیی دادەنرێن بێ گوێدان بە ناوەڕۆکی ئەوەی دەیڵێن.

بوردیو تێبینی ئەوەی کرد کە قسەکەرە هەڵبژێردراوەکان لە دۆخە فەرمییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەتی بە ئاسانی و بە ڕەوانی قسە دەکەن، وە ئەم ئاسانی و ڕەوانییە خودی خۆی نیشاندانی دەسەڵاتە. ئەم متمانەیە تەنها تایبەتمەندیی تاکی نییە؛ بەڵکوو بازنەیەکە لە هاوتابوونی نێوان ئەو بارودۆخانەی کە تێیدا ئەم قسەکەرانە فێری قسەکردن بوون و ئەو بارودۆخانەی کە ئێستا داوایان لێ دەکرێت تێیاندا ئەم توانایە بەکاربهێن. کاتێک تاکێک لە منداڵییەوە لە نێو ئەو شێوازە زمانانە گەورە بووە کە دامەزراوەکان بایەخیان پێ دەدەن، قسەکردن بەو شێوازانە هیچ هەوڵێکی تایبەتی پێویست نییە و هیچ نیگەرانییەك دروست ناکات. تۆماری دەستڕۆیشتووەکان سروشتییە، هەروەها ناچاریشە. بەڵام بۆ ئەوانەی لە ژینگە زمانییە جیاوازەکاندا گەورە بوون، گونجاندن لەگەڵ ڕێسا زمانییە باڵادەستەکان پێویستی بە هەوڵێکی هۆشیارانە و بەردەوام هەیە؛ ئەوەش ئەوەیە کە بوردیو وەک "تەنگەژە و خۆ-چاکسازی" ناوی لێنا، واتە ئەو نیشانە دیارانەی دەریدەخەن کە کەسێک دەزانێت لە تۆمارێکی زمانی بێگانەدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

بەسیل بێرنشتاین، زمانناسە کۆمەڵایەتییە بەریتانییەکە، لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لە هەمان بوار نزیك بووەوە لە ڕێگەی بیردۆزی "کۆدی فراوانکراو" و "کۆدی سنووردار". بێرنشتاین لە مشتومڕی ئەوەدابوو کە پێگە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی سیستەماتیک نەخشە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمان دروست دەکەن. کۆدە فراوانکراوەکان ـ کە بە ڕستەسازیی ئاڵۆز، وشەگەلی جۆراوجۆر، هۆکاری بەرچاو، و دەربڕینی مانای سەربەخۆ ناسراوە ـ شێوازێکی زاڵە لە دامەزراوە فەرمییەکاندا، وەک خوێندنگەکان، شوێن کارە پیشەییەکان، دادگاکان، و وتاری گشتی. کۆدە سنووردارەکان، کە پەیوەندیدارە بە کۆمەڵگە لەیەکچووەکان و دۆخە نافەرمییەکان، پشت بە بابەتی هاوبەش، مانای ناڕوون، و دەربڕینی کورت و پوخت دەبەستێت. بێرنشتاین بە وردی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ یەکێک لەم دوو کۆدە زمانە لە ڕووی زمانناسییەوە باڵاتر نییە؛ هەردووکیان سیستەمی تەواون و لە توانایاندا هەیە بیرکردنەوەی ئاڵۆز دەربڕن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تەنها یەکێکیان لەلایەن ئەو دامەزراوانەوەی کە پاداشتی کۆمەڵایەتی دابەش دەکەن، بایەخی پێ دەدرێت. پێکرا، بوردیو و بێرنشتاین پێکدژییەکی بنچینەیی لە ناو دڵی پلەداریی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکەن: ئەو شێوازی قسەکردنەی کە کۆمەڵگا وەک نیشانەی زیرەکی، دەسەڵات، و متمانەپێکراوی دادەنێت، پێوانەیەکی لانەگر و توانای هۆشیاری نییە؛ بەڵکوو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە کە بە ڕێکەوتن لەگەڵ شێوازی زمانیی کۆمەڵە باڵادەستەکاندا دروست بووە. ئیمپراتۆر ـ وەک دەوترێت ـ پۆشاکی زمانەوانی لەبەرکردووە. و چونکە ئەم جلانە زۆرجار سەرنجیان پێ نادرێت، پاراستنی خەیاڵی ئەوەی کە ئەمانە شتێکی بنەڕەتی و سروشتین ـ نەک مێژوویی و پەیوەست بە بارودۆخی کاتیی ـ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاسان دەبێت.

## بە بوون هێنانی دەسەڵات لە ڕێگەی قسەکردن: چۆن زمانێکی دەسەڵاتدار لە ڕاستیدا کار دەکات

میکانیزمە کارابییەکان کە لە ڕێگەیانەوە شێوازی قسەکردن دەسەڵات بەرجەستە دەکات، هەم ناڕوونن و هەم بەربڵاو. لە ئاستی بنچینەییدا، ئەمانە لە ڕێگەی ئەوەوە کار دەکەن کە زمانناسان پێیان دەڵێن "کردەی قسە" ـ واتە ئەو جۆرە دەربڕینانەی کە تەنها وەسفکردنی ڕاستی نییە، بەڵکوو لە ناو خودی ڕاستییدا کردارێک جێبەجێ دەکات. کاتێک دادوەر بڕیار دەردەکات، کاتێک بەڕێوەبەر فەرمان دەکات، یان کاتێک پزیشک دەرکەوتنی نەخۆشی ڕادەگەیەنێت، ئەمانە تەنها ڕاگەیاندنی ڕاستی نین؛

بەڵکوو جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دامەزراوەیین بە شێوازی زمان پۆشراوە. دەسەڵاتی کردەی قسە پێوەست نییە تەنها بە ناوەڕۆکی وشەکان، بەڵکوو بە پێگەی کۆمەڵایەتیی ناسراو و پەسەندکراوی قسەکەریشەوە پێوەستە. هەمان وشەکان، ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە دەربڕدرێن کە لە دەرەوەی ئەم پێگە فەرمییەیە، هیچ دەرئەنجامێکی نییە. دەرگای زیندان ناکرێتەوە بەوەی تەماشاکەرێک بڵێت تۆمەتبار ئازاد کراوە.

هێشتاش دەسەڵاتی دامەزراوەیی تاکە ڕوونترین و ئاشکراترین شێوازی پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵاتە. شێوازە زرنگترەکان لە ڕێگەی تۆمار، پەرژینسازی، شێوازەکانی پچڕان، و بەڕێوەبردنی شوێنی گفتوگۆدا کار دەکەن. توێژینەوە لە زمانناسیی پەیوەندیدار بە بەردەوامی ئەوەی نیشان داوە کە لە گفتوگۆی پێگە تێکەڵاوەکاندا - لە نێوان بەڕێوەبەران و کارمەندان، مامۆستایان و قوتابیان، پێگەبەرز و نزمەکان لە بواری پیشەیی - قسەکەرە پێگەبەرزەکان زۆرجار زیاتر قسە دەکەن، زیاتر قسە دەبڕن، ماوەی زیاتر دەست بەسەر گفتوگۆکەدا دەگرن، وو زیاتر ئازادن و بابەت دەگۆڕن بە بەراورد بە بەرامبەرە پێگەنزمەکانیان. بە پێچەوانەوە، قسەکەرە پێگە نزمەکان زۆرجار قسەکانیان بە دوودڵی دەردەبڕن، داواکارییەکانیان سنوردار دەکەن، خۆیان دەخەنە ژێر چوارچێوەی داڕێژراویی لەلایەن ئەوانی ترەوە، و زۆرتر چاوەڕوان دەبن پێش ئەوەی قسە بکەن. ئەم شێوازانە تەنها ڕێسای ئەدەب و ڕێزلێنان نین؛ بەڵکوو بەرجەستەکردنی بچووکترین ئاستی پلەدارین، کە دووبارە بەرهەمهێنانی نەخشەی گفتوگۆی تاکەکانە بە قەبارەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە فراوانانەی کە دەوریان داوە.

ئەم دیاردەیە پەلدەکێشێتە ناو بوارە پیشەیی و دامەزراوەییەکانەوە. زمانی یاسایی یەکێکە لە ڕوونترین نموونەکان: دادگا وەک شانۆیەکی زمان کار دەکات، کە تێیدا دەسەڵاتی پرسیارکردن، دووبارە چوارچێوەدانان، ئاڵەنگاری، و ڕەتکردنەوە زیاتر تایبەت کراوە بەوانەی کە مۆڵەتی دامەزراوەییان هەیە. گەواهیدەرەکان سنووردار دەکرێن بۆ وەڵامدانەوە نەک درێژکردنەوەی باس، و بۆ پشتڕاستکردنەوە نەک دووبارە لێکدانەوە. متمانەپێکراوییان بەشێک لەوەوە هەڵدەسەنگێنرێت کە ئایا شێوازی قسەکردنیان هاوتای ئەوەیە کە دادگا وەک شێوازی متمانەپێکراو لە قەڵەمی دەدات —— واتە ڕێك وپێك، فەرمی ، و ورد —— بێ گوێدانە ئەوەی ناوەڕۆکی گەواهیدانەکە ڕاستە یان نا. توێژینەوەی زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە گفتوگۆی دادگادا پیشانی داوە کە گەواهیدەرەکان بە شێوازی دوودڵی فراوان، زاراوەی پەسەندنەکراوەکان، یان بەکارهێنانی شێوازی زمانیی تایبەت بە کۆمەڵگایەك، بە کەسانی کەمتر متمانەپێکراو

دادەنرێن، تەنانەت لەلایەن ئەندامانی دەستەی سوێندخواردنیشەوە کە بە ئاشکرا باوەڕیان بە یەکسانی هەیە.
لە ژینگەی کۆمپانیا و بواری پیشەییدا، ئەم جموجۆڵانە بە هەمان شێوە گرنگ و کاریگەرن. دامەزراوەکان هەندێك ڕێسایان داناوە کە زۆرجار بە نووسراو نین، بۆ ئەوەی دیاریکەن چی وەک قسەکردنی پیشەیی پەسەندکراو هەژمار بکرێت—ڕێسایەك کە سوود بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و پەروەردەیەکی دیاریکراو دەدات و بە زیانی ئەوانی تر دەبێت. ئەو کەسەی کە بەو تۆمارە قسە دەکات کە دامەزراوەکە وەک شێوازی سروشتیی پیشەیی ناساندووە، وەک کەسێکی شیاو، متمانەپێکراو و ئامادە بۆ ڕێبەرایەتی دەبینرێت. بە پێچەوانەوە، ئەو کەسەی کە بە شێوازێکی جیاواز قسە دەکات—هەرچەندە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە توانایەکی بەرزیشی هەبێت— دەپاڵێورێت و لە ڕێگەی پاڵوێنە بە چاوێکی کەم و نادیارەوە لێی دەڕوانرێت. توێژینەوە لە بواری دامەزراندن، بەرزکردنەوەی پلە، و هەڵسەنگاندنی کاردا دووبارە دەریدەخات کە شێوازی قسەکردن کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەو ئەنجامانەی کە بە شێوەی فەرمی تەنها لەسەر توانست و شایستەیی بنیات نراون. واتە، پلەداریی زمانیی کار لە ماددی و ڕاستەقینە دەکات لە دابەشکردنی دەرفەتی ئابووری.

**خۆلادان، خۆبەدەستەوەدان، و ناوخۆکردنی هەستی کەموکورتبوونی زمان**

ئەوەی پلەداریی زمانیی بە تایبەتی بەهێز و بەردەوام دەکات ئەوەیە کە تەنها لە سەرەوە سەپێنراو نییە—بەڵکوو بە ڕادەیەکی گرنگ لە خوارەوەش پەسەند دەکرێت. بوردیو ئەم جموجۆڵەی بە ناوی "توندوتیژیی نیشانەیی" ناساندووە: واتە ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا کۆمەڵە زاڵکراوەکان خۆیان لە ڕێگەی پۆلێن و چوارچێوەکانی کۆمەڵە زاڵەکانەوە دەبینن و هەڵدەسەنگێنن، ئەوان هەستێکی ناوخۆیی بە کەموکورتبوونی قسەکردنی خۆیان پەیدا دەکەن، و ئەم هەستە لە هەموو دۆخە فەرمییەکاندا لەگەڵ خۆیان دەهێنن. کاتێک قسەکەرێکی چینی کرێکار پێش ئەوەی خاڵێک بخاتەڕوو داوای لێبوردن دەکات بۆ وشەسازییەکەی، کاتێک قسەکەرێك کە بە زمانێك قسەدەکات کە زمانی دایکی نییە، بەشدارییەکەی بە ڕوونکردنەوە یان ئاگادارکردنەوەی ورد سەبارەت بە زمانەکەی دەستپێدەکات، یان کاتێک کە قوتابییەك یەکەم کەسە لە خێزانەکەیدا چووبێتە زانکۆ، لە زانکۆ لە سیمینارێکدا بێدەنگ دەبێت لە ترسی هەڵەکردن—ئەم کردارەکانە تەنها نیشانەی وریایی یان سادەیی نین. بەڵکو ئەمانە ئەزموونی ژیانیین کە بڕیاری کۆمەڵایەتییان لەسەر بەهای قسەکردنیان ناوخۆیی

کردووە و پەسەندیان کردووە.
ئەم خۆلادانە ناوخۆییە ئەنجامی پێکهاتەییان هەیە کە زۆر لە دۆخی گفتوگۆی تاکەکان فراوانترن. چونکە داوەری ناتەواوی زمانەوانی وەک ئەزموونی کەسییە—واتە وەک کەموکوڕیی قسەکەرەکە نەک تایبەتمەندیی سیستەمی نادادپەروەرانە—لەو شوێنەدا کە پەیدا دەبێت زۆرجار لێی ناگیرێت و ڕەخنەی لێ ناگیرێت. قوتابییەک کە هەوڵدەدات تێکەیشتنی ڕاستەقینەی خۆی بگوازێتەوە بۆ شێوازی فەرمی و چاوەڕوانکراوی تاقیکردنەوە، گلەیی لە زمانی چاوەڕوانکراوی تاقیکردنەوە ناکات، بەڵکوو خۆی وەک کەسێک دەبینێت کە شکستی هێناوە لە گەیاندنی ئەوەی دەیزانێت . ئەم میکانیزمە خۆ-داخستنە: ئەوانەی لە پلەداریی زمانیی زیان دەبینن زۆرجار ئەم زیانە بۆ کەموکوڕیی خۆیان دەگەڕێننەوە نەک بە هەڵبژاردەی نادادپەروەرانەی ئەو پێوانەیەی کە پێی سنوردار دەکرێن.
توێژینەوەی بنەڕەتی ولیام لابۆڤ بە تایبەتی لەسەر زمانی خۆجێی ئەفریقایی-ئەمەریکی، بە ڕوونی نیشانی دا کە ئەم داینامیکە چۆن لە چوارچێوەی پەروەردەدا کار دەکات. لابۆڤ ئەوەی نیشان دا کە منداڵی ئەوانەی لە پێوانە ستاندارده پەروەردەییەکاندا وەک "کەمتوانا" دادەنرێن، لە ڕاستیدا خاوەنی سیستەمە زمانەوانییەکی تەواو پێشکەوتوون—سیستەمێک کە توانای دەربڕینی بیرۆکەی ئاڵۆز، چیرۆك، و داماڵینی تێدایە. کورتهێنانەکە لە توانای هۆشیاری منداڵاندا نەبوو بەڵکو لە ڕەتکردنەوەی دامەزراوەیی بوو بۆ ناساندنی هەر شێوازێکی تری قسەکردن جگە لە پێوەری باڵادەست وەک ئامرازێکی دروست بۆ زیرەکی. ئەنجامە پەروەردەییەکانی ئەم ڕەتکردنەوەیە—ئەو زیانانەی کە لە ماوەی ساڵانی خوێندن کەڵەکەدەبن، وەردەگێڕدرێن بۆ دەستڕاگەیشتنی جیاواز بە خوێندنی باڵاتر و دەرفەتە پیشەییەکان— دەریدەخەن کە چۆن تۆمارکردنی پلەداریی لە زماندا بۆ هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پەلدەکێشێت.

**بەرخۆدان، گۆڕینی کۆد و سیاسەتی دووبارە بەخاوەنکردنەوەی قسەکردن**

پلەداریی زمانەوانی، هەرچەندە سیستەمێکی داخراو نییە. ئەگەر شێوازەکانی قسەکردن بتوانن پلەداریی کۆمەڵایەتی دروست بکەن و دووبارە بەرهەمیان بهێنن، لە هەمان کات دەتوانن کێبڕکێ بکەن، تێک بدرێن، و دووبارە لەبار بکرێن. مێژووی کۆمەڵگە زمانییە زاڵکراوەکان، بە بەشێک لە مێژووی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ڕێسا زمانەوانییە زاڵەکان—پەیوەندییەکانیان تەنها لە قایل بوون و نێوگیرکردن

پێک نایەن، بەڵکوو پێکدێن لە بەرخۆدان، داهێنان، جەختکردنەوە بە ئەنقەست لەسەر شێوازە جێگرەوەکان لە دەسەڵاتی زمانەوانی.

گۆڕینی کۆد—واتە گواستنەوە لەنێوان تۆمارە زمانییە جیاوازەکان، جۆرەکان، یان زمانەکان بە پێی دۆخ و چوارچێوە—یەکێکە لە ستراتیژییە سەرەکییەکان کە قسەکەران بەکاریدەهێنن بۆ ئەوەی داواکارییەکانی پلەداریی زمانەوانی بەڕێوە ببەن، بێ ئەوەی ملکەچی بن. بۆ زۆر کەس کە لەنێوان سنووری کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین، گۆڕینی کۆد ڕاستییەکی ڕۆژانەیە: لە لایەك قسەکردن لە ژینگەی پیشەیی، لە لایەك لە ناو خێزان، و لە لایەکی ترەوە لە کۆمەڵگا ژێدەرەکان. توێژینەوەکان سەبارەت بە گۆڕینی کۆد ئەم کردارە وەك کردەیەکی پەیوەندیکردنی ئاڵۆز نیشان دەدەن، کە پێویستی بە هۆشیارییە لە چەندین سیستەمی زمانەوانی و ئەو مانایە کۆمەڵایەتیانەی کە بە هەریەکەیانەوە لکێنراون. هەروەها شێوازێکە لە کار کە بە شێوەیەکی نارێژەیی داوا دەکرێت لەو کەسانەی کە تۆماری ڕەسەنیان لەگەڵ ڕێسا دامەزراوەییە باڵادەستەکاندا ناگونجێت - لە کاتێکدا قسەکەرانی هەڵبژێردراو لە تۆمارێکدا بەناو چوارچێوە فەرمیەکاندا دەڕۆن کە پێویستی بە هیچ گونجاندنێک نییە.

سیاسەتی دووبارە بە خاوەنکردنەوەی قسە لە مشتومڕە کلتووری و پەروەردەییە هاوچەرخەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەرکەوتووە. جوڵانەوەکان کە ڕەوایەتی زاراوە پەسەندنەکراوەکان، زمانی کەمینەکان، و شێوازی زمانیی کۆمەڵگا تایبەتییەکان پشتڕاست دەکەنەوە، بەرەنگاری بنچینەی سەرەکیی پلەداریی زمانەوانی دەکەنەوە—ئەو بیرۆکەیەی کە تەنها یەک شێوازی دروستی بۆ قسەکردن هەیە و بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەندی بە زیرەکی، متمانەپێکراوی، و بەهای کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم جوڵانەوانە لە هەندێک چوارچێوەدا گۆڕانکاریی دامەزراوەیی ڕاستەقینەیان دروستکردووە —وەک ناساندنی زمانی ئاماژە وەک زمانێکی تەواو نەک جێگرەوەی قسە، خستنە ناوەوەی زمانە کۆمەڵگاییەکان بۆ ناو پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا، و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری شێوەزار لە دامەزراندنی کارمەند. بەڵام بەرخۆدان لەسەر ئاستی کلتووری و دامەزراوەییدا سنووری هەیە کاتێک ئەو پێکهاتە بنەڕەتییانەی کە هێشتا هەندێک شێوازی قسەکردن بە دەسەڵاتەوە پەیوەست دەکەن، وەك خۆیان بمێننەوە.

بواری دیجیتاڵیی ڕەهەندێکی نوێی زیاد کردووە بۆ ئەم داینامیکانە. سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنێکیان دروست کردووە کە تێیدا زۆرینەی ڕێسا پەسەندنەکراوەکان، زمانە کەمینەکان، و شێوازی زمانەوانی کۆمەڵگا تایبەتییەکان

دەتوانن بە بەرەیەکی فراوان بگەن، بەبێ ئەوەی بەناو دامەزراوە دەروازەپارێزەکاندا تێپەڕێت کە لە مێژوودا دەستیان بەسەر دەستڕاگەیشتنی دەربڕینی گشتی گرتووە. ئەو دەنگانەی کە پێشتر تەنها لە چوارچێوەی ناوخۆیی یان تایبەتدا سنووردار بوون، ئێستا بە دەستەواژەی زمانیی خۆیان بەشدار دەبن لە گفتوگۆی گشتی بەڵام هێشتاش خودی ئەو سەکۆیانە پلەداریی تایبەتی خۆیان دووبارە بەرهەم دەهێنن: پێوەرەکانی بەشداریکردن لە بەرژەوەندی هەندێک جۆری پەیوەندیدان، و ڕێسا زمانەوانییەکانی پێشنیارکردنی لۆگاریتم دوورن لە بێلایەنی. ئەو سەربەستیەی بواری دیجیتاڵ پێشنیاری دەکەت ڕاستەقینەیە، بەڵام ناتەواوە.

**کۆتایی: ناونانی سیستەمەکە**

زمانی فەرماندە و زمانی پابەند تەنها شێوازی تاکەکەسی نین—بەڵکوو پێگە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە دەنگ دەهێنرێن. هەر جارێک کە قسە دەکەین، پەیوەندییەک بەو سیستەمە دەسەڵاتیە زمانەوانییانەی کە دەورەمان دەدەن، دادەڕێژین: یان لەگەڵیان دەگونجێن، یان لەلایەن ئەوانەوە بێبەش دەکرێن، یان بە شێوەیەکی ستراتیژیی ڕێدۆزی دەکرێن، یان بەرەنگاریان دەبنەوە. ئەو پلەدارییانەی کە شێوازی قسەکردن دروست دەکات، شتێکی سروشتی، پێویست، یان ناچاریی نییە—بەڵکوو مێژووییە، هەرەمییە، و بەردەوام دەبێت بەهۆی ئەوەی دامەزراوەکان ئامادەن یەک شێوازی قسەکردن بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕەواتر و متمانەپێکراوتر لە شێوازێکی تر هەژمار بکەن.

دیارخستنی ئەمە کارێکی ئەکادیمی نییە. کاتێک مرۆڤەکان تێدەگەن کە پەسەندکردنی زمانەوانی دامەزراوەکان ڕێکەوتننامەی کۆمەڵایەتین نەک پێوەری بابەتیی، باشترە پرسیار بکەن کێ لەو ڕێکەوتنانە سوودمەندە و کێ پارەیان بۆ دەدات. کاتێک مامۆستایان تێدەگەن کە شکستی قوتابییەک لە پیشاندانی تواناکانی لە کۆدی فراوانکراودا نیشانەی نەبوونی زیرەکی نییە، دەتوانن ژینگەی فێرکاری دروست بکەن کە بە ڕاستی—نەک تەنها بە ناو—گشتگیر بێت.

کاتێک ڕێکخراوەکان بەدواداچوون بۆ پێوەرە زمانەوانییە ناڕاستەوخۆکان دەکەن کە لە پرۆسەی دامەزراندنی کارمەند و بەرزکردنەوەی پلەدا جێگیرکراون، لەوانەیە بۆیان دەرکەوێت کە زۆربەی ئەو شتانەی کە پێی دەڵێن "شایستەیی" لە ڕاستیدا ئاشنابوونە بە شێوازی قسەکردنی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدان.

زمان هەمیشە شتێک لەبارەی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێت کە تێیدا قسە

پێ دەکرێت. پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا ئێمە بە ئاگایی و هۆشیاریەوە تێدەگەین چی دەربارەی کۆمەڵگە پیشان دەدات، سوود بە تامەزرۆیی کێ دەگەیەنێت، و ئایا ئەو پلەدارییانەی دروستی دەکات بە ڕاستی شایانی پاراستنن یان نا. ئەم پرسیارکردنە تەنها شیکردنەوەی زمان نییە—بەڵکوو دەستپێکی بیرکردنەوەیە بۆ وێناکردنی شتێکی جیاواز.



# زمان.. دەسەڵات.. هێز لە ڕوانگەی ڕۆڵان بارت و ئەمبیرتۆ ئیکۆوە

ساماڵ ئەحمەدی

**ئەمبیرتۆ ئیکۆ** لە وتاری "زمان، دەسەڵات، هێز"دا، بابەتی زمان لە ڕوانگەی "**ڕۆڵان بارت**"ەوە وەک بابەتێکی بانتر لە ئەدەبیات و تەکینکەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتدا دەخوێنێتەوە کە دەچێتەوە سەر بابەتی دەسەڵات.

ئیکۆ وتارەکەی بە یەکەم وانەی ڕۆڵان بارت وەکوو مامۆستای نیشانەناسیی ئەدەبیات لە کۆلێژی "دو فرانس" دەست پێ دەکات کە لەو کۆلێژە مامۆستا هەر وتار، یان وانە پێشکێش دەکات؛ واتا لەوێ مامۆستا خوێندکارەکانی تاقی ناکاتەوە و، دەسەڵاتی ڕەدکردنەوە، یان دەرچوواندنیانی نییە. خوێندکارانیش هەر لە سۆنگەی هۆگرییەوە لە پۆلی وانەکاندا ئامادە دەبن. بارت وانەکەی خۆی بە پەسنی پلە نوێیەکەی دەست پێ دەکات و دەڵێت: "هاتوومەتە شوێنێک کە لە دەسەڵات بەدوورە." ئیکۆ ئەم وتەیە بە ڕیابازی دەزانێت، چونکە لە فەرەنسا هیچ شتێک بەقەدەر وانەگوتنەوە لە کۆلێژی دو فرانس و بەرهەمهێنانی زانین، دەسەڵاتی فەرهەنگی نابەخشێت. بەڵام دەڵێت: "لەوانەیە زێدەڕۆییم کردبێت، چونکە لەو وانەیەدا (کە دواتر لێمان ڕوون دەبێتەوە دەربارەی زمانە) بارت بە شێوەیەکی ساویلکانە گەمە دەکات: ئەو پێناسەیەکی دەسەڵات دەخاتە ڕوو، کەچی پێناسەیەکی دیکەی بۆ دەکاتە پێشگریمانە."

ئیکۆ پێی وایە بارت لەوە زیرەکترە کە فوکۆ بخاتە پشتگوێ، کە واتا دەبێ ئەوە زۆر باش بزانێت کە دەسەڵات "یەکە" نییە، بگرە لەو جێیانەدا کە بە یەکەم نیگا نایبینین دزە دەکات، دەسەڵات "فرە"یە، سپایەکە وەکو ئەهریمەنەکان. دەسەڵات لە ناسکترین میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە؛ نەک هەر لەلای دەوڵەت

و چینەکان و گرووپەکان، بگرە لە مۆدەکان و باوەڕەکان و نمایشەکان و گەمەکان و وەرزشەکان و زانیارییەکان و پێوەندیی خێزانی و تایبەتی و تەنانەت بەلای ئەو لایەنە ئازادیخوازانەوە کە هەوڵ دەدەن دژی بوەستنەوە، ئامادەیە. "وتەیەک بە وتەی دەسەڵات دەناسرێت کە هەڵە دەخاتەوە و لە ئەنجامدا بیسەر تۆمەتبار دەکات." ئەگەر بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات شۆڕش بکەن، دەبینن جارێکی دیکە لە ناخی دۆخە نوێیەکەوە سەر هەڵدەداتەوە. "... دەسەڵات مشەخۆری جەستەی بانکۆمەڵایەتییە، پێوەندیی بە تەواوی سەربردەی مرۆڤەوە هەیە، نەک هەر سەربردە سیاسی و مێژووییەکەی. زمانیش ئەو شتەیە کە لە ژیانی تاهەتاییی مرۆڤایەتیدا، دەسەڵات تێیدا جێگر دەبێت."

**ڕۆڵان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) ئەمبێرتۆ ئیکۆ (١٩٣٢-٢٠١٦)**

**ئیکۆ** لە درێژەی وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە بەدیهێنەری دەسەڵات، هێزی گوتن نییە، بگرە شێوەیەکی هێزی گوتنە کە لە سیستمێک، یان دەزگایەکی ڕیساکان، واتا لە زماندا چەقی بەستووە. دەگەڕێتەوە سەر وتەی بارت کە لە وانەکەیدا دەڵێت "زمان ناچارم دەکات هەرکاتێک باسی کردەیەک بکەم، خۆم لە جێی بکەری ئەو کردەیە دانێم. ئیدی لێرەوە هەرچییەکی بیکەم دەبێتە دەرەنجامی ئەوەی کە هەم؛ زمان ناچارم دەکات نێر و مێ لێک هەڵاوێرم و بواری ئەوەم پێ نادات جۆری نەنێر-نەمێ وێنا بکەم؛ ناچارم دەکات بە گوتنی "ئێوە"، یان "تۆ" لەهەمبەر ئەوی دیدا دەرووەست بم، چونکە مافی ئەوەم نییە پێوەندیی سۆزداری، یان کۆمەڵایەتیی خۆم دیاری نەکەم. ... زمان بەهۆی پێکهاتە تایبەتەکەیەوە جۆرە پەیوەندییەکی لەخۆنامۆبوونی ناچارەکی دەخوازێت. ... قسەکردن، واتا ملکەچبوون: زمان [دەسەڵاتێکی]بادەرەوەیە کە لایەنی هەمەکیی لەخۆ گرتووە. با لەوەش زیاتر پێ ڕاکێشم: زمان نە بادەرەوەیە و نە پێشڕەوە، بگرە لە یەک وشەدا فاشیستە. چونکە فاشیزم گوتن قەدەغە ناکات، بگرە گوتن دەکاتە ناچاری."

ئەم وتەیەی **بارت** لە ژانویەی ١٩٧٧ەوە زۆرترین دەمەقاڵەی لێ کەوتووەتەوە. ئیدی هەموو باسەکانی دوایی، لەم وتەیەوە دێنە گۆڕێ. پاش بیستنی ئەم وتەیە ئیدی پێمان سەیر نابێت ئەگەر بڵێن: زمان دەسەڵاتە، چونکە ناچارم دەکات کۆمەڵێک کلێشەی لە پێشدا بیچمگرتوو (لەوانە وشەکان) بەکار بێنم، هەروەها پێکهاتەیەکی وەها پێویست و بەدەر لە گومانی هەیە کە مۆڵەت بە ئێمەی کۆیلەکانی زمان نادات لێی دەرباز و ڕزگار بین، چونکە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان نییە.

چۆن دەتوانین لەم شتەی کە بارت (بە ئاوڕدانەوە لە شانۆنامەکەی سارتر) پێی دەڵێت "دەرگای داخراو"، خۆمان دەرباز بکەین؟ بە وەرچەرخاندن. دەکرێ لە زماندا وەچەرخان بکەین. بارت بە ئەم گەمە نادروست، ڕزگاریدەر و ئازادیبەخشە دەڵێت "ئەدەبیات".

لێرەوە دەگەینە سەر چنینی تیۆرییەکی ئەدەبی کە گەمەکردنی وشەکان و گەمەکردن بە وشەکانە. ئەم باسە هەر ئەو وتانە دەگرێتەوە کە بە کردەی ئەدەبی ناو دەبرێن، کەچی دەبینین ئەو تیۆرییە هاوکات لە وتەی زانستی، یان مێژوونووسیشدا بەکار دێت. بەڵام ئەوەی کە دواجار بەلای بارتەوە نموونەی سەرەکیی ئەو چالاکییە ئازادیبەخشەیە ئەو چالاکییانەن کە پێیان دەگوترێت، داهێنەر، یان داهێنەرانە. ئەدەبیات سەروکاری لەگەڵ گوزارەی مشتومالدراودا نییە، بەڵکە سەروکاری لەگەڵ گەمەی بێژەر و نووسەردا هەیە کە هێزی ڕاکێشانی وشەکان دەدۆزێتەوە. ئەدەبیات ئەوە باش دەزانێت کە هێزی زمان دەتوانێت جارێکی دیکەدا بەسەریدا زاڵ بێتەوە، بەڵام هەرڕێک بەو هۆیەشە کە ئامادەیە لە قسەی خۆی پاشگەز بێتەوە؛ وتەکەی خۆی جارێک پەسند بکات و جارێکی دی ڕەدی بکاتەوە، جاری وایە لاساری دەکات و جاری واشە بە زمانبازی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت؛ نیشانەکان ناسڕێتەوە، بەڵکە وەگەمەیان دەخات و گەمەیان پێ دەکات. وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ئەدەبیات جۆرێک ئازادکردنی دەسەڵاتی زمانە، یان نا، پەیوەندیی بە سرووشتی ئەو دەسەڵاتەوە هەیە. وێ دەچێت کە بارت لێرەدا خەریکی تەفرەدان بێت، هەروەها ڕاستەوخۆ، نەک هەروەکو دۆستێک، تەنانەت لەو بەشەدا کە باسی "فرەیی"ی دەسەڵات دەکات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕستەکانی فوکۆ شەرح دەکات. ئەو واتایەی کە فوکۆ دەربارەی دەسەڵات خستوویەتە ڕوو، لەوانەیە قایلکەرترین و بێگومان پاڵنەرترین واتایەکە تا ئێستا باوە.

لە توێی ئەو گۆڕانەی لە بەرهەمەکانی **فوکۆ**دا لەنێوان دەسەڵات و زانین، "کردەی وتەیی و کردەی ناوتەیی"دا دەبینرێت، دەکرێ چنینێکی ڕوونی واتای دەسەڵات بەدەست بخەین کە لانیکەم دوو تایبەتمدنیی ئەو چنینە لێرەدا بەکارمان دێت: یەکەم ئەوەی کە دەسەڵات تەنیا هاندان بۆ دەبڕین و بەرهەمهێنانی زانین نییە؛ دووەم، هەروەکو بارتیش ئیشارەی پێ دەکات، دەسەڵات "یەکە" نییە، لەتلەت نییە، دەسەڵات پڕۆسەیەکی یەکلایەنەی نێوان فەرمانڕەوا و ژێردەستەکانیەتی."

**زمان زۆرداره بەڵام تایبەتمەندیی زۆردارییەکەی نە پەیوەندیی بە بڕیاری کەسییەوە هەیە و نە بە هیچ ناوەندێکی دیکەوە کە ڕێساکانی لێوە پەیدا دەبن**

فوکۆ دەڵێت: "بە گشتی دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ئەو دەسەڵاتە بەکارترە لەوەی لە دەستی کەسێکدا بێت، دەسەڵات خاڵی پێبڕاو، یان پارێزراوی چینی فەرمانڕەوا نییە، بگرە بەڵگەی کۆمەڵێک دۆخی ستراتیژیکی ئەو چینەیە (بەڵگەیەکی وایە کە دۆخی کەسانی ژێر دەسەڵات دەیخەنە ڕوو، جاری واشە دیسان وەسەرڕێی دەخەنەوە). لە لایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتە بە شێوەی جۆرێک زۆرداری، یان بەربەست بۆ ئەو کەسانەی "دەسەڵاتیان نییە" کار ناکات؛ بەڵکە دەسەڵاتی ئەوان گەمارۆ دەدات و لەوان و بە نێوان ئەواندا تێپەڕ دەبێت؛ پشتیان پێ دەبەستێت، ڕێک وەکو خۆیان کە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەسەڵاتەدا پشت بەو کەرەستانە دەبەستن کە دەسەڵات بەسەریانیدا سەپاندووە."

**ئیکۆ** لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت، بێگومان زمان زۆردارە (چونکە بە پاساوی ئەوەی کە ڕستەی "من دانەیەک چۆنم دەوێ" واتای نییە، ئیجازەم پێ نادا بیڵێم)، بەڵام تایبەتمەندیی زۆردارییەکەی نە پەیوەندیی بە بڕیاری کەسییەوە هەیە و نە بە هیچ ناوەندێکی دیکەوە کە ڕێساکانی لێوە پەیدا دەبن: زمان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و، ڕێک بەهۆی پێکەوەسازانی هەموو خەڵکەوەیە کە بە شێوەی دەزگایەکی ئەرکسەپێن پەیدا دەبێت. هەموو کەسێک لە بەرانبەر جێبەجێکردنی ڕێزماندا تاکو ڕادەیەک مل با دەدات، سەربارى ئەوەش دەیپەژرێنێت، بەڵام وای پێ باشترە کە پێی وابێت خەڵکی دیکەش جێبەجێی دەکەن.

(سەربارى ئەوەی کە زمان بەهۆی تایبەتمەندییە ڕێکخراوەکەیەوە بەشێک لە پێکهێنەری زانینە) نازانم دەکرێ بڵێین زمان کەرەستەی دەسەڵاتە، یان نا. بەڵام بەبێ شک جۆرێک سەرباشقەی دەسەڵاتە. دەتوانین بڵێین زمان کە بەرزترین دەزگای نیشانەناسییە، یان (بە وتەی نیشانەناسەکانی ڕووسیە) سیستمی نموونەسازی سەرەتاییە، سەرباشقەیەکە بۆ ئەو سیستەمە نیشانەسازانەی کە لە فەرهەنگی جۆراجۆردا وەکو کەرەستەی دەسەڵات و زانین (سیستەمی نموونەسازی دووەم) جێ دەگرێت.

کەواتە لەم ڕووەوە، بارت هەقیەتی زمان بە شتێک لە قەڵەم بدات کە پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، بەڵام هەڵەکەی لەو دوو ئەنجامەدایە کە پێیان دەگات: ئەوەی کە زمان فاشیستە و ئەوەی کە زمان "شتێکە دەسەڵات [واتە درەوشانەوەی دابینکەری زمان] تێیدا جێگر دەبێت."

ئەگەر چارەنووسی مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵاتی فاشیزمدا بێت کەواتە هەمووان فاشیستن و ئەوەش واتا هیچ کەسێک فاشیست نییە.

با لە پێشدا خۆمان لەگەڵ هەڵەی یەکەم یەکلایی بکەینەوە: ئەگەر دەسەڵات ئەو شتە بێت کە **فوکۆ** پێناسەی کردووە و ئەگەر دەکرێ تایبەتمەندییەکانی دەسەڵات لە زماندا بدۆزینەوە، گوتنی ئەوەی کە زمان بەو هۆیەوە فاشیستە زیاتر لە گاڵتە دەچێت: ئەم وتەیە بە جۆرێک بانگهێشتکردن بەلای لێڵیدایە. چونکە ئەگەر فاشیزم لە هەموو جێیەک هەیە و، ئەگەر لە هەموو دۆخێکی دەسەڵات و لە کۆنترین زمانەکاندا هەمیشە ئامادە بووە، کەواتە ئەوە لە بنەڕەتدا لە هیچکوێ نییە، ئەگەر چارەنووسی مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵاتی فاشیزمدا بێت کەواتە هەمووان فاشیستن و ئەوەش واتا هیچ کەسێک فاشیست نییە. ئەم بابەتە مەترسیی ئەو هۆکارهێنانەوە فریودەرانە نیشان دەدات کە بەردەوام لە ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانەدا دەیبینین، جیاوازییەکەیشیان هەر ئەوەیە کە ئەوان وردەکارییەکەی بارت نازانن. ئەو لانیکەم ئەوە دەزانێت کە گوتنی وتەی پێک ناکۆک وەک تەکنیکی ڕەوانبێژی بەکار دێنێت.
بەڵام هەڵەی دووەم بەلای بۆچوونی منەوە ناسکتریشە: زمان ئەو شتە نییە کە دەسەڵات تێیدا جێگر بێت. بەڕاستی من هەرگیز لەو کەلکەلەیەی فەرەنسایی و فەرەنساییشێوەکان تێ ناگەم کە دەیانەوێت هەموو شتێک جێگر بکەن، یان هەموو شتێک بە جێگرکراو ببینن، بەکورتییەکەی من واتای ڕوونی "جێگربوون" نازانم. وا دەزانم ئەم کردارە گۆڕانێکە بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی کە چاریان نییە بە بەکارهێنانی زۆر و هێز چار بکات. بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەش بپەژرێنم، وای بە باش دەزانم زمان کەرەستەیەک بێت کە دەسەڵات لە ڕێی ئەوەوە لە هەرجێیەک سەری هەڵدا جێگر ببێت.

# توێژینەوە



# شیکردنەوەیەکی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی بۆ مافی زمانی کەمینەکان لە عێراقدا

و. د. پەشێو نوری

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ئایدیۆلۆژیای کوردانی شەبەک دەکات بەرانبەر بە دۆخی ناسنامەی خۆیان دوای کۆچیان بۆ باشووری عێراق بەهۆی داگیرکاریی "داعش"ەوە لە ساڵی ٢٠١٤. دوای ئەم ڕووداوە سیاسی و سەربازییە نێودەوڵەتییە، چەندین گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان ڕوویان دا. توێژینەوەیەکی ڕووپێوی لەسەر بنەمای پرسیارنامە ئەنجام دراوە بۆ بەدەستهێنانی داتا و شیکردنەوەی وەڵامی بەشداربووان. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە زۆربەی کوردە شەبەکەکان خۆیان بە ناچار دەبینن زمانێکی تر بێجگە لە زمانی دایکی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمەش بەهۆی ئاوارەبوونیان دوای ڕووداوە توندوتیژە چەکدارییەکانی عێراق. سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردیی شەبەکی کەم بووەتەوە، بەڵام کوردە شەبەکەکان ستراتیژیی زمانەوانی-کۆمەڵایەتیی بەکاردەهێنن بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ناسنامە و کولتووری خۆیان. جگە لەوەش، وا دەردەکەوێت کە ئایین کاریگەریی هەبێت لەسەر بەکارهێنانی زمان لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی شەبەکدا، چونکە ئیسلام ئایینی کاریگەرەکەیانە.

**وشە سەرەکییەکان:** کوردی شەبەک، مافی زمان، ئایدیۆلۆژیا، داگیرکرکاری داعش.

## ١. پێشەکی

هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی عێراق و ژیانیان لەژێر تیشکی مەترسیی جینۆسایددا بوون لەلایەن گەریلا چەکدارەکانی داعشەوە. یەزیدییەکان، کریستیانەکان، شەبەکەکان، کوردەکان، فەیلییەکان و کەمینەکانی تر تەنها لیستێک بوون لە

سەرەدا. گروپە شیعە و سوننەکانی تریش لەژێر مەترسیی کوشتندا بوون چونکە دەسەڵاتی داعشیان ڕەت دەکردەوە. کوردە شەبەکەکان و هەندێک کەمینەی تر بە دەست بەتاڵی بەرەو باشووری عێراق کۆچیان کرد بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی ژیانێکی نوێ و کۆمەڵگەیەکی نوێ لە شارەکانی وەک نەجەف، بابل، دیوانییە، کەربەلا و ناسرییە. ئەوان هەلی تەواوکردنی خوێندنیان لەدەست دا و ڕووبەڕووی گرفتی کارلێکی کۆمەڵایەتی بوونەوە بە زمانێک کە هی خۆیان نەبوو (بڕوانە سەرچاوەی وێب: ١). ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەی لەو شێوەیە کە تێیدا ئایدیۆلۆژیای کەمینەیەکی گرنگی عێراقی (کوردە شەبەکەکان) بەرانبەر بە دۆخی ناسنامەکەیان دوای کۆچبەری و ئاوارەبوون وردبینی بۆکرابێت. بۆیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١. بڕوا و تێڕوانینەکانی کوردە شەبەکەکان سەبارەت بە ناسنامەکەیان چییە دوای گواستنەوەیان بۆ باشووری عێراق بەهۆی داگیرکردن لەلایەن داعش لە ساڵی ٢٠١٤؟

٢. چۆن کوردە شەبەکەکان لە مافە زمانی و پەروەردەییەکانیان دەڕوانن دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا لەلایەن داعشەوە بۆ باشووری عێراق ئاوارەبون؟

## ٢. زمان، کولتوور و ناسنامە

بەپێی(Eberhard (2009: p. 1، پەیوەندیی ناوەکی نێوان زمان و کولتوور لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سنوور بۆ هەموو ڕەهەندەکانی زمان دادەنێت. زۆربەی پێکهاتە زمانەوانییەکان ڕەنگدانەوەی پێکهاتە کولتوورییەکانیانن. ناسنامە، وەک بونیادێکی کولتووری، لەسەر دارشتنی جیهانبینینەکان، بەهاکان، نەریتەکان، سیستەمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریش دامەزراوە. ئایدیۆلۆژیاکان سیستەمی بونیادنراوی بیرۆکەکانن؛ ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی نووسەرەکانیانن و بەردەوامییان پێ دەدەن (Erikson and Murphy, 1998, p. 138). بەگوێرەی (Kroskrity (2000 وەک لە (Wardhaugh and Fuller, 2015) ئاماژەی پێ کراوە، ناسنامە وەک "بونیادنانی زمانەوانیی ئەندامێتی لە گروپ یان پۆلە کۆمەڵایەتییەکاندا" دەبینرێت (p.111). ناسنامە دەکرێت لە ڕێگەی ئامرازە زمانەوانییە جیاوازەکانەوە بونیاد بنرێت، وەک بژاردەی وشەسازی، پێکهاتە ڕێزمانیی، شێوازی وتووێژ، شێوازە پەیوەندیی وەک (بێدەنگی، سڵاوکردن، ... هتد) و کردارە ئاخاوتنییەکان (Wardhaugh and Fuller, 2015, p. 72). وەک چۆن Foucault (1980) بە دروستی ئاماژەی پێ دەکات، ناسنامەکان و "خود"ەکان شتی نەگۆڕ نین؛

بەڵکو لە ڕێگەی دیسکۆرس و چەندان دەرکەوتە زمانەوانییەکانی ترەوە بونیاد دەنرێن، دەخرێنەڕوو و دەخرێنەوەڕوو. ئەوان بەردەوام لە چوارچێوە و بارودۆخی جیاوازدا دووبارە بونیاد دەنرێنەوە و پێناسە دەکرێنەوە.

ناسنامە سەرچاوە نییە، بەڵکو دەرەنجامی ڕەفتاری زمانەوانییە (Wardhaugh and Fuller, 2015, p. 77). ئایدیۆلۆژیاکانمان بەرانبەر بە ناسنامە لە چوارچێوە و ژینگە جیاوازەکاندا دەگۆڕێن. ئێرینگتۆن(Errington (2000, p. 115 ئایدیۆلۆژیا زمانەوانییەکان وەک "ڕێسایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکان سەبارەت بە پێکهاتەی زمان و بەکارهێنانی بەگوێرەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان" پێناسە دەکات. هەندێک لە بەکارهێنەرانی زمان بڕوایان وایە یان "هەڵسەنگاندن" بۆ هەندێک شێوازی زمانەوانی دەکەن کە "باشتر" بن لەوانی تر (Wardhaugh and Fuller, 2015, p. 75).

ئایدیۆلۆژیا باڵادەستەکان وا پیشان دەدەن کە هەندێک جۆری زمانەوانی یان هەندێک زمان زاڵن بەسەر ئەوانی تردا، بەو مەبەستەی کە جۆرەکانی تر وەک کەمئەندام یان کەموکوڕ دەربکەون. کەواتە، ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی تەنها یەک یان دوو جۆری زمانەوانیی ئیمتیازدار لە بوارەکانی پەروەردە، سیاسەت، یاسادانان و فەرمانگە فەرمییەکاندا (Wardhaugh and Fuller, 2015, p. 75).

لە هەمان ڕەوتدا، (Grin (2005, p. 448 ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێویستە زانینمان سەبارەت بە فرەچەشنی لە کۆمەڵگەدا فراوانتر بکرێت. جۆراوجۆریی زمانەوانی باشترین نموونەی ئەم فرەچەشنییەیە. هەروەها، داbینکردنی شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەل بۆ بابەتەکانی وەک فرەچەشنی، سیاسەت و جۆراوجۆریی زمان، کارێکی پڕ ململانێیە. Grin (2005, p. 448) زیاتر دەڵێت کە نکۆڵیکردن لە زمانی کەسێک، ڕەنگە وەک نکۆڵیکردن لە ناسنامە و کولتووری ئەو کەسە لێک بدرێتەوە. لەبەر ئەوەی بەکارهێنەرانی زمانە سەرەکییەکان (باڵادەستەکان) پێویستیان بە فێربوونی زمانی دووەم نابێت بۆ درێژەدان بە خوێندن یان دۆزینەوەی کار، ئەوا کات و پارەیان بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە "سەپاندنی زمانێکی باڵادەست یان زۆرینە بەسەر کەسانی تردا، دەبێتە هۆی دروستبوونی نایەکسانییەکی گەورە. قەبارەی ڕاستەقینەی ئەم نایەکسانییانە بەپێی جۆر و چوارچێوەی باڵادەستیی زمانەکە دەگۆڕێت" (p. 455). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕێککەوتن یان قەرەبووکردنەوە پێویستە بۆ پاراستنی مافی زمانی کەمینەکان لە پلاندانان و سیاسەتی زماندا. جگە لەوەش، باشترکردنی پرۆژەکانی بوژانەوەی زمان و بەهێزکردنیان، بەهۆی پلاندانانی زمانەوە هاوکارییەکی

زۆر دەکرێت و "پێداویستییەکان، ئامانجەکان و توانای کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی دابین دەکات." پێویستە کۆمەڵگەی زمانەوانی لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی پلاندانانی زماندا بەشدار بێت بۆ ئەوەی کاریگەرترین بێت، "وە کاتێک سەرنج دەخرێتە سەر کۆمەڵگەکە و قسەکەرانی و گواستنەوەی نێوان-نەوەکانی زمانەکە" (Franks & Gessner, 2013, p.11).

بڕوا وایە کە لەکاتێکدا زمان ناسنامە بونیاد دەنێت، بەڵام نوێنەرایەتی ناکات. گرنگە ئەوە لەبیر نەچێت کە کردارەکان کەسایەتی مرۆڤەکان دیاری دەکەن، نەک بە پێچەوانەوە (May, 2005a).جگە لەوەش، پێویستە بەڕێوەبردنی زمان و ئاوێتەبوونی سروشتی جێگەی باڵادەستیی زمان بگرنەوە. دوو چەمکی گرنگ لە مافی زماندا هەن بریتین لە باڵادەستی و دەسەڵات. بەپێی (Phillipson ، 1992)، بوونی زمانەکانی تر لەژێر هەڕەشەی باڵادەستیی زمانی ئینگلیزیدایە، کە جۆرێکە لە ئیمپریالیزمی زمانەوانی. دەکرێت جیهانگیری وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە باشتربوونی پێگەی فراوانخوازی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئینگلیزی دابنرێت. "گەشەی بازرگانی و کارلێکی ئابووریی تری نێوان سنووره نێودەوڵەتییەکان" پێناسەی جیهانگیرییە. ئەو زمانەی زۆرترین پەیوەندیی بە جیهانگیرییەوە هەیە ئینگلیزییە، لە مۆسیقای پۆپەوە تا کۆمپیوتەر، لە ماکدۆناڵدەوە تا کۆکا کۆلا، وە لە دۆلارەوە تا فیلمەکان (Curzan and Adams, 2009, p. 490).

پەیوەندیەکان و بەکارهێنانی زمان بە توندی بە کولتوورەوە بەستراونەتەوە. پرۆسەی شیکردنەوەی واتا، بەتایبەتی واتای پراگماتیکی، "پێویستی بەوەیە ڕاستیەکانمان یەکبەدوایەک زەمینەبەند بکەین؛ زەمینە لەناو زەمینە، کە هەر یەکێکیان ئەرکێک و ئەندامێکی زەمینە گەورەکەیە، و هەموو زەمینەکانیش جێگەی خۆیان لەوەدا دەدۆزنەوە کە پێی دەوترێت زەمینەی کولتوور" (Firth, 1957, p. 1940). بەڵام ناتوانین لە کردارە زمانەوانییەکان بە تەواوی تێبگەین بە جیا و بەبێ ئاماژەکردن بە کولتوورێکی دیاریکراو (Lyons, 1977, p. 609). بۆیە، دەکرێت کردارە ئاخاوتنیەکان وەک ئاوێنەیەک بۆ بیرۆکە و تایبەتمەندییە کولتوورییەکان ببینرێن، وەک "ناسنامەی کۆمەڵایەتی". لە دیدگایەکی زهینیەوە (کۆگنیتیڤ)، پرۆسە دەروونییەکانمان بۆ داڕشتن و دروستکردنی واتا لە ڕێگەی سازشکردن لە نێوان جیهانی کۆمەڵایەتی و گوتاریمان بۆ دروستکردنی دیدگای تایبەتی خۆمان، تێگەیشتنە زمانەوانییەکانمان بۆ پەیامە زمانەوانییەکان پێکدەهێنن.

بارێت (2006) Barrett، سەرنج دەخاتە سەر ئەم تیۆریە و دەڵێت نیشانە

زمانەوانییەکان —وشەکان، دەستەواژەکان و کردارە ئاخاوتنییەکان— بە مەبەست بەکاردەهێنرێن کاتێک دەگۆڕدرێن بۆ دابینکردنی زەمینەیەکی ئامانجدار، واتە، "ئاماژەدارەکان بۆ دروستکردنی زەمینە کۆمەڵایەتییەکان... [پەیوەندیەکان] خستنەڕووی ناسنامە و هەڵوێستی تایبەتی قسەکەر و دامەزراندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان بەشداربووان لەخۆدەگرێت. ئەرکە زەمینەییەکە لە ئەرکە دەربڕینی و پەیوەندییەکانی زمان جیاناکرێنەوە" (لا. ١٦٨). بۆیە، دەکرێت زمان بۆ تیشکخستنە سەر ناسنامە نێوان-گروپییەکان بەکاربهێنرێت. لە کۆمەڵگە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکاندا، زمان دەتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان دووبارە بکاتەوە. بڕوا وایە کە ناسنامەکانی ئەم گروپانە زۆر دیار و بەرچاون. کەواتە، بە بەکارهێنانی زمان یان گوتار، قسەکەران هەوڵ دەدەن جەخت لەسەر بەشداریی خۆیان لە گروپێکی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا بکەنەوە یان "بونیادی بنێن" (Eelen, 2001, p. 216; Meyerhoff, 2011, p. 73). ناسنامە لەلایەن کولتوورەوە، بەتایبەتی زمان، فۆرم وەردەگرێت و ڕەنگە چەندین واتای جیاواز لەخۆ بگرێت. بۆ نموونە، مرۆڤێک دەکرێت خۆی وەک "ژنێک، بریتانییەک، ڕەشپێستێک، یان موسڵمانێک بناسێنێت. لێرەدا ئاسانکاریی سیاسەتی ناسنامە دەردەکەوێت: کە بابەتێکی دینامیکی، پڕ ململانێ و ئاڵۆزە" (Harrison, 1998, p. 248). Tabouret-Keller (1997) جەخت دەکاتەوە کە "کردارە زمانەوانییەکان، کردارەکانی ناسنامەن" (p. 315). باسبانەی خود، ناسنامەی کۆمەڵی، ناسنامەی دامەزراوەیی و ناسنامەی جیهانی، چوار بواری سەرەکین لە توێژینەوەکانی ناسنامەدا. جگە لەوەش، سەلمێنراوە کە تاکەکان و گروپەکان خاوەنی چەندین ناسنامەن بەپێی ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیگێڕن.

لە هەمان ڕەوتدا، Fuller (2007, pp. 105, 107) ناسنامەی کۆمەڵایەتی وەک ئەندامێتی لە گروپێکی کۆمەڵایەتی یان پۆلێنێک پێناسە دەکات کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهێنراوە. کەواتە، ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە لە ڕێگەی گوتارەوە دروست دەبێت نەک ئەوەی کە لەلایەن گۆڕاوەکانەوە [وەک نەژاد، ڕەگەز، تەمەن و هتد] دیاری دەکرێت. لە توێژینەوەیەکی پێشووتردا، Gumperz (1982) جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دروستکردن و تێگەیشتن لە کردارە پەیوەندیی و کارلێکییەکان، شوێن هیچ پێداویستییەکی گشتگیری گونجاوی یان ڕێساکانی شیاوی ناکەون. جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئاخاوتن لەسەر ڕووداوە ئاخاوتنییەکان ئەوەی نیشان داوە کە بەکارهێنانی زمان و نەریتەکان "بۆ ئەوەی چی وەک ڕەفتاری

ئاخاوتنیی گونجاو هەژمار بکرێت، هەروەها خودی پێناسەی ئەو ڕووداوانەش، لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر و لە زەمینەیەکەوە بۆ زەمینەیەکی تر دەگۆڕێت” (p. 3).. ئەو (١٩٨٢) بە هەمان شێوە جەخت دەکاتەوە کە هاوکاتبوونی کارلێکیی بەردەوام پێویستی بە "تا ڕادەیەک لە توانای پێشبینیکردن و ڕۆتینبوون هەیە، کە زۆربەی کات لە ڕێگەی کولتووری هاوبەش و لێکچوونی ئەزموونی کارلێکییەوە بەدەست دێت” (p. 141). ئەگەرچی جیاوازی لە نێوان چالاکییەکانی وەک قسەوباس، مشتومڕ و وتاردان لە نێوان نزیکەی هەموو کولتوورەکاندا هەیە، "بەڵام هەر کولتوورێک کۆتوبەندی تایبەت بە خۆی هەیە، نەک تەنها لەسەر ناوەڕۆک، بەڵکو لەسەر ئەو شێوازانەشی کە چالاکییە دیاریکراوەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت و ئاماژەی پێ دەکرێت” (Gumperz, 1982, p. 166). جگە لەوەش، هەر کەسێک هەر چالاکییەک بەپێی زانیارییەکانی ڕابردووی و بارودۆخەکە لێک دەداتەوە، تەنانەت لەناو هەمان کولتووریشدا.

**٢-مافەکانی زمان: پاشخانێکی تیۆری**

یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی توێژینەوە بۆ چەندین بواری ئەکادیمی، لەوانە کۆمەڵناسیی زمان، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پلاندانانی زمان و سیاسەت، بریتییە لە خوێندنی مافەکانی زمان. بزوتنەوەکانی ژینگەی زمانەوانی و مافە زمانەوانییە مرۆییە لەم ڕووەوە ناسراون. یەکەمیان لە چوارچێوەیەکی ژینگەییدا سەیری زمان و ژینگە دەکات لە ڕووی کەمبوونەوەی ژمارەی زمانەکانی جیهان، لە کاتێکدا دووەمیان "زۆرینەی کات لەسەر بنەمای پێشەکییەکانی ژینگەی زمانەوانی، داکۆکی لە پاراستنی دامەزراوەیی و پاڵپشتیکردنی زمانە کەمینەکان و قسەکەرانیان دەکات، چ لە چوارچێوەی نیشتمانی و چ لە چوارچێوەی سەروو-نیشتمانییەکاندا" (May, 2003, p. 95). کەواتە، مافەکانی زمان پەیوەستن بە پاراستنی یەکسانیی مرۆیی لە ڕێگەی نەهێشتنی جیاکاریی زمانەوانی و باشترکردنی یەکسانیی زمانەوانی (Smith 1999, pp. 1-2).

**١,٢ مافەکانی زمان و مافەکانی دروستکردنی زمان**

جیاکردنەوەی نێوان دوو چەمکی ئەم بوارە گرنگە مافەکانی زمان (Rights of language) و مافی زمان (Language rights) زۆر گرنگە. لە بیروڕاکانی Ogechi لە ساڵی ٢٠٠٣دا هاتووە: ”مافەکانی زمان (Rights of language) ئاماژەیە بۆ مافی هەر زمانێک لە کۆمەڵگەیەکی فرەزماندا بۆ بوون و یەکسانیی هەل بۆ ئەوەی "پەرە بە لایەنە

یاسایی و تەکنەلۆژییەکانی بدات" و گەشە بکات. مافی زمان (Language rights) ئاماژەیە بۆ مافی بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە کەسەکە تێیدا شارەزاترینە، هەروەها مافی گەیشتن بەو زمان(انە)ی کە دەبنە هۆی بەهێزبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی-ئابووری" (p. 277).

بۆیە، مافەکانی زمان و مافەکانی مرۆڤ هەردووکیان لە بنەڕەتدا هەم مرۆیی و هەم دامەزراوەیین. سەرەڕای ئەوە، لە توێژینەوەکاندا زۆر جار ئەم دوو بیرۆکەیە لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن. ئەم دوو چەمکە تەنانەت لە یاسا نێودەوڵەتییەکانیشدا ئاوێتە کراون، وەک یاساکانی یەکێتیی ئەورووپا، بۆ نموونە لە "پەیماننای زمانەکان"، "زمانە فەرمی و کارگێڕییەکان" و "ئەو زمانانەی لە دەستووردا دانیان پێدانراوە" (Urrutia and Lasagabaster, 2007, p. 480).

## ٢.٢ مافەکان و ڕێکخستن

بەپێی پاتریک (Patrick, 2005, p.p 371-2)، ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی زمان، هەوڵ بۆ ڕێکخستن دەدەن نەک بۆ بنەبڕکردنی تەنگژە دیاریکراوەکان. هەربۆیە، پاراستنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و ئازادیی مرۆڤ ئامانجی سەرەکییانە. پێویستە هەموو وڵاتان دان بەم مافانەدا بنێن وەک ڕێسای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن. پەرەدان بە زمانە "بچووکەکان" یان زمانی کەمینەکان ئامانجی مافەکانی زمانە. Coupleland (٢٠٠٣)یش ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم بابەتە وەک پێکهاتەیەکی "تیۆریی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی بۆ جیهانگیری" دەبینرێت.

جگە لەوەش، پێویستە کۆمەڵێک بابەتی جیاواز لە چوارچێوەی پاراستن و پێشخستنی زمانە ڕەسەنەکاندا (Indigenous languages) هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەم توخمانە دەکرێت سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری بن؛ یانیش دەکرێت دەروونی، ڕۆحی یان کولتووری بن. ئەو دەربڕینەی کە دەڵێت "زمان ڕۆڵێکی بونیادنەر دەگێڕێت لە هەموو ئەم کارانەدا" لەلایەن Patrick (2005, pp. 385–36) پشتڕاست کراوەتەوە. کەواتە، بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە مافەکان و پاراستنی زمانە ڕەسەنەکان، پێویستمان بە توێژینەوەی ئەتنۆگرافیی زیاتر هەیە کە وێنەیەکی گشتگیر لە کردارە کۆمەڵایەتییە ڕۆژانەییەکان لە زەمینەی فراوانتردا دابین بکەن.

سکوتناب-کانگاس Skutnabb-Kangas (2009) بەڵگە دەخاتە ڕوو کە ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧دا، پەیوەندییەک لە نێوان

گەشەپێدانی مرۆیی، مافە زمانەوانییەکان و ئازادیی کولتووریدا دروست دەکات. ئەو بڕوای وایە کە فێربوونی زمانەکانی تر بێجگە لە زمانی دایکی، زمانی بنەڕەتیی مرۆڤ لەناو دەبات. بەپێی ئەو (p.2 ,2009)، زۆربەی خوێندکارانی کەمینە کۆچبەرەکان، زۆرێک لە خوێندکارانی کەمینە نیشتمانییەکان و زۆرێک لە خوێندکارانی ناوچەی پاش-کۆلۆنیالیزم لە سەرانسەری جیهاندا، لە ڕێگەی زمانە باڵادەستەکانەوە لەناو پرۆگرامی "نوقمکردن" (submersion)دا دەخوێنن. لەم ژینگەیەدا، کەمینەبوون وەک نیشانەیەک بۆ کەمیی دەسەڵات دەبینرێت نەک تەنها وەک ژمارەیەکی دیمۆگرافی. بە هەمان شێوە، Ricento (2005, p. 349) پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕزگارکردنی مافە زمانەوانییەکان بۆ کەمینەکان و گروپە پەراوێزخراوەکانی تر پێویستە، بەتایبەتی لە دەوڵەتە لیبراڵەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام ئەو جەخت دەکاتەوە کە زمان وەک "ماف" کاریگەرییەکی کەمی هەیە لەسەر پێشخستنی تیۆرییەکانی پەیوەندیی نێوان زمان و سیاسەت.

### ٣.٢ مافەکانی زمان و یەکسانی

مافەکانی زمان پەیوەستن بە پاراستنی یەکسانیی مرۆیی. زانایان چەندین نموونە و بەسەرهاتیان هێناوەتەوە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو ململانێیانەی کەمینەکان و نەتەوەکانی تر ڕووبەڕووی دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی قسەکردن بە زمانی دایکی خۆیان. وەک Hornberger (1998) باس دەکات: "تەنها قسەکەرانی زمانی وێڵزی نین کە بوونەتە چالاکوان بۆ مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان. مافەکانی زمان، یان مافە مرۆییە زمانەوانییەکان، لەسەر ئاستی جیهان گرنگییەکی خێرایان وەرگرتووە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو هەڕەشەیەی کە دروست بوون: لەلایەک لەدەستدانی بەشێکی زۆری سەرچاوە زمانەوانییەکانی جیهان —زمانە مەترسیلەسەرەکان— و لە لایەکی ترەوە گەشەکردنی زمانە جیهانییەکانی وەک ئینگلیزی" (p.450).
ڕەنگە زمانی ئینگلیزی ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر زمانە جیهانییەکانی تر لە ڕووی باڵادەستییەوە. تەماشا کردنی هەر بەشێکی زانکۆ لە هەر شوێنێکی جیهاندا، ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. پێگەی زمانەکانی تر هەڕەشەیان لەسەرە و تەنانەت لەناو دەچن بەهۆی بەکارهێنانی بەرفراوانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی تەکنەلۆژیا، ئینتەرنێت، پەیوەندییەکان، زانست و تەنانەت زۆربەی بڵاوکراوەکانی بواری زانستە مرۆییەکان.

**٣.میتۆدۆلۆژیایتوێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم سەرنج دەخاتە سەر زەمینەی زمانەوانی و کولتووریی کوردە شەبەکەکان لە عێراق، کە دەرفەتێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە پاراستنی زمان و کولتوور یان گۆڕانیان دەڕەخسێنن، چونکە ئەوان کۆمەڵگەیەکی ئاخاوتنی پەراوێزخراو لە وڵاتەکەدا پێکدەهێنن، بەتایبەتی لە بواری کۆچبەری و ئاوارەبووندا.
ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێکی گشتی سەبارەت بە ڕۆڵی فاکتەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافییەکان دەورووژێنێت، لەوانە قەبارەی گروپەکە، چڕیی دیمۆگرافی، هاوسەرگیری لەگەڵ عێراقییەکانی تر، هەڵوێست و بەهاکان، لە هەمان کاتدا سەرنجی تایبەت دەخاتەسەر  پێوانەکردنی ئاستی پاراستنی زمان یان گۆڕانی زمان لە ئاخاوتنیاندا. بۆیە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە وەشانێکی دەستکاریکراوی میتۆدی Al-Khatib and Al-Ali (2005) دەبەستێت. بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە شیکردنەوەیەکی چۆنایەتی و چەندایەتیی پرسیارنامە دەبەستێت.
سەد کەس، کە تەمەنیان لە نێوان دە بۆ حەفتا ساڵی بو، بۆ بەشداریکردن لە توێژینەوەکەدا هەڵبژێردران. دابەشبوونی نموونەکە بەپێی تەمەن، ڕەگەز، کار و پەروەردە لە خشتەکانی ١ و ٢ی خوارەوەدا نیشان دراوە.

**خشتەی (١): دابەشبوونی نموونەکە بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارەی بەشداربوان |
|---|---|
| نێر | ٤٥ |
| مێ | ٥٥ |
| کۆی گشتی | ٧٠ |

**خشتیە (٢): دابەشبونی نمونەی توێژینەو بەگوێرەی تەمەن**

| تەمەن | | ژمارەی بەشداربوان |
|---|---|---|
| | ١٠ | ٧ |
| ١١ | ٢٠ | ١٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | ٣٠ | ٣٤ |
| ٣١ | ٤٠ | ١٩ |
| ٤١ | ٥٠ | ١٠ |
| ٥١ | ٦٠ | ١٢ |
| ٦١ | | ٥ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ |

**خشتەی (٣): دابەشبوونی نموونەکە بەپێی پاشخانی پەروەردەیی**

| ئاستی خوێندن | ژمارە |
|---|---|
| نەخوێندەوەر | ٤٩ |
| قۆناغی ١-٦: | ٢٩ |
| قۆناغی ٧-٩ | ٩ |
| قۆناغی ١٠-١٢ | ١٠ |
| خوێندکاری زانکۆ | ١ |
| خوێندکاری قۆناغەکانی کۆتایی یان سەرووتر | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ |

**٣.١ ئامرازی توێژینەوە: پرسیارنامە**

پرسیارنامەیەک وەک ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهێنراوە. پرسیارنامەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە پێکدێت:

**أ- لێهاتوویيە زمانەوانییەکان:**

١. ئایا دەتوانیت لە گفتوگۆیەک بە زمانی کوردیی شەبەکی تێبگەیت؟
٢. ئایا دەتوانیت بە زمانی کوردیی شەبەکی گفتوگۆ بکەیت؟
٣. ئایا دەتوانیت زمانی کوردیی شەبەکی بخوێنیتەوە؟
٤. ئایا دەتوانیت بە زمانی کوردیی شەبەکی بنووسیت؟
٥. ئایا لە زمانی عەرەبی تێدەگەیت؟

٦. ئایا دەتوانیت بە عەرەبی بخوێنیتەوە؟
٧. ئایا دەتوانیت بە عەرەبی بنووسیت؟

**ب- بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوە و بوارە کۆمەڵایەتی-کولتوورییە جیاوازەکاندا:**

١. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک نامەیەکی کەسی دەنووسیت؟
٢. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک لەگەڵ دراوسێکانت قسە دەکەیت؟
٣. چ زمانێک لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکت بەکاردەهێنیت؟
٤. چ زمانێک لە ماڵەوە لەگەڵ برا و خوشکەکانت بەکاردەهێنیت؟
٥. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک هاوڕێکانت دەبینیت؟
٦. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک هاوڕێکانت لە گەڕەک دەبینیت؟
٧. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک نزا یان نوێژ دەکەیت؟
٨. چ زمانێک لە کۆبوونەوە ئایینییەکان لە مزگەوت بەکاردەهێنیت؟
٩. زۆرتر چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک توورە دەبیت؟
١٠. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک زۆر دڵخۆش یان بەجۆش دەبیت؟
١١. بە چ زمانێک خەون دەبینیت؟

## ٤- شیکردنەوەی داتا و ئەنجامەکان

لە ئاستی یەکەمی پرسیارەکاندا، کە پەیوەستن بە لێهاتووییە زمانەوانییەکان، ئەنجامەکان دەکرێت لە خشتەی (٥)ی خوارەوەدا نیشان بدرێن

| لێهاتووییە زمانەوانییەکان | بەڵێ ٪ | نەخێر ٪ | کەمێک ٪ |
|---|---|---|---|
| ١. ئایا دەتوانیت لە گفتوگۆیەک بە زمانی کوردیی شەبەکی تێبگەیت؟ | ١٠٠ | ٠٠ | ٠٠ |
| ٢. ئایا دەتوانیت بە زمانی کوردیی شەبەکی گفتوگۆ بکەیت؟ | ١٠٠ | ٠٠ | ٠٠ |
| ٣. ئایا دەتوانیت زمانی کوردیی شەبەکی بخوێنیتەوە؟ | ٦٠ | ٢٠ | ٢٠ |
| ٤. ئایا دەتوانیت بە زمانی کوردیی شەبەکی بنووسیت؟ | ٥٠ | ٢٥ | ٢٥ |
| ٥. ئایا لە زمانی عەرەبی تێدەگەیت؟ | ٧٠ | ١٥ | ١٥ |
| ٦. ئایا دەتوانیت بە عەرەبی بخوێنیتەوە؟ | ٣٨ | ٥٠ | ١٢ |
| ٧. ئایا دەتوانیت بە عەرەبی بنووسیت؟ | ٣٥ | ٥٢ | ١٣ |

زۆرینەی بەشداربووانی کوردە شەبەکەکان، وەک لە خشتەی سەرەوە دیارە، دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان قسە بکەن و تێبگەن. بەڵام، بەهۆی ئەزموونی پەروەردەیی لاواز و لەدەستدانی زمان لە ماوەی خوێندنیان لە قوتابخانە یان زانکۆدا، نیوەیان ناتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بنووسن یان بخوێننەوە. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ئەوان دەتوانن لە زمانی عەرەبیش تێبگەن، زۆربەی بەهۆی فشاری پەیوەندییە ڕۆژانەییەکان و پێویستیی چوون بۆ قوتابخانە و کارکردن لە شوێنێکدا کە عەرەبی زمانی فەرمییە و باوترین هۆکاری پەیوەندییە. لە لایەکی ترەوە، زۆربەی بەشداربووە شەبەکەکان تەنها تا ڕادەیەک دەیانتوانی بە عەرەبی بنووسن یان بخوێننەوە. تەنها ئەو کەسانەی کە خوێندەوار بوون، توانیویانە ڕێژەیەکی بەرز لە خوێندنەوە و نووسینی عەرەبیدا بەدەست بهێنن.

کوردە شەبەکەکانی عێراق زمانی خۆیان لە هەموو دۆخە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکاندا بەکاردێنن، بەڵام بە ئاستی جیاواز. لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی عەرەبی تەنها بۆ ناردنی نامە، بەشداریکردن لە کۆبوونەوە ئایینییەکان و نزا کردن بەکاردێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە عەرەبی زمانی فەرمیی زۆربەی دامەزراوە فەرمی و ئەکادیمییەکانە، جگە لەوەی زمانی نووسین و زمانی شوێنە ئایینییەکانە. بەڵام، هەر کاتێک بێزار بن، یان زۆر دڵخۆش بن، یان خەون ببینن، زۆر جار بە کوردیی شەبەکی قسە دەکەن. ئەم ئەنجامانە دەیسەلمێنن کە زمان هێشتا دەکرێت بۆ دەربڕینی لایەنە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانی خەڵک بەکاربهێنرێت و هەروەها لە هەندێک زەمینەی دەروونیی تایبەت و قووڵدا. ئەم ئەنجامانە هاوتەریبن لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی پێشتر پشتڕاست کراونەتەوە کە دەڵێن کوردە شەبەکەکان لە هەردوو زمانەکەدا شارەزان، بەهۆی فاکتەرە زەمینەیی و سیاسیی و پێویستییەکانیان.

ئەم ئەنجامانە ئاماژە بەوەش دەدەن کە گروپی ئاخێوەرانی کوردی شەبەک لە عێراقدا ئێستا بە پرۆسەیەکی پاراستنی زمان و کولتووردا تێدەپەڕن، بەتایبەتی لە نێوان ئاخێوەرانی نەوەی دووەم و سێیەمدا. لە کاتی قسەکردن لەگەڵ زۆرێک لە بەشداربووانی تەمەن گەورە و تەمەن ناوەند، ئەوە ڕوون بووەوە کە فەرهەنگی وشەی کوردیی شەبەکییان لە گەشەکردندایە نەک لە کەمبوونەوە، بە پێچەوانەی گروپی تەمەنی گەنجتری تورکەکان، چونکە ئەوان بەردەوامن لە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە بۆ زۆربەی مەبەست و بارودۆخەکان.

بە پێچەوانەوە، هەندێک لە ئاخێوەرە گەنجەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە زۆربەی کات بە ئاگا دێنەوە دەستەواژە عەرەبییەکان لەبری دەستەواژە کوردییە شەبەکییەکان

بەکاردەهێنن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ دایک و باوک یان باپیر و نەنکیان، چونکە ناتوانن وشە کوردییە شەبەکییەکە وەبیر بهێننەوە. بۆ نموونە، بەشداربووێکی تەمەن ٢٥ ساڵ گوتی کە ئەمە بەهۆی کاریگەریی زمانی عەرەبییە.

**خشتەی (٦): ڕێژەی وەڵامەکان: بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوە جیاوازەکاندا**

| پرسیارەکان | تەنها عەرەبی % | زۆرتر عەرەبی % | عەرەبی و شەبەکی % | زۆرتر شەبەکی % | تەنها شەبەکی % | بێ وەڵام % | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک نامەیەکی کەسی دەنووسیت؟ | ٨٨ | ١ | - | - | - | ١١ | ١٠٠ |
| ٢. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک لەگەڵ دراوسێکانت قسە دەکەیت؟ | ١٨ | ٢٢ | ١٧ | ٢٢ | ٢١ | ١ | ١٠٠ |
| ٣. چ زمانێک لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکت بەکاردەهێنیت؟ | ٢٠ | ١٤ | ٦ | ١٥ | ٤٣ | ٢ | ١٠٠ |
| ٤. چ زمانێک لە ماڵەوە لەگەڵ برا و خوشکەکانت بەکاردەهێنیت؟ | ٣٠ | ١٢ | ٧ | ١٢ | ٣٧ | ٢ | ١٠٠ |
| ٥. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک هاوڕێکانت دەبینیت؟ | ٢٩ | ١٨ | ١٩ | ٩ | ٢١ | ٤ | ١٠٠ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک هاورێکانت لە گەرەک دەبینیت؟ | ١٩ | ١١ | ٢٣ | ١٨ | ٢٦ | ٢ | ١٠٠ |
| ٧. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک نزا یان نوێژ دەکەیت؟ | ٩٦ | ١ | - | - | - | ٣ | ١٠٠ |
| ٨. چ زمانێک لە کۆبوونەوە ئایینییەکان لە مزگەوت بەکاردەهێنیت؟ | ٥٠ | - | ٢ | - | ٥ | *٤٣ | ١٠٠ |
| ٩. زۆرتر چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک توورە دەبیت؟ | ١٩ | ٦ | ١٢ | ٢٢ | ٣٧ | ٤ | ١٠٠ |
| ١٠. چ زمانێک بەکاردەهێنیت کاتێک زۆر دڵخۆش دەبیت؟ | ١٩ | ١٣ | ١٩ | ١٨ | ٢٩ | ٢ | ١٠٠ |
| ١١. بە چ زمانێک خەون دەبینیت؟ | ٢٤ | ١٦ | ٢٤ | ١٢ | ٢٢ | ٢ | ١٠٠ |

**٥. دەرئەنجامەکان**

ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەست هاتن:

١. زۆربەی کوردە شەبەکەکان خۆیان بە ناچار دەبینن زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی ئاوارەبوون دوای رووداوەکانی توندوتیژیی چەکداری لە عێراق.

٢. سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردیی شەبەکی سڕاوەتەوە، کوردە شەبەکەکان مەیلیان بەرەو بەکارهێنانی ستراتیژیی زمانەوانی-کۆمەڵایەتیی پاراستنی زمان هەیە بۆ هێشتنەوەی ناسنامە و کولتووری خۆیان.

٣. هەریەک لە ئایین و ئابووری ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بەکارهێنانی زماندا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی ئیسلامە و هەموو کوردە شەبەکەکانی عێراق موسڵمانن، کوردە شەبەکەکان مەیلیان هەیە تەنها پەنا بۆ زمانی عەرەبی ببەن لە هەندێک زەمینەی ئایینی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو. ئەم مەیلە خراپتر بووە بەهۆی ئەو ئارەزووەی هەیانە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگەی موسڵمانان. جگە لەوەش، زۆرینەی هەرە زۆری کوردە شەبەکەکان بۆیان دەرکەوتووە کە تەنها ڕێگە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان، زمانی عەرەبییە.

٤. تەنها ئەو کوردە شەبەکە خوێندەوارانەی کە فێری خوێندن و نووسینی عەرەبی بوون، دەتوانن بەو زمانە بنووسن یان بخوێننەوە، چونکە عەرەبی زمانی قوتابخانە و ئەکادیمیاکانە.

# کوردانی عێراق: مێژووی نوێ و ئاسۆکانی داهاتوو



و. نەورۆز محمد عبدالرحمن

ئەم بابەتە بە کورتی باس لە گەشەسەندنی بارودۆخی کوردانی عێراق لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئاییندەی ئەم پێکهاتەیە لە عێراقی پاش سەدامدا چۆن دەبێت. هەروەها بژاردەی سیستەمێکی فیدراڵی تاوتوێ دەکات کە تێیدا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و باکووردا، ڕێگەیەک بێت بۆ هەبوونی حکومەتێکی هەرێمی کارا و لە هەمان کاتدا پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت. دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و قبوڵکراو بۆ کێشەی کورد، بۆ سەقامگیریی داهاتووی عێراق یەکجار پێویست و حەتمییە. جگە لەوەش، بابەتەکە باس لەوە دەکات کە چۆن ئەزموونی دە ساڵەی خۆبەڕێوەبەریی کورد لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا، کاریگەری دەخاتە سەر گفتوگۆکانی تایبەت بە ئاییندەی عێراق. لە کۆتایی بابەتەکەشدا، کرۆنۆلۆژیایەک (ڕیزبەندییەکی مێژوویی) بۆ مێژووی هاوچەرخی کورد خراوەتە ڕوو.

کوردەکان، گرووپێکی نەتەوەیی-زمانەوانیی ئێرانیین – وەک فارس، لوڕ، بەلوچ و بەختیارییەکان – و نیشتەجێی ناوچەیەکی شاخاوین کە سنوورەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریای تێدا بەیەک دەگەن. دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەپێی مەرجەکانی پەیماننامەی سێڤەری ساڵی ١٩٢٠، بەڵێنی وڵاتێکی سەربەخۆ بە کورد درا، بەڵام دواتر ئەو پێشنیارە لەژێر سایەی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣دا هەڵوەشایەوە. کوردەکان کە ژمارەیان لانیکەم ٢٥ ملیۆن کەسە، زۆربەیان بەسەر وڵاتانی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریادا دابەش بوون. ئەو ناوچە سەرەکییەی تێیدا نیشتەجێن نزیکەی ٢٣٠،٠٠٠ میلی چوارگۆشەیە، کە یەکسانە

بە ڕووبەری ئەڵمانیا و بەریتانیا پێکەوە. کورد گەورەترین گروپی نەتەوەییە لە جیهاندا کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت. زاراوەی "کوردستان" بە شێوەیەکی بەرفراوان لە عێراق بۆ ئاماژەدان بە ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق و لە ئێرانیش بۆ ئاماژەدان بە ناوچە کوردییەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەکاردێت. بەڵام تورکیا و سووریا لەبەر هۆکاری سیاسی خۆیان لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەپارێزن، هەرچەندە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە.

ناوچەی باکووری عێراق کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٨٣،٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئەمەش نزیکەی هاوقەبارەی وڵاتی نەمسا دەبێت. هەروەها کۆمەڵە نەتەوەییە-زمانەوانییە بچووکترەکانی وەک ئاشووری-کلدان، تورکمان، عەرەب و ئەرمەنیش لە کوردستانی عێراقدا دەژین. لە عێراقدا، نزیکەی ٣.٧ ملیۆن کورد لە ناوچەی پەناگەی ئارامی باکوور نیشتەجێن کە زۆرینەیان کوردن، هەروەها لە نێوان ١ بۆ ٢ ملیۆن کوردی دیکەش لە باقی

ناوچەکانی عێراقدا دەژین، بەتایبەتی لە بەغدا، مووسڵ و ئەو بەشەی کوردستانی عێراق کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی بەغدادایە.

زۆرینەی کوردەکان موسڵمانی سوننەن. هەروەها کوردی شیعە و ئێزدی، هەروەها مەسیحییەکانیشدا هەن کە خۆیان وەک کورد دەناسێنن. ئێزدییەکان کوردن و پەیڕەوی ئایینێک دەکەن کە تێکهەڵکێشێکە لە نەریتە ڕەسەنەکانی پێش ئیسلام و نەریتە ئیسلامییەکان. کۆمەڵگەی جولەکەی کورد لە عێراق کە سەردەمانێک گەشاوە و چالاک بوو، ئێستا تەنها لە چەند خێزانێک لە ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردیدا پێکهاتووە.

لەو کاتەوەی دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق دامەزراوە، مێژووی کوردستانی عێراق بریتی بووە لە دواکەوتوویی، سەرکوتکردنی سیاسی و کولتووری، وێرانکاری، پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید. "ئەنفال" (دەستکەوتەکانی جەنگ) ناوی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی داڕێژراو بوو دژی کوردانی عێراق. ئەمە بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی گەورە و بەردەوام دژی کوردەکان بەهۆی تێکۆشانیان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. پرۆسەی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨دا لەژێر سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید، ئامۆزای سەدام حسێن ئەنجامدرا. کە بە "عەلی کیمیایی" بەناوبانگ بوو بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی لە شار و گوندەکانی کوردستاندا.

ئامانجی گشتیی ئەم هەڵمەتە بریتی بوو لە لەناوبردنی بەرگریی کورد بە هەر هۆکار و ئامرازێکی پێویست. ئامانجە تایبەتەکەشی پاکتاوکردنی ناوچەکە بوو لە "تێکدەران" - کە سەرجەم نێرینەکانی تەمەن نێوان ١٥ بۆ ٧٠ساڵی دەگرتەوە. لە گوندە بە ئامانجکراوەکان و ناوچەکانی دەوروبەریاندا زیندەبەچاڵی بەکۆمەڵ ئەنجامدرا. ئۆپەراسیۆنەکە بە وردی دارێژرابوو، کە پێکهاتبوو لە دەستنیشانکردنی ئەو گوندانەی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕاندا بوون، وە بە "قەدەغەکراو" ناساندنی ئەو گوندانە و ناوچەکانی دەوروبەریان، وە ڕێگەدان بە کوشتنی هەر مرۆڤ یان ئاژەڵێکی کە لەو ناوچانە ببینرانایە.

گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ئەم گوندانە بە مەبەستی بڕینی هەموو جۆرە پاڵپشتییەک لێیان. هەروەها سوپا پلانی دانابوو بۆ چۆڵکردنی گوندەکان و گواستنەوەی دانیشتووانەکەیان بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوونی زۆرەملێ (ئۆردوگا جەماعییەکان) کە هاوشێوەی کەمپی نیشتەجێکردنی جیاکراوە بوون. ئەو کەسانەی ڕەتیان دەکردەوە گوندەکانیان چۆڵ بکەن، زۆربەی کات تەقەیان لێ دەکرا و دەکوژران. لە هەندێک حاڵەتیشدا، ئەو کەسانەی ڕازی دەبوون بە جێهێشتنی گوندەکان، کۆدەکرانەوە و لە یەکتر جیا دەکرانەوە؛ بە جۆرێک پیاوانی تەمەن ١٥ بۆ ٧٠ ساڵ لە گروپێکدا، و ژنان و منداڵان و پیاوانی بەتەمەن لە گروپێکی دیکەدا بن. زۆربەی پیاوەکان لەسێدارە دران، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە ڕەوانەی ئۆردوگا جەماعییەکان یان کەمپەکانی باشووری عێراق کران.

لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، نزیکەی ١،٢٠٠ گوند وێران کران. زیاتر لە ١٨٠،٠٠٠ کەس بێسەروشوێن بوون و بە مردوو هەژماردەکرێن. هەرچەندە پاڵنەری حکومەتی عێراق تا ڕادەیەک ئەوە بوو کە هەندێک گروپی کوردی لە کاتی جەنگی ئێران-عێراقدا هاوکاری ئێرانیان کردووە، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە لە ساڵی ١٩٩١دا لە ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردیدا دۆزرانەوە، ئەوە دەردەخەن کە ئەم ئۆپەراسیۆنە بەشێک بووە لە هەڵمەتێکی گەورەتر کە سەدام لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتیدا ئەنجامی داوە. ئێستا زۆر کەس ئەم ئۆپەراسیۆنە وەک بەڵگەی جینۆساید دژی کوردانی عێراق دادەنێن. لە هەموو قۆناغەکانی پاکتاوی ڕەگەزیدا – کە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکرد و لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا گەیشتە لووتکە – وا مەزەندە دەکرێت کە زیاتر لە ٤،٠٠٠ گوند لە گوندەکانی کوردستان وێران کرابن و ئەگەری هەیە ٣٠٠،٠٠٠ کەسیش گیانیان لەدەستدابێت.

ناسراوترین هێرشی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە لە ئازاری ١٩٨٨دا ڕوویدا. ئەم شارە کەوتووەتە ناوچە شاخاوییەکانی نزیک سلێمانی و نزیکەی ١١ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە. لەو کاتەدا لە نێوان ٤٠،٠٠٠ بۆ ٥٠،٠٠٠ کەس لەو شارەدا دەژیان. پێشتر سوپای ئێران هێزەکانی عێراقی لەو ناوچەیە وەدەرنابوو. لە ماوەی سێ ڕۆژدا، شارەکە و قەزاکانی دەوروبەری هێرشیان کرایە سەر بە بە بۆمبی ئاسایی، تۆپبارانکردن و چەکی کیمیایی – لەوانە گازی خەردەل و گازە دەماربەخشەکانی وەک (سارین، تابوون و ڤی ئێکس. بەهۆی هێرشە کیمیاییەکەوە، لانیکەم ٥،٠٠٠ کەس دەستبەجێ گیانیان لەدەستدا و مەزەندە دەکرێت لەو سێ ڕۆژەدا تا ١٢،٠٠٠ کەس گیانیان لەدەستدابێت.

نزیکەی پازدە ساڵ دواتر، هێشتا زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نەبوو دەربارەی کاریگەریی ئەم ماددانە لەسەر خەڵک و ژینگەی ناوچەکە. دکتۆر کریستین گۆسدن، پرۆفیسۆری جینەتیکی پزیشکی لە زانکۆی لیڤەرپوول، بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگای کوردی لە واشنتۆن (WKI)، یارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی "پەیمانگای باڵای پزیشکیی هەڵەبجە" بە مەبەستی تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی چەکی کۆمەڵکوژ لەسەر دانیشتووانی مەدەنی. ئەم ناوەندە هەم توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدا و هەم هاوکاری پزیشکی پێشکەش بەو هەزاران ڕزگاربووە دەکرد کە لە ناوچەکەدا دەژیان. ئەزموونی ڕاستەوخۆی کوردەکان لەگەڵ ئەم جۆرە هێرشانە، وای لێکردوون داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن بۆ پاراستنیان لەم جۆرە چەکانە لە ئەگەری هەر هێرشێکی سەربازیی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق.

لە نیسانی ١٩٩١دا، و لە دوای ڕاپەڕینی مانگی ئازاری کوردەکان لە باکوور و عەرەبە شیعەکان لە باشوور دژی حکومەتی ناوەندی، کوردستانی عێراق بۆ دوو بەش دابەش بوو. بە پشتبەستن بە بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزە سەربازییەکانی یازدە وڵات، لە نێویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا، "ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئارامی"یان (Operation Provide Comfort) جێبەجێ کرد بۆ دابینکردنی ئاسایش و هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو پەنابەرانەی لە کەمپەکانی سەر سنووری عێراق-تورکیادا بوون. لەم چوارچێوەیەدا، ئەوەی پێی دەوترێت "پەناگەی ئارامی کورد" و "ناوچەی دژەفڕینی باکوور" دامەزران. سەرەڕای کۆتوبەندێکی زۆر و دژایەتییەکی توندی دەرەکی و ناوخۆیی، ناوچەی پەناگەی ئارامی کورد بۆ ماوەی دە ساڵ بە سەرکەوتوویی لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە بەڕێوە دەبرا. ئەم بەشەی کوردستانی عێراق ڕووبەرەکەی نزیکەی ٤٠،٠٠٠ کیلۆمەتری

چوارگۆشەیە، واتە نزیکەی نیوەی ڕووبەری کوردستانی عێراق دەبێت؛ بەشەکەی تریشی هێشتا ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە بەڕێوە دەبرێت.
لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، حکومەتی عێراق بە ویستی خۆی دامودەزگا کارگێڕییە مەدەنییەکانی لە ناوچەکە کێشایەوە و هاووڵاتیانی ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردییان بەجێهێشت تا خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن. لە ئایاری ١٩٩٢دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا و لە ئەنجامدا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دامەزران. پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (YNK) چوونە ناو ڕێککەوتنێکی یەکسانی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، کە تێیدا ٥ کورسی لە کۆی ١٠٥ کورسییەکەی پەرلەمان بۆ ئەندامانی پێکهاتەی مەسیحی ئاشووری-کلدان تەرخانکرا. تورکمانەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، هەرچەندە هەوڵدرابوو نوێنەری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە پرۆسەکەدا بەشدار بن.
بۆ پەرەپێدانی ئەزموون لەگەڵ پێداویستییەکان، سیستەمەکان و ڕێکارەکانی دیموکراسی پرۆسەی بەشدارپێکردن پەیڕەو کرا. ئەم هەڵبژاردنانە لەلایەن چاودێرە نێودەوڵەتییەکانەوە بە ئازاد و بێگەرد لەقەڵەم دران. بەڕێوەبردنی هەرێمی لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمیی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی عێراق دامەزرا. چوار پارێزگا دەستنیشان کران کە هەر یەکێکیان لەلایەن پارێزگارێکەوە سەرپەرشتی دەکرا.
حکومەتی هەرێم، کە سەرۆک وەزیرانێک و کابینەیەکی وەزاری سەرۆکایەتییان دەکرد، لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دامەزرا. بەڵام ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوازی پەنجا بە پەنجا (٥٠-٥٠) لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا تێکچوو. ئەمڕۆ، ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردی بەسەر دوو بەشی جیاوازدا دابەش بووە و هەر لایەکیان لەلایەن یەکێک لە دوو پارتە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) بەڕێوە دەبرێن. هەوڵەکان بەردەوامبوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بە مەبەستی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە.
سەرەڕای ئەم نائومێدییە، چەند گەشەسەندنێکی ئەرێنی هاتنە ئاراوە. لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١دا، هەڵبژاردنی ناوخۆیی ئازاد و بێگەرد لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا لە دەیان شارەوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا ئەنجام دران. هەروەها بۆ یەکەمجار لە دوای ساڵی ١٩٩٤ەوە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرجەم ئەندامانییەوە لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ لە هەولێر کۆبووەوە.

کۆبوونەوەی دووبارەی پەرلەمان ئاماژەیەکی ڕوونبوو بۆ گەشەکردنی هەماهەنگی نێوان پارتی و یەکێتی، بەتایبەتی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئیدارەی بوش و کۆنگرێسی ئەمریکا، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ئەوروپا. بەتایبەتیش، پارتی و یەکێتی یەکدەنگبوون لە جەختکردنەوە لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد لە عێراقێکی دیموکراسیی ئایندەدا، کە تێیدا داوای ئەوە دەکەن کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی دەستووریی نوێدا، بچێتە ناو پەیوەندییەکی فیدراڵییەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا.

ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردی ئێستا وەک نموونەیەکی تەمەن دە ساڵە وایە بۆ ئەوەی کە دەکرێت لە تەواوی بەشەکانی تری عێراقدا ڕوو بدات. بەشە ڕزگارکراوەکەی کوردستانی عێراق بووەتە پەناگەیەک بۆ هەموو ئەو عێراقییانەی کە بەدوای ئازادی و دیموکراسیدا دەگەڕێن. لە ساڵی ١٩٩١ەوە، هەزاران پەنابەری عێراقی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە. هەروەها هەر لەو ساڵەوە، هەزاران عێراقی تریش لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە وەک پەناخواز ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە. ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە، هەندێک لەو خێزانانەی کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر عێراقیان جێهێشتبوو و ببوونە هاووڵاتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە بڕیاری گەڕانەوەیان داوە.

سەرەڕای چەندین ئاستەنگ و کۆسپە ناوخۆییەکان، لەوانە دژایەتی توندی وڵاتانی دراوسێ و هەردوو گەمارۆی دەرەکی و ناوخۆیی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خرابووە سەر ناوچەکە، هەموو خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکان تا ئەو ئاستەی کە سەرچاوەکان ڕێگەیان پێداوە دابین کرابوون. هەروەها ڕێز لە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی هاتووچۆ دەگیرا. ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان دامەزران و سێ زانکۆش لەگەڵ هاوبەشە ئەمریکی و ئەوروپییەکاندا کار دەکەن بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەکادیمییە نوێیەکان، چاکسازی و نوێکردنەوەی مەنهەجەکان، و دابینکردنی هەلی مەشق و ڕاهێنان بۆ ستافی مامۆستایان. سەرکردایەتی ناوچەکە ڕێگەیان دا بە بەردەستبوونی تەلەفزیۆنی سەتەلایت بە زیاتر لە ٥٠٠ کەناڵەوە بۆ هەر کەسێک کە بتوانێت ئامێرەکانی بکڕێت، کە بە ئاسانی دەستدەکەون. کۆمپانیا تایبەتەکان خزمەتگوزاریی پەیوەندییە تەلەفۆنییە نێودەوڵەتییەکان بەبێ سانسۆر دابین دەکەن. هەروەها دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت بەبێ سنوور و بەبێ سانسۆر لە ڕێگەی سەرچاوە تایبەت و سەربەخۆکانەوە بەردەستە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch)، سەرکردایەتی ناوچەکە پێشکەوتنێکی

بەرچاوی بەدەستهێناوە لە بەرەودان و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی عێراق.
بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٧ سەدان گوندی وێرانکراو ئاوەدان کرانەوە و دەیان هەزار خێزان توانییان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی ڕەسەنی خۆیان. سەرەڕای بوونی کێشەی جدی بەهۆی بێتوانایی، سووربوون و هەوڵەکانی بەغدا، پرۆگرامی "نەوت بەرامبەر خۆراک" (ماددەی ٩٨٦) کە لە ساڵی ١٩٩٧وە دەستی پێکرد بەردەوامە لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی گەورە بۆ ناوچەکە لە سەرووەتی نەوتی گشتیی عێراق، بۆ بوارەکانی چاودێری پزیشکی، ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوازدە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا کار دەکات، کە نۆیان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراکدا.
مێژووی کوردستانی عێراق پێش ساڵی ١٩٩١، مێژووی وێرانکاری و ئاوارەیی بووە. زیاتر لە ٤،٠٠٠ گوند و ئاوەدانی وێران کران، لە نێویاندا ئەو شارۆچکانەی کە ژمارەی دانیشتووانیان زیاتر لە ٥٠،٠٠٠ هاووڵاتیی عێراقی بووە. سەدان هەزار هاووڵاتی دەستبەسەر کران و کوژران. دەیان هەزاری تریش ناچار کران لە "ئۆردوگا جەماعییەکانی" ژێر کۆنترۆڵی بەغدا بژین. زۆرێکیشیان لە ماوەی ساڵانی جەنگدا بریندار بوون. سەرەڕای دەستکەوتەکانیان لە بوارەکانی دیموکراسیخوازی و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق هێشتا لەلایەن بەغدا و وڵاتانی دراوسێوە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە، بە جۆرێک کە ئەو ئازادییەی بە ڕەنجێکی زۆر بەدەستیان هێناوە و ئەو خۆشگوزەرانییە کەمەی هەیانە کەوتۆتە مەترسییەوە. ئاییندەی کوردستانی عێراق هێشتا بە ناڕوونی ماوەتەوە.

## عێراقی دوای سەدام و ڕێکخستنە فیدراڵییەکان

یەکێک لە دەرئەنجامە زۆر گرنگەکانی بوونی پەناگەی ئارامی کورد ئەوەیە، کە نزیکەی ٣.٧ ملیۆن عێراقی ـ کە بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانی وڵاتەکەن ـ ئەزموونی ڕاستەقینەیان لەگەڵ خۆبەڕێوەبەری، مافە مەدەنییەکان و دیموکراسی پەیدا کردووە. ئەگەر تەواوی عێراق لە ڕژێمی ئێستا ڕزگار بکرێت، ئەم بارودۆخە چۆن کارلێک لەگەڵ بەشەکانی تری وڵاتدا دەکات؟
بێگومان، ئەوانەی لەناو پەناگەی ئارامدان زۆر نیگەرانن لەبارەی لێکەوتەکانی

جەنگ و گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا، چ لە ڕووی ئەو هەڕەشانەی بەهۆی جەنگەکەوە دروست دەبن، یان ئەگەری ناسەقامگیری لە دوای جەنگ، و پێگەی ئایندەیان لە عێراقێکی نوێدا. پشتگیرییەکی بەهێز هەیە بۆ پەیڕەوکردنی پێکهاتەیەکی فیدراڵی لە وڵاتەکەدا لەناو حکومەتی ئەمریکا و بزووتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا ـ لە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق (INC) بگرە تا ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق (SCIRI) و گروپە کوردییەکان.

عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات و ئەو کەسانەی بەخت یاوەریان بووە لە ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردیدا بژین، لە ئێستادا خەریکی مشتومڕن لەسەر چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی. هەندێکیان لایەنگری سیستەمێکی فیدراڵین کە لە دوو یەکەی سیاسی پێکبێت: ناوچەی عەرەبی و کوردستان. هەندێکی تر پێشنیاری دابەشکردنی عێراقیان کردووە بۆ سێ یەکەی فیدراڵی: کوردستان، ناوەندێکی عەرەبی سوننە و باشوورێکی عەرەبی شیعە. هەروەها پێشنیاری ڕێکخستنی پێنج یەکەی فیدراڵیش (کوردستان، بەغدا، جەزیرە، کووفە و بەسرە) کراوە. کوردەکانی عێراق پشتگیری لە دابەشکردنی عێراق بۆ هەر ژمارەیەک لە یەکە فیدراڵییەکان دەکەن لە ژێر سایەی سیستەمێکی فیدراڵیدا، بەو مەرجەی خودی کوردستانی عێراق یەکێک بێت لەو یەکە فیدراڵییانە.

لە کۆنفرانسێکی ئەم دواییەدا کە زانکۆی باشووری دانیمارک ئەمجامدرابوو، برێندان ئۆلێری پێشنیارێکی جێگرەوەی سەرنجراکێشی خستە ڕوو بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمێکی سیاسی فیدراڵی بۆ تەواوی عێراق. لە ڕوانگەی ئەوەوە، کوردستانی عێراق دەتوانێت بچێتە ناو ڕێکخستنێکی فیدراڵی دامەزراوەیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بە جۆرێک کە بەشەکانی تری عێراق بە شێوەیەکی فیدراڵی ڕێک نەخرێن. ئەو بەم جۆرە ڕێکخستنە دەڵێت "فیدراسی" (Federacy). لە تیۆریدا، ئەم مۆدێلە دەتوانێت لەگەڵ زۆرینەی عەرەب لە عێراقدا بگونجێت ئەگەر هاتوو فیدراڵیزم لەسەر ئاستی هەموو وڵاتدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەنگی پێنەدرا. ئەگەری هەیە، و لە ڕاستیدا پێشبینیش دەکرێت، کە کوردەکان هیچ تێبینییەکیان نەبێت لەسەر دروستکردنی عێراقێکی دیموکراسی کە بە شێوەیەکی فیدراڵی ڕێکنەخرابێت، بەو مەرجەی خودی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی فیدراڵیی دەستووریدا لەگەڵ ناوەند، مافی خۆبەڕێوەبەری بەدەست بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازییەکی ورد بەڵام گرنگ هەیە لەوەی کە چۆن چەمکی فیدراڵی جێبەجێ بکرێت. کوردەکان مەیلیان بەلای ئەوەدا بووە کە بەشێکی خۆبەڕێوەبەری عێراق بە دیاریکراوی بۆ کورد بێت. بژاردەیەکی تریش ئەوەیە کە ناوچەیەکی

خۆبەڕێوەبەری باکوور (یان چەند ناوچەیەکی لەو شێوەیە) هەبێت کە لەسەر بنەمای هەرێمی ڕێکخرابێت نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی. زۆربەی کوردەکان لایەنگری شێوازی یەکەمیان دەکەن، لە کاتێکدا زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکی شێوازی دووەم بە باش دەزانن وەک ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی گرژییە نەتەوەییەکان لە عێراقی دوای سەدامدا. جگە لەوەش، کوردەکان بە ئاشکرا دژی دابەشکردنی مێژووی کوردستانی عێراقن بۆ چەند یەکەیەکی فیدراڵی جیاواز، کە ئەمە بیرۆکەیەکە لە لای هەندێک لە شرۆڤەکارانی ئەمریکی پەسەندە.

لە چوارچێوەی ئەوەی کە دەکرێت ناوی بنرێت چارەسەرێکی سیاسیی "کوردستانی" نەک "کوردی"، هێشتا زۆرینەی کورد کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی باکووری دیاریکراو لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەن لەناو سیستەمێکی فیدراڵیی عێراقیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە پێکهاتەیە نارەزایەتییەکانی تورکیا کەمدەکاتەوە و لە هەمان کاتدا مافی کەمینە ناکوردەکان، بەتایبەتی تورکمانەکان لە ناوچەکەدا دەپارێزێت، کە ڕەنگە کەمتر پەرۆشی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی بن. بەڵام ئایا کوردەکان پلانێکی لەو شێوەیەیان پێ قبوڵ دەبێت؟ کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە ئایا کورد مافی بڕیاردانی چارەنووس پەیڕەو دەکات، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن بڕیار دەدەن ئەو کارە بکەن. کارە مەیدانییەکانم لە ناوچەکەدا (بڕوانە خوارەوە) هەندێک ئاراستەی گرنگ سەبارەت بەم پرسە نیشان دەدەن.

فیدراڵیزم ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی حوکمڕانی کە تێیدا دەسەڵات دابەش دەکرێت لە نێوان دەسەڵاتێکی ناوەندی و چەند یەکەیەکی سیاسیی پێکهێنەردا، کە خاوەنی ڕادەیەکی گونجاو لە دەسەڵاتی ناوخۆیین؛ بۆ نموونە توانای سەپاندنی باج و هەبوونی هێزی چەکدار (میلیشیا). لە هەندێک دەوڵەتی فرەکولتووردا وەک سویسرا، یەکە سیاسییە پێکهێنەرەکان تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە دەستنیشان نەکراون، بەڵکو لە ڕووی کولتووریشەوە و لەسەر بنەمای زمان، نەتەوە، ئایین یان هۆز دیاری کراون. فیدراڵیزم وەک پێکهاتەیەکی ڕێکخەر بۆ حوکمڕانی دەتوانێت سەقامگیری لە دەوڵەتە فرەنەتەوە یان فرەئایینەکاندا بەهێز بکات، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی یەکەی سیاسی کە پەیوەندییان لەگەڵ ناوەند لە دەستوورێکدا دیاریکراوە، کە ئەو دەستوورە بنەما نووسراوەکان سەبارەت بە پێکهاتەکان و یاساکانی حوکمڕانی و تەرخانکردنی بودجە فیدراڵییەکان دابین دەکات.

وەک چۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوونی هەیە، فیدراڵیزم لە عێراقی ئایندەدا دەتوانێت سیستەمێکی هاوسەنگی و چاودێری (checks and balances)

دابین بکات بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی هەر حکومەتێکی ناوەندی لە داهاتوودا، ئەمەش ڕێگری دەکات لە توانای هەر سەرکردایەتییەکی دیکتاتۆر ـ چ عەلمانی بێت یان ئیسلامی ـ بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوەند. هەروەها، وەک ئەوەی لە سویسرا هەیە، فیدراڵیزم دەتوانێت مافە سیاسی و کولتوورییەکانی پێکهاتە نەتەوەیی-زمان و ئایینییەکانی عێراق گەرەنتی بکات.

دروستکردنی پەیوەندییەکی فیدراڵیی چەسپاو لە دەستووردا لە نێوان کوردستانی عێراق و حکومەتێکی ناوەندیی دوای سەدام حسێن، تاکە چارەسەرە کە بتوانێت مافی ڕەوای بڕیاردانی چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردی لە عێراقدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عێراقیدا بەدی بهێنێت. بەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە و بەردەوام بۆ پرسی کورد لە عێراق، سەقامگیری لە دەوڵەتێکی دوای سەدام حسێن ئەستەمە بەدی بێت. بە هەمان شێوە، عێراقێکی ناسەقامگیر لە دوای سەدام حسێن، دوورە کە بتوانێت پرۆسەی دیموکراسیخوازی پەیڕەو بکات ـ کە ئامانجێکی ڕاگەیەندراوی ئیدارەی بوشە.

لە ڕووی تیۆرییەوە، دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی بۆ حوکمڕانی کە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەند و خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردستانی عێراق لەخۆ بگرێت، مۆدێلێکە کە لە عێراقدا بە باشی کار دەکات. بەڵام لە ڕووی کردارییەوە، تەحەددییەکە بریتییە لە بەدەستهێنانی پشتگیریی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردی لە عێراق، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراسیدا.

## ڕۆڵی تورکیا

نیگەرانییەکی سەرەکی بۆ کورد و هەروەها بۆ ئیدارەی بوش، پێگەی گۆڕاوی تورکیایە سەبارەت بە فیدراڵیزم و پرسی کورد لە عێراقدا. تورکیا بەردەوام دژی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بووە لە کوردستانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، تورکیا نیگەرانی دەربڕیوە سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخستنێکی فیدراڵی لە نێوان کوردستانی عێراق و حکومەتێکی ناوەندی لە دوای سەدام حسێن. نیگەرانییە سەرەکییەکەی تورکیا ئەوەیە کە مووسڵ و شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت، ڕادەستی یەکەیەکی فیدراڵی نوێی کوردستان نەکرێن.

لەو ماوەیەی کە لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تێپەڕیوە، دۆخی کۆمەڵگەی تورکمانی عێراقیش جێگەی بایەخی تورکیا بووە. لەم ڕووەوە، تورکیا و بریکارەکەی لە ناوچەی پەناگەی ئارامی کوردیدا ـ کە بەرەی تورکمانی عێراقییە ـ

داوای دامەزراندنی یەکەیەکی فیدراڵی تورکمانییان کردووە کە شارەکانی مووسڵ و کەرکووک بگرێتەوە، ئەگەر بێت و هەرێمێکی فیدراڵی هەمیشەیی بۆ کوردستان دابمەزرێنرێت. سەرکردە تورکەکان ڕایانگەیاندووە کە دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی کوردستان لە داهاتوودا کە کەرکووک بگرێتەوە، "بیانووی جەنگە" (casus belli). لە ڕاستیدا، وا دەردەکەوێت تورکەکان خۆیان ئامادە کردبێت بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە کوردستانی عێراقدا لە ئەگەری گۆڕینی ڕژێمدا.

خەمڵاندنەکان بۆ ژمارەی تورکمان لە عێراقدا جێی متمانە نین و ڕەهەندێکی سیاسییان وەرگرتووە. ژمارەکان لە نێوان ٣٥٠،٠٠٠ بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس دەخەمڵێندرێت. بە هەمان شێوە، ژمارەی تەواوی کورد و تورکمان کە ئەمڕۆ لە کەرکووک دەژین نادیارە. لە ڕووی مێژووییەوە شارەکە زۆرینەی کورد بووە، بەڵام حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییان لە کەرکووک پەیڕەو کردووە، کە لە سەرەتادا دژی کورد و دواتریش دژی تورکمانەکان.

ێشنیازی دەستوور بۆ قەوارەیەکی سیاسیی کوردستان لە عێراقێکی فیدراڵدا، کە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە دارێژراوە و لە ئێستادا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی یەکگرتووەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، داوای گەڕانەوەی کەرکووک دەکات بۆ ناو قەوارەیەکی سیاسیی فیدراڵیی کوردستان لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەشنووسی دەستوورەکە بە ڕوونی ئاماژە بە ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی نەوتی کەرکووک بە حکومەتی ناوەندیی نوێ دەکات و دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە کەرکووک شارێکی فرەنەتەوەیە و کورد، عەرەب، تورکمان و ئاشووری تێیدا نیشتەجێن. ڕەشنووسی دەستوورەکە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکات کە تێیدا ئەندامانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بتوانن کاندیدی شایستە بنوێنن.

کوردەکانی عێراق نیگەرانن لەوەی کە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی تورکیا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر پشتگیرییەکانی ئەمریکا بۆ ئەو جۆرە ڕێکخستنە فیدراڵییەی کە ئەوان دەیانەوێت ببینن. کوردەکان چەندین جار و بە شێوەیەکی ئاشکرا دڵنیاییان داوەتە ئەمریکا و تورکیا کە ئەوان بەدوای سەربەخۆییدا ناگەڕێن، بەڵکو عێراقێکی یەکگرتوو، فیدراڵ و دیموکراسییان پێ باشترە کە تێیدا کوردستان وەک یەکێک لە یەکە سیاسییە فیدراڵییەکان بێت. ئەوان چەندین جار ئاماژەیان بەوە کردووە کە لەگەڵ حکومەتێکی ئینتیقالی نوێنەرایەتیکار کار دەکەن بۆ دارشتنی دەستوورێک بۆ عێراقێکی فیدراڵ کە

پێداویستییەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەبەرچاو بگرێت.
ئەوەی کە ئایا کەرکووک دەخرێتە ناو هەرێمێکی فیدراڵی کوردستان لە عێراقی نوێدا، یان ئایا هەرێمێکی فیدراڵی جیاواز بۆ تورکمانەکان دادەمەزرێنرێت، ناتوانرێت بە شێوەیەکی تاکلایەنە لەلایەن تورکیاوە بڕیاری لێ بدرێت. بە ڕوونی، ئەمانە ئەو پرسانەن کە دەبێت گەلی عێراق بڕیاریان لەسەر بدەن. ئەو کوردە عێراقییانەی کە لە کەرکووک و دەوروبەری دەرکراون، بێگومان دوای ڕزگاربوونی عێراق دەگەڕێنەوە. ئەگەر زۆرینەی کەرکووکییەکان لە ڕیفراندۆمێکی داهاتوودا لە عێراقێکی دیموکراسیدا، دەنگ بە بەرژەوەندی لکاندنی کەرکووک بە یەکەی سیاسیی فیدراڵی کوردستان بدەن، ئەوا دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.
لە کاتی بیرکردنەوە لە چارەسەرێکی فیدراڵی بۆ عێراق، گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە تورکیا پشتگیری لە پلانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ دروستکردنی حکومەتێکی فیدراڵی هاوشێوەی سویسرا لە قوبرس، کە تێیدا کۆماری قوبرس بە دوو دەوڵەتی پێکهێنەر دەگۆڕدرێت ـ یەکێکیان تورکی و ئەوی تریان یۆنانی ـ کە هەر یەکەیان دەستووری تایبەت بە خۆیان هەبێت، جگە لە دەوڵەتێکی هاوبەش کە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی و دەزگایەکی یاسادانانی دوو ژووریی هەبێت. تەنانەت وا دەردەکەوێت "پڵنگەکانی تامیل"یش گەیشتبێتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێکخستنێکی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی سریلانکا، وەڵامی داواکارییەکانیان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس لە ڕێگەی "ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بەرفراوان" دەداتەوە.
پرسێکی سەرەکی بۆ داڕێژەرانی سیاسەت لە ئەمریکا و ئەورووپا ـ هەروەها بۆ عێراقییەکان و تورکیاش ـ ئەوەیە کە ئایا فیدراڵیزم تەنها چارەسەری گونجاوە بۆ پرسی چارەسەرنەکراوی کوردی لە عێراقدا کە بتوانێت یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکە بپارێزێت؟ پرسی دووەم ئەوەیە کە چۆن فیدراڵیزمەکە بنیات دەنرێت؟ و سێیەمیش ئەوەیە کە ئایا فیدراڵیزم، وەک پێکهاتەیەکی ڕێکخەر بۆ حوکمڕانی لە کۆمەڵگە فرەپێکهاتەکاندا، دەتوانێت بە باشترین شێوە سەقامگیری لە عێراق دوای گۆڕینی ڕژێمدا مسۆگەر بکات؟ کە ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی چالاک.

### پێکهاتی ناسنامە لە کوردستانی عێراق لە دوای ١٩٩١

کاتێک لە حوزەیرانی ٢٠٠١دا لە سەردانێکی ناوچەکە گەڕامەوە، لە نوسراوێکمدا ئاماژەم بەوە کرد کە یەکێک لە دەرئەنجامە نەخوازراو بەڵام دڵخۆشکەرەکانی

دامەزراندنی پەناگەی ئارامی کوردی لە ساڵی ١٩٩١دا، بریتی بوو لە ئەزموونکردنێکی بەردەوامی دیموکراسی. بە پشتبەستن بەو کارە مەیدانییانەی کە دواتر لە تەمموزی ٢٠٠٢دا ئەنجامم دان، دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە دووەم دەرئەنجامی نەخوازراو بەڵام دڵخۆشکەری دامەزراندنی پەناگەی ئارام، بریتییە لە ئەزموونکردنی فرەیی (پلورالیزم) کە هانی سەرهەڵدانی ناسنامەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی دەدات لە نێوان کورد، ئاشووری-کلدان و تورکمانەکاندا.

من ئەم جۆرە ناسنامە کۆمەڵایەتییە سەرهەڵداوەم ناوناوە "کوردستانیبوون" لەبەر نەبوونی وشەیەکی گونجاوتر. چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ ڕۆشنبیران، سەرکردە سیاسی و ئایینییەکان و چالاکوانانی کولتووری لە ئاشووری-کلدان و تورکمانەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەزموونی دە ساڵەی خۆبەڕێوەبەری، نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ ئەم پێکهاتە بچووکانەش "سەردەمێکی زێڕین" بووە. لە هەوڵمدا بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زۆری زاراوەی "کوردستانی" لەلایەن ئەو کەسانەی زانیارییان لێ وەردەگرم (کورد، ئاشووری-کلدانی و تورکمان)، ئەوەم بیرکەوتەوە کە چۆن ئەمریکییەکان وشەکانی "نیو ئینگلاند" (New England) و "نیو ئینگلاندەر" (New Englanders) بەکاردەهێنن. ئەم زاراوەیە تەنها بۆ پێناسەکردنی ڕەهەندی جوگرافی بەکارنایەت، بەڵکو لایەنە کولتووری و مێژووییەکانی ئەم ناسنامە خۆجێیە ئەمریکییەش لەخۆ دەگرێت.

چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کورد، ئاشووری-کلدان و تورکمانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم هەستە نوێیەی ناسنامەی کوردستانی ڕێک بەو هۆیەوە خەریکە ڕەگ دادەکوتێت چونکە جێگەی فرەیی یان هەمەجۆریی کولتووری تێدا دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییە قووڵەکان بکات. پارتی دیموکراتی کورد ـ کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٥٣دا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ پشتگیری لە پلاتفۆرمێکی سیاسیی بەرفراوان دەکرد بۆ هەموو کوردستانییان بێ گوێدانە ناسنامەی نەتەوەییان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە کاتی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٥دا، هەمان دیدگای پەیڕەو کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا؛ تەنها لە قۆناغی دوای ١٩٩١دایە کە خەڵکی کوردستانی عێراق ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری و دیموکراسییان کردووە. ئەم ناسنامە کوردستانییە سەرهەڵداوە ڕێگە بە کورد، ئاشووری-کلدان و تورکمانەکان دەدات ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکانی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتدا، هەستێکی فراوانتر لە

ناسنامەی بەکۆمەڵ لەسەر بنەمای سێ فاکتەری سەرەکی بنیات بنێن:
- جوگرافیای هاوبەش؛
- ئەزموونی بەردەوامی خۆبەڕێوەبەری، دیموکراسیخوازی و لێبوردەیی کولتووری؛
- و ئەزموونی هاوبەشیان وەک عێراقییە ناکوردەکان کە هەموویان چەوسانەوە و پەراوێزخستنیان لەناو دەوڵەتی نوێی عێراقدا چەشتووە.

سوهام والی، یەکێک لەو تورکمانانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردووە، پەروەردەکار و چالاکوانێکی کولتوورییە، هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی تورکمانییە لە وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر. ئەو پێیوایە کە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو. بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی عێراقدا، مافە کولتووری و سیاسییەکانی هەموو پێکهاتەکان بە ڕاستی گەرەنتی کران. بە وتەی والی، هەرچەندە ڕەنگە زۆرینەی کورد لە سەرەتادا هەوڵی دابینکردنی مافەکانی پێکهاتەکەی خۆی دابێت، بەڵام پێکهاتە سیاسییە نوێیەکەی ژێر سایەی حکومەتی هەرێم سوودی بۆ هەموو پێکهاتەکان هەبووە. ئەو ژیانی سیاسی لە پەناگەی ئارامدا لە دوای ١٩٩١ەوە بە "کارێکی بەردەوام کە هەموو پێکهاتەکان تێیدا بەشدارن، نەک تەنها زۆرینەی کورد" وەسف دەکات. بە پشتبەستن بەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ تورکمان و ئاشووری-کلدانییەکان ئەنجامم داون، دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم متمانە ڕوو لە زیادبوونەیە بە پاراستنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی هەموو پێکهاتەکان – نەک تەنها زۆرینەی کورد – لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دوو پێکهاتەیە ناسنامەیەکی کولتووریی "کوردستانی" هاوبەش لەخۆ بگرن، ئەمەش لە پاڵ ناسنامە نەتەوەیی و زمانییە تایبەتەکانی خۆیاندا.

جگە لەوەش، دەمەوێت بڵێم کە ئەم هەستە هاوبەشەی "کوردستانیبوون" پەیوەندی بە پەرەسەندنی هەستێکی هاوسۆزیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەم پێکهاتانە بیر لە چارەنووسی خۆیان لە عێراقی دوای سەدامدا دەکەنەوە. بەم هۆیانە، پێم وایە گەشەکردنی ئەم هەستەی کوردستانیبوون لە نێوان کورد، ئاشووری-کلدان و تورکمانەکان لە پەناگەی ئارامی کوردیدا، ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ ئەو مشتومڕەی کە فیدراڵیزم وەک باشترین مۆدێلی حوکمڕانی لە عێراقی دوای سەدام حسێن دەبینێت.

ئەوە بە باشی زانراوە کە کورد پشتگیری لە چەمکێکی فیدراڵیزم دەکات کە تێیدا تەواوی کوردستانی عێراق یەکێک لە یەکە سیاسییە فیدراڵییە نوێیەکان پێکبهێنێت. ئەوەی کەمتر تێگەیشتنی بۆ کراوە، ئاستی پشتگیرییە بۆ ئەم پێگەیە لە نێوان ئاشووری-کلدان و تورکمانەکان لە پەناگەی ئارامی باکووردا. توێژینەوەکانی داهاتوو

دەتوانن تیشک بخەنە سەر ئەوەی کە چۆن ئەم هەستە سەرهەڵداوەی ناسنامەی کوردستانی، کار دەکاتە سەر پشتگیریکردن لە فیدراڵیزم لە نێو پێکهاتەکانی ئاشووری-کلدان و تورکمان لە ناوچەی پەناگەی ئارامدا.

### ئەنجامەکان

کوردەکانی عێراق وەک واقیعبینێکی سیاسی، بەدوای جیابوونەوە لە عێراقدا ناگەڕێن. ئامانجی ئەوان بریتییە لە بەشداریکردن لە دامەزراندنی حکومەتێکی هەرێمیی کارا بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا لەژێر سایەی سیستەمێکی فیدراڵی. ئەمەش بە هەبوونی بەڵگەنامەیەکی حوکمڕانی کە پرەنسیپی نووسراو سەبارەت بە پێکهاتەکان، یاساکانی دەسەڵات و تەرخانکردنی بودجەی فیدراڵی لەخۆ بگرێت. سیستەمە فیدراڵییەکان لە سەرانسەری جیهاندا گەشە دەکەن و نابێت دامەزراندنی پێکهاتەیەکی لەو شێوەیە لە عێراقدا وەک هەڕەشە لەلایەن تورکیا، ئێران یان دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە سەیر بکرێت. بەپێچەوانەوە، فیدراڵیزم دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی و سەقامگیریی عێراقی دوای سەدام حسێن، و لەوێوە کەشێکی گونجاو بۆ دیموکراسیخوازی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی برەخسێنێت. دەرەنجامێکی لەو شێوەیە بە ڕوونی لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیدایە، هەروەها لە بەرژەوەندی تورکیا و گەلی عێراقیشدایە.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ڕژێمی عێراق هەڵمەتێکی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزیی دژی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجامداوە، پێویستە هەر پێکهاتەیەکی حوکمڕانی لە داهاتوودا، گەرەنتی و پاراستن بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە یاسایی بکات؛ بەتایبەتی بۆ کوردەکان کە بەو شێوەیە دڕندانەیە و لەسەر بنەمای ناسنامەی کولتووری بوونەتە قوربانی. عێراقێکی یەکگرتوو، دیموکراس و فیدراڵ، نەک تەنها مافی ڕەوای بڕیاردانی چارەنووس بۆ کۆمەڵگەی کوردی دابین دەکات، بەڵکو مافی هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراقیش گەرەنتی دەکات

### کرۆنۆلۆژیا (ڕیزبەندیی کاتی)

ئەمەی خوارەوە کرۆنۆلۆژیایەکی دەستنیشانکراوە بۆ هەندێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە سەدەی ڕابردوودا کاریگەرییان لەسەر کوردانی عێراق هەبووە.
١٩١٨ – چواردە خاڵەکەی سەرۆک وودرۆ ویڵسن: وودرۆ ویڵسن پابەند بوو بە بنەمای

مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ هەموو گەلان. خاڵی دوازدەهەم ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو نەتەوە ناتورکانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەژین "دەبێت دڵنیایی تەواویان پێ بدرێت لە پاراستنی ژیانیان و هەلێکی ڕەهای بێ کێشەیان بۆ بڕەخسێنرێت بۆ گەشەپێدانی (ئۆتۆنۆمی).'

١٩٢٠ - پەیماننامەی سێڤر: لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، هێزە هاوپەیمانەکان کۆبوونەوە بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسیی ئەو زەوی و گەلانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی تێکشکاو دابوون. پەیماننامەکە مافی سەربەخۆیی لە تورکیا بۆ ئەو بەشانەی ئەنادۆڵ دابین کرد کە کورد تێیاندا زۆرینە بوون، هەروەها میکانیزمێکی سیاسیی دارشت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە بڕیار بوو ویلایەتی موسڵیش بگرێتەوە. پەیماننامەی سێڤر واژۆ کرا، بەڵام هەرگیز پەسەند نەکرا (نەچەسپێنرا).

١٩٢٣ - پەیماننامەی لۆزان: پەیماننامەی لۆزان جێگەی پەیماننامەی سێڤری گرتەوە. ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان نەدرا و ئەو ناوچانەی تێیدا دەژیان بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و یەکێتیی سۆڤیەتدا دابەشکران. زۆرترینی ژمارەی کوردەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکیا یان ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقدا. شاندێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٣دا سەردانی موسڵیان کرد بۆ دیاریکردنی خواستی کوردەکانی ئەوێ، لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەوان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەوێت.

١٩٢٤ - بۆچوونی بەریتانیا: کۆمیسارایی باڵای بەریتانیا لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤دا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا "دانی نا بە مافی ئەو کوردانەی لەناو سنوورەکانی عێراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە ناوخۆی ئەو سنوورانەدا.'

١٩٣٢ - سەربەخۆیی عێراق: لە ساڵی ١٩٣٢دا، لەلایەن بەریتانیاوە سەربەخۆیی تەواو بە عێراق بەخشرا و کێشەی کورد بە چارەسەرنەکراوی بەجێهێڵدرا.

١٩٤٦ - کۆماری مەهاباد: لە ئێران، کوردەکان کۆماری مەهابادیان دامەزراند کە تەمەنی کورت بوو و لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ تا کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بەردەوام بوو.

١٩٤٦ - دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق: ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٥٣دا ناوەکەی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بۆ جەختکردنەوە لە گرتنەخۆی پێکهاتە ناکوردەکانی کوردستانی عێراق.

١٩٥٨ - عێراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم: دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، قاسم هانی کوردەکانی دا بۆ بەشداریکردن لە حکومەتە نوێیەکەدا تا ئەو کاتەی دەسەڵاتەکانی خۆی جێگیر کرد. لە ساڵی ١٩٥٩دا، حکومەتە نوێیەکە دەستی کرد بە سەرکوتکردنی هەموو گروپە نارازییەکان بە کوردەکانیشەوە. لە ساڵی ١٩٦١دا، شۆڕشی کورد هەڵگیرسا و بە پچڕپچڕی بۆ چواردە ساڵی دواتر بەردەوام بوو.

١٩٦٣ - قۆناغی یەکەمی هەڵمەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تەعریبکردن: هەڵمەتی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن کاتێک دەستی پێکرد کە پارتی بەعس بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٣دا گەیشتە دەسەڵات، و تا دوورخستنەوەی کاتیی سەرکردایەتی بەعس لە شوباتی ١٩٦٤دا بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا، ڕژێمی عێراق دەستی کرد بە وێرانکردنی زۆربەی گەڕەکەکانی شۆرجە، ئازادی و ئاخور حوسێن لە ناو شاری کەرکووکدا. سەدان خانوو بە شۆفڵ تەخت کران. دانیشتووانی نزیکەی چل گوندی پارێزگای کەرکووک بە زۆرەملێ دەرکران و عەرەبەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەو شوێنانە نیشتەجێ کران.

١٩٧٠ - ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) و حکومەتی عێراق: لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، ڕێککەوتننامەیەکی ئۆتۆنۆمی لە نێوان پارتی و حکومەتی ناوەندیدا واژۆ کرا کە دانی نا بە بوونی کورد و هەندێک مافی پێ بەخشین، بەڵام تەنها سێ پارێزگای لە کۆی پێنج پارێزگا کوردییەکە لەخۆ گرتبوو. ئەو پارێزگایانەی وەک کەرکووکی لێ بەدەر کرد کە نەوتیان تێدابوو.

١٩٧٤ - شۆڕشی کورد دژی حکومەتی عێراق: تا ساڵی ١٩٧٤، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی گەیشتبووە ئاستی ڕاپەڕینی چەکداری. لەو ماوەیەدا، ئێران و عێراق تێوەگلابوون لە کێشەیەکی سنووریی بەرفراوان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی ئێرانی دەکرد و ئێرانیش بۆ فشارخستنە سەر عێراق، پشتیوانی کوردەکانی عێراقی دەکرد لە خەباتەکەیاندا. لە ساڵی ١٩٧٥دا، کێشە سنوورییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەی جەزائیر یەکلایی کرانەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران پشتیوانییەکانی خۆیان بۆ کوردانی عێراق کێشایەوە. لە ئەنجامدا شۆڕشەکە هەرەسی هێنا. سەدان هەزار کورد وڵاتیان بەرەو کەمپە ئاوارەکان جێهێشت، کە زۆربەیان لە ئێران بوون. زۆرێک لەوانەشی کە نەیانتوانی ڕابکەن، کۆمەڵکوژ کران.

١٩٧٤ - قۆناغی دووەمی هەڵمەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تەعریب: دوای هەرەسهێنانی دانوستانەکانی نێوان کورد و ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٧٤، حکومەتی بەعس دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتی پاکتاوە ڕەگەزی و تەعریبەی کە لە ساڵی ١٩٦٣

دەستی پێکردبوو، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی زۆرینەی دانیشتووانی کورد لەو ناوچانەی کە لە ڕووی ستراتیژی، ئابووری یان سیاسییەوە بۆ عێراق گرنگ بوون. بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دەوروبەری کەرکووک کە کێڵگە نەوتییە گەورەکانی لێیە، لەگەڵ ناوچەکانی ناو بازنەیەکی ٢٠ کیلۆمەتری لەسەر سنووری ئێران و تورکیا کرانە ئامانج. کوردەکان بە زۆرەملێ ڕاگوێزران، کۆمەڵکوژ کران، ڕەوانەی کەمپی ئاوارەکان کران، یان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا نیشتەجێ کران. خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا ڕاگیرا. گوندەکان و بیرە ئاوەکانی ناوچە سنوورییەکان وێران کران. ئەم ناوچانە بوونە جۆرێک لە "خاکی ڕووت" و هەر کەسێک هاتبایە ناو ئەو بازنە ٢٠ کیلۆمەترییە، زیندانی دەکرا و لەسێدارە دەدرا. هەروەها زۆربەی کوردە فەیلییەکان (شیعە) کە لە بەغدا دەژیان، بۆ ئێران ڕاگوێزران.

١٩٧٥ - دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (YNK): لە حوزەیرانی ١٩٧٥ لە دیمەشقی پایتەختی سووریا دامەزرا، ئەمەش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە هەمان ساڵدا.

١٩٨٠ - جەنگی ئێران و عێراق: لە کاتێکدا زۆرێک لە کوردەکان لەم جەنگەدا دژی ئێرانییەکان دەجەنگان، هەندێکی تریان بەردەوام بوون لە شۆڕش دژی حکومەتی ناوەندی، زۆربەی کات بە پاڵپشتی ئێران. ئەمە بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی عێراق لە بەرەکانی جەنگەوە بەرەو ناوچە کوردییەکان بجوڵێنرێن. تا ساڵی ١٩٨٧، کوردەکان بە پاڵپشتی ئێران کۆنترۆڵی زۆربەی کوردستانی عێراقیان کردبوو. سەدام حسێن ئامۆزاکەی خۆی (عەلی حەسەن مەجید)ی بە دەسەڵاتی تەواوەوە کردە بەرپرسی باکووری عێراق بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد. هێرشی کیمیایی، وێرانکردنی زیاتری گوندەکان، ژەهراویکردنی سەرچاوەکانی ئاو، دەستگیرکردن و کۆمەڵکوژی، هەندێک بوون لەو ڕێگایانەی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکە بەکار هاتن.

١٩٨٤ - قۆناغی سێیەمی هەڵمەتی تەعریب: دوای هەوڵێکی تری بێسوودی دانوستان لە ساڵی ١٩٨٤، ڕژێم دەستی کرد بە وێرانکردنی سیستماتیکی گوندەکان، خانوو، کەنیسە و مزگەوتەکان لە ناوچە کوردییەکاندا. ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ساڵی ١٩٨٨دا و لە شاڵاوەکانی ئەنفال گەیشتە قۆناغی کۆتایی. تەنها لەو ساڵەدا نزیکەی ١٢٠٠ گوند وێران کران. مەزەندە دەکرێت ١٨٢,٠٠٠ کەس لە ئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گیانیان لەدەستدابێت. ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەر سێ قۆناغی هەڵمەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تەعریبدا بێسەروشوێن کراون یان کوژراون، بە ٣٠٠,٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێت. هەروەها ژمارەی گشتیی ئەو گوندانەی لە هەموو قۆناغەکاندا وێران

کراون، بە زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند دەخەملێندرێت.
١٩٨٨ - هەڵەبجە: لە ئاداری ١٩٨٨دا، عێراق بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە تێکەڵەیەک لە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شارۆچکەی هەڵەبجە، کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەستبەجێی نزیکەی ٥,٠٠٠ کەسی سڤیل و هەزارانی تریش کە لە چەند ساڵی دواتردا بەهۆی کاریگەرییەکانیەوە گیانیان لەدەستدا.
١٩٩٠ - سزا ئابوورییەکان: بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئابی ١٩٩٠دا دەرکرا، سزای ئابووری بەسەر عێراقدا سەپێنرا بە مەبەستی ناچارکردنی عێراق بۆ کشانەوە لە کوێت.
١٩٩١ - جەنگی کەنداو: لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هانی کوردەکان درا تا دژی حکومەت ڕاپەڕن و سەدام حسێن بڕووخێنن. ڕاپەڕینەکە لە ئاداری ١٩٩١دا دەستی پێکرد، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان هاوکاری کوردەکانیان نەکرد. لە سەرەتادا کوردەکان سەرکەوتوو بوون لە دەرکردنی سوپای عێراق لە ناوچەکانیان، بەڵام دواتر سوپای عێراق خۆی ڕێکخستەوە و ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد. لە باکوور، نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە ترسی هێزەکانی سەدام هەڵاتن و پەنایان بۆ ئێران و تورکیا برد (کۆڕەوی ملیۆنی). تورەیی نێودەوڵەتی وای لە هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە هەڵوێست وەربگرن. بەرەی کوردستانی پێکهێنرا بۆ ڕێکخستنی کارگێڕیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ناوچەکە.
١٩٩٤ - دابەشبوونی پارتی و یەکێتی: ئەو سیستمە پەنجا بە پەنجایەی کە حکومەتی نێوان ئەم دوو پارتەی پێ پێکهاتبوو تێکچوو و شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا هەڵگیرسا.
١٩٩٦ - ئاگربەست: پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) کۆنترۆڵی هەولێری کرد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (YNK) بەرەو سلێمانی پاشەکشەی کرد. لەو کاتەوە، ئەم دوو لایەنە دوو ئیدارەی جیاوازیان پاراستووە.
٢٠٠٢ - کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان: بۆ یەکەمجار لە دوای ساڵی ١٩٩٤ەوە، تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ لە هەولێر کۆبوونەوە.



# زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە ژێر مەترسی بەردەوامی پەڕاوێزخستن و پوکانەوە

پ. ی. د. محمد قادر سەعید
و. فریشتە مەجید

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە ئەم بابەتەی لەسەر بەندە دۆخی مەترسیداری زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشان دەدات و بەرپرسان و ئەکادیمیەکانی کورد ئاگادار دەکاتەوە لە هەڕەشەی زمانی ئینگلیزی کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزین و پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق کە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی زمان وەک پێویست نییە. یەکێک لەو پرسیارە سەرەکیانەی کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات دەتوانێت لە دەوری رۆڵی ئینگلیزی بخولێتەوە لە وەلاتانی زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق کە قوتابخانە ئەهلیەکان زمانی ئینگلیزی وەک زمانی یەکەم بۆ خوێندکارە کوردەکانیان بەکاردەهێنن. بەهەمان شێوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر هۆکارەکانی تر کە لە ئەنجامدا زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا پەراوێز دەخرێت و ئامانجی گەرانە بەدوای نیشانەکانی پەراوێزخستن و دابەزینی زمان؟ ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دابەزینەی کە لە زماندا بەرهەم دێت، یەکێکە لە ئامانجە جەوهەریەکانی دەرەوەی نووسینی ئەم توێژینەوەیە. لەم نێوەندەدا هەوڵ دەدات رۆڵی سیاسەتی زمان (ئەگەر هەبێت) بەرامبەر زمانی کوردی بزانێت؟ بەو پێیەی زمانی کوردی لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی پەراوێزخستن و دابەزیندایە، هەر هەوڵێک بۆ پاراستن و بوژاندنەوەی، یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی بۆ نەوەی داهاتوو. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدێکی وەسفی دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئەوەی تا ئێستا لە ڕووی هەڕەشەی زمانی ئینگلیزی و هەژموونییەوە

سەختییەکان لە جیاکارییەکەی ئاڵتوسەرەوە دەست پێدەکەن لە نێوان ′ئایدۆلۆژیا بە گشتی′ و ئایدۆلۆژیا تایبەتەکاندا. ئایدۆلۆژیا بە گشتی ئەرکی دابینکردنی یەکگرتوویی (پەیوەستبوون)ی هەیە، وەک ئەو ′چیمەنتۆ′یە وایە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بینای کۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا، ئایدۆلۆژیاکان جگە لەوە، ئامرازێکن بۆ پاراستنی باڵادەستی. ئاڵتوسەر لە روانگەی کێشەی چۆنیەتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست بۆ ئایدۆلۆژیا دەبات، ئەمەش جەخت لەسەر ئایدۆلۆژیا وەک چیمەنتۆی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و مەیلی بەرەو ئەوەیە کە باڵادەستی وەک سەپاندنێکی تاکلایەنە و لە بنەڕەتدا بێکێشەی ئایدۆلۆژیایەکی زاڵ ببینێت.ناکۆکییەکی چارەسەرنەکراو لە نێوان ئەم دیدگایەدا (کە زۆرێک لە شرۆڤەکاران وەک مەیلی بەرەو ئاراستەیەکی پێکهاتەیی-فەرمانکاری دەیناسێنن) و جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چینایەتی لەناو دەزگا ئایدۆلۆژییەکاندا هەیە و لە ئەنجامدا خەباتی چینایەتی پەراوێز دەخرێت. ڕەنگە خودی ′دیسکۆرس′ باشترین بەڵگە بێت بۆ ئەوەی کە پراکتیک بەو شێوەیە بە ئاسانی ڕەنگی پێکهاتەکان ناداتەوە وەک ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە. ئەم پەراوێزخستنە لە ڕێگەی دیدگای ئاڵتوسەرەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئایدۆلۆژیا و زانست زیاتر دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە کایەی سیاسیدا کە تەنها دەرزیلێدانی زانست لە دەرەوە و لە شێوەی مارکسیزمدا دەتوانێت ببێتە هۆی ڕزگاربوون لە ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی. بەم شێوەیە بەرگری لە بەرامبەر باڵادەستیی ئایدۆلۆژیدا زیاتر وەک شتێک دەبینرێت کە لە ′تیۆری′یەوە دێت نەک لە پراکتیکی خەباتی کۆمەڵایەتییەوە.

### ٣.پێشۆ

دەستکەوت و سنوورەکانی تیۆری ئالتوسێر لە کارە گرنگەکانی پێشۆ و هاوکارانیدا دەربارەی زمان/ئایدیۆلۆژیا ڕەنگیان داوەتەوە (وەک: هارۆش، هێنری، پێشۆ ١٩٧١؛ پێشۆ ١٩٧٥ (١٩٨٢)؛ کۆنین و ئەوانی تر ١٩٨١؛ پێشۆ ١٩٨٨) لە چوارچێوەی قوتابخانەی فەرەنسی بۆ شیکردنەوەی گوتار کە بە (AD) دەناسرێت. شیکردنەوەی گوتار (AD) جیاکارییەکەی سۆسێر لە نێوان (زمان/ئاخاوتن) گۆڕی بۆ جیاکاری لە نێوان ‹زمان› و ‹گوتار›؛ ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەکارهێنانی جیاوازی زمان لەلایەن کەسانێکەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە (گوتارەکان)، جیاوازیی سیستماتیکی لە مانادا دروست دەکات. شیکردنەوەی گوتار (AD) چەمکی ‹پێکهاتەی گوتاریی› میشێل فوکۆی (١٩٧٢) بەکارهێناوە بۆ بەکارەکییکردنی چەمکی ‹مادەییەتی زمانەوانیی ئایدیۆلۆژیا›. بە وەرگرتنی ‹پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکان› وەک پێگە دژبەیەکەکان لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا پێکهاتە گوتارییەکان ڕەهەندەکانی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانن کە 'دیاری دەکەن چی دەکرێت و چی دەبێت بگوترێت... لە پێگەیەکی دیاریکراو و لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا' (هارۆش، هێنری، پێشۆ ١٩٧١: ١٠٢). پێکهاتە گوتارییەکان بریتین لە کۆمەڵە دەربڕینێک کە پەیوەندی هاومانایی و تێوەگلان لە نێوانیاندا هەیە کە بە شێوەیەکی شیکاری و لەسەر بنەمای وەشانێکی فراوانکراو و نیمچە-ئۆتۆماتیکیی ڕێکارەکانی ‹زێلیگ هێریس› بۆ شیکردنەوەی گوتار دەستنیشان دەکرێن. پێکهاتەیەکی گوتاری سەر بە تۆڕێکە لە پێکهاتە گوتارییە پێکەوەبەستراوەکان یان ‹نێوانە-گوتار› کە هاوتای کۆمەڵەیەکی یەکگرتووە لە پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکان؛ هەروەها پەیوەندییە ماناییەکان لە ناو پێکهاتەیەکی گوتاریدا لە لایەن نێوانە-گوتارەکەیەوە دیاری دەکرێن. سۆژەکان (تاکەکان) لە لایەن پێکهاتە گوتارییەکان و نێوانە-گوتارەوە پێگەیان بۆ دیاری دەکرێت (بەو پێیەش دەرئەنجامی ئەوانن)، بە شێوازێک کە ئەم پێگە-دیاریکردنە دەشارێتەوە و سەربەخۆییەکی خەیاڵییان پێ دەبەخشێت، بە جۆرێک کە خۆیان وەک ‹سەرچاوە› دەبینن نەک وەک ‹دەرئەنجام›ی گوتارەکە. تەنیا ڕێگەش بۆ تێکشکاندنی ملکەچبوونی ئایدیۆلۆژی لە ڕێگەی گوتارەوە لە ‹دەرەوە›یە: ئەویش لە ڕێگەی دەستێوەردانی تیۆری و پراکتیکی مارکسیستی-لێنینستییەوە.

لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە پێشۆ و هاوکارەکانی دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتنێکی سیستماتیک لە خۆیان و دووبارە بونیادنانەوەی شیکردنەوەی گوتار (AD) کە دەکرێت بەشێکی ئەمە لە ڕێگەی سنووردارێتییەکانی تیۆرییەکەی

ئاڵتوسەرەوە تێبگەین؛ هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەنجامەکانی کارە ئەزموونییەکانەوە بوو کە تیۆرییەکەیان خستبووە ژێر پرسیارەوە، هەروەها بەهۆی دابڕانی پێشۆ و کەسانی تر لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا (بۆ کورتەیەکی مێژوویی بڕوانە: ماڵدیدەر، ١٩٨٤). ئاراستەیەکی ڕەخنەکان پەیوەندی بەو 'یەکپارچەییە هاوشێوەیەوە' هەبوو کە دەخرایە پاڵ پێکهاتە گوتارییەکان کە وەک پەیوەندییەکی جێگیر لە ڕووبەڕووبوونەوەدا وێنا دەکران (پێکهاتەیەکی گوتاری کۆمۆنیست لێرە، یەکێکی سۆشیالیست لەوێ و یەکێکی مەسیحی لەو لاوە). لە بەرامبەر ئەمەدا 'نەوەی دووەم'ی شیکردنەوەی گوتار جەختی لەسەر فرەچەشنی و نایەکسانیی گوتار کردووەتەوە؛ کە چۆن گوتار ڕێکخستنە گۆڕاو و ناجێگیرەکانی پێکهاتە گوتارییەکان لەخۆ دەگرێت کە سنوورەکانیان بەردەوام بەپێی جوڵەکانی ململانێی ئایدیۆلۆژی دووبارە کێش دەکرێنەوە (کۆرتین و ماڵدیدەر ١٩٨١). شێوازەکانی پێشووی پێکهێنانی کۆرپەس (کۆمەڵە دەق) ڕەخنەیان لێ دەگیرێت بەوەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر 'هاوشێوەییان' بەسەر داتا گوتارییە 'نایەکچووەکاندا' سەپاندووە. ئێستا جەختکردنەوە گۆڕاوە؛ لەو پرۆسانەی کە بۆ چەسپاندنی پێکهاتە و فۆرمۆلە ڕێکخراو و دووبارەبووەکانی پشت ڕووداوە گوتارییە کۆنکرێتەکان داڕێژرابوون کە مەیلیان بەرەو سڕینەوەی تایبەتمەندیی ڕووداوەکە هەبوو بەرەو خودی ڕووداوەکە (پێچێکس ١٩٨٨). لەگەڵ چڕبوونەوەی سەرنج لەسەر نایەکسانی ڕووداوەکە، هۆشیارییەک سەبارەت بە دووفاقیی مانا لە گوتاردا هاتە ئاراوە و لەگەڵیشیدا دانتان بەوەی کە شیکردنەوەی گوتار تەنها کارێکی وەسفی نییە، بەڵکو کارێکی لێکدەرانەیە. ئەو بانگەشەیەی کە دەیگوت گۆڕانکاری تەنها لە ڕێگەی هێزێکی سیاسیی دەرەوەی ئایدیۆلۆژیاوە دێت، وازی لێ هێنراوە؛ لە جیاتی ئەوە جەخت لەسەر پەیوەندییە دیالەکتیکییەکەی نێوان 'بەرهەمهێنانەوە و گۆڕانکاری' و 'باڵادەستی و بەرگری' لە ناو پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا کراوەتەوە: 'هەر گوتارێکی دیاریکراو نیشانەیەکی شاراوەی بزووتنەوەیەکە لە ناو زنجیرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-مێژووییەکانی ناسنامەدا، چونکە گوتار لە هەمان کاتدا هەم ئەنجامی ئەو زنجیرە پەیوەندییانەیە و هەم کارێکی گۆڕین و جێگۆڕکێیە لە ناو کایەکەیاندا' (٦٤٨: ١٩٨٨).

### ٤.شوێنگەی ئایدیۆلۆژیا

من دەمەوێت ئەو مشتومڕە بکەم کە ئایدیۆلۆژیا بە چەندین شێوازی جیاواز و لە ئاستی جۆراوجۆردا دزە دەکاتە ناو زمانەوە؛ پێویست ناکات لە نێوان 'شوێنگە' ئەگەرییەکانی

ئایدیۆلۆژیادا دانەیەک هەڵبژێرین، چونکە هەموو ئەو شوێنگانە تا ڕادەیەک گونجاو دەردەکەون و هیچکامیشیان بەتەواوی قایلکەر نین. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا ئایدیۆلۆژیا تایبەتمەندییەکی پێکهاتەکانە یان تایبەتمەندیی ڕووداوەکانە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە 'بۆ هەردووکیانە'. گرفتە بنەڕەتییەکە بریتییە لە دۆزینەوەی گێڕانەوەیەکی قایلکەر بۆ دیالەکتیکی نێوان پێکهاتەکان و ڕووداوەکان.

ژمارەیەک لە گێڕانەوە و تێڕوانینەکان، ئایدیۆلۆژیا دەخەنە نێو جۆرێک لە سیستەمی پراکتیکی زمانیی شاراوە، جا کۆد بێت یان پێکهاتە، 'سیستەم' یان 'شێوەبەندی' (بۆ نموونە: کۆمەڵە دەربڕینێک لە پەیوەندییەکی مانایی دیاریکراودا). ئەم پێکهاتانە بۆ جۆرە جیاوازەکانی زمان پێناسە کراون، نەک بۆ خودی زمانەکە وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ. بژاردەی 'پێکهاتە' وەک ئەوەی لێرەدا ناوی دەبەم، ئەو چاکەیەی هەیە کە نیشانی دەدات ڕووداوەکان و پراکتیکە ڕەوانبێژییە (دیسکۆرسییە) ڕاستەقینەکان لەلایەن نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرمەکان و مێژووەکانەوە سنووردار کراون. بەڵام ئەم بژاردەیە ئەو زیانەشی هەیە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی ڕووداوەکە؛ ئەمەش بەو گریمانەیەی کە ڕووداوەکان تەنها بەرجەستەکردنێکی سادەی پێکهاتەکانن، لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان و پێکهاتەکان وادیارە کە کەمتر ڕێکوپێک و کەمتر متمانەپێکراو بێت. ئەم ڕوانگەیە پێشینە (ئیمتیاز) دەدات بە دیدگای 'دووبارە بەرهەمهێنانەوە' نەک دیدگای 'گۆڕانکاری'، هەروەها جەخت لەسەر باوبوونی ئایدیۆلۆژی و دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان دەکاتەوە. (پێشۆ) نموونەیەکی دیاری ئەم بابەتەیە. هەروەها ئەم تێڕوانینە مەیلی بەرەو ئەوە هەیە کە هەندێک قەوارە فەرز بکات (وەک کۆد و شێوەبەندییەکان) کە وادیارە زۆر زیاتر لە قەوارە ڕاستەقینەکان سنووردار و دیاریکراون، بەمەش پێشینە دەدات بە ساتی چەقبەستوویی هاوکاتی بەسەر پرۆسە مێژووییەکانی جێگیربوون و هەڵوەشانەوەدا. شوێنێکی جێگرەوە بۆ ئایدۆلۆژیا دەکرێت خودی ڕووداوە گوتارییەکە بێت. ئەمە ئەو سوودەی هەیە کە ئایدۆلۆژیا وەک پرۆسەیەک نیشان بدات کە لەناو ڕووداوەکاندا بەردەوامە و ڕێگە دەدات جەخت لەسەر گۆڕانکاری و نەرمونیانی بکرێتەوە. بەڵام دەکرێت ببێتە هۆی تێڕوانینێکی وەهمی بۆ گوتار وەک پرۆسەیەکی ئازادی پێکهاتن، مەگەر ئەوەی هاوکات جەخت لەسەر پێکهاتەکان بکرێتەوە. گۆڕاوێکی تێکستی بۆ ئەم شوێنە هەیە: کە ئایدۆلۆژیاکان لەناو دەقەکاندان. هەرچەندە ڕاستە کە فۆرم و ناوەڕۆکی دەقەکان مۆری پرۆسە و پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکانیان پێوەیە، بەڵام مەحاڵە ئایدۆلۆژیاکان ڕاستەوخۆ لە دەقەکانەوە بخوێنرێنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە

ماناکان لە ڕێگەی لێکدانەوەی دەقەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن و دەقەکان کراوەن بۆ لێکدانەوەی جیاواز؛ هەروەها لەبەر ئەوەی پرۆسە ئایدۆلۆژییەکان پەیوەستن بە گوتارەکانەوە وەک ڕووداوێکی گشتگیری کۆمەڵایەتی، ئەوانە پرۆسەی نێوان مرۆڤەکانن نەک تەنها ئەو دەقانەی کە وەک چرکەساتێک لەو ڕووداوانەدا بەرهەم دەهێنرێن، بڵاودەکرێنەوە و لێکدەدرێنەوە. ئەو بانگەشانەی کە دەڵێن پرۆسە ئایدۆلۆژییەکان تەنها لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەوە دەدۆزرێنەوە تووشی ئەو کێشەیە دەبن کە ئێستا لە سۆسیۆلۆژیای میدیادا ناسراوە، ئەویش ئەوەیە کە بەکارهێنەرانی دەق (خوێنەران، بینەران) هەندێک جار وا دەردەکەون کە بە تەواوی پارێزراون بەرامبەر بە کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایانە (مۆرلی، ١٩٨٣).
هەردوو بژاردەی پێکهاتەیی و گوتاری (هەروەها بژاردەی دەقیش) ئەو سنووردارییەیان هەیە کە ناوخۆیی و تایبەتن. ئایدیۆلۆژیاکان سنوورەکانی جۆرەکانی بارودۆخ و دامەزراوەکان دەبەزێنن و پێویستە ئێمە بتوانین باس لەوە بکەین کە چۆن ئەوان لە کۆد یان جۆرە تایبەتەکانی گوتار تێدەپەڕن (نموونەیەکی سادە بریتییە لە میتافۆرەکانی نەتەوە وەک خێزان) و چۆن ئایدیۆلۆژیا پەیوەندی بە داڕشتن و دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم قەوارانەوە هەیە. چەمکی (AD) بۆ کۆلکەگوتار لێرەدا بەسوودە، هەروەها چەمکی فوکۆ بۆ نەزم یان ڕێزبەندی گوتار (فۆکۆ ١٩٧١) کە من بەکاری دەهێنم. جارێکی تریش جەختکردنەوە پێکهاتەییەکان لەسەر ڕێزبەندییەکانی گوتار پێویستییان بە جەختکردنەوەیەکی تەواوکەر هەیە لەسەر ڕووداوەکان کە تێیدا ئەم دووبارە داڕشتنەوانە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی (بەرجەستە) ڕوو دەدەن.
کێشەیەک ئەوەیە کە چ جۆرە قەوارەیەک بەشدارن لە دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمەکانی گوتاردا. بێ ئەوەی هەوڵی ڕوونکردنەوەیەکی ورد بدەم دەربارەی پێکهاتەی سیستەمەکانی گوتار، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ئەو قەوارانەی کە پێکیان دەهێنن بریتین لە (ا) تا ڕادەیەک بە ڕوونی پێناسەکراون، (ب) لە ڕووی قەبارەوە جیاوازن، و (ج) لە پەیوەندی جۆراوجۆردان لەگەڵ یەکتر، لەوانەش پەیوەندییەکانی تەواوکاری، گشتگیری، و دژایەتی. لە سەرەوە ئاماژەم بەوە کرد کە هەندێک جار پێکهاتەکان بە شێوەیەک وێنا دەکرێن کە سنوورەکانیان لەوەی کە هەیە ڕوونترە؛ هەندێک قەوارە وەک ئەوە دەردەکەون کە بە تەواوی لێک جیاکراونەتەوە، هەندێکی تریش ناڕوونن. ئەو قەوارانەی کە لە گوتاردا ڕێکدەخرێن و دووبارە دادەڕێژرێنەوە هەموویان کۆد یان تۆماری گەشەسەندوو و تەواو نین؛ بەڵکو ڕەنگە قەوارەی بچووکتر بن وەک سیستەمەکانی سەرەگرتن، فەرهەنگەکان کە

پۆلێنکاری تایبەت لەخۆدەگرن، دەقە جۆرییەکان بۆ گێڕانەوەکان بۆ نموونە، کۆمەڵە نەریتەکانی ئەدەب و ڕێزگرتن و هاوشێوەکانیان. لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەم کە سیستەمەکانی گوتار وەک فرەچەشن ببینرێن، بەو مانایەی کە هەم قەوارە گونجاو و تەواوکەرەکان و هەم قەوارە دژبەیەکەکان ڕێکدەخەن - وەک وشەسازییە جیاوازەکان یان سیستەمەکانی سەرەگرتن. ئەم تایبەتمەندییە پێشنیارکراوانەی سیستەمەکانی گوتار لەگەڵ بیرکردنەوەی 'نەوەی دووەمی' شیکردنەوەی گوتار (AD) دەگونجێن. هەروەها وەک چۆن نیشانی دەدەم لەگەڵ چەمکی هەژموون هاوئاهەنگن.

کەواتە ئایدیۆلۆژیا هەم لەو پێکهاتانەدا جێگیرە کە دەرئەنجامی ڕووداوەکانی ڕابردوون و مەرجن بۆ ڕووداوەکانی ئێستا و هەم لە خودی ڕووداوەکاندا لە کاتێکدا ئەو پێکهاتە مەرجدارکەرانە بەرهەم دەهێننەوە و دەیانگۆڕن. من ئێستا لە بەشەکانی ٥ و ٦دا بەردەوام دەبم لە پێشکەشکردنی شێوازێک بۆ چەمکاندنی (بەکارهێنانی) زمان و قاڵبێک بۆ چەمکاندنی ئایدیۆلۆژیا لە پەیوەندییدا لەگەڵ پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان کە لەگەڵ ئەم دیدگایەدا دەگونجێن.

سەرەڕای ئەوەی ئاڵتوسەر ئەرکی دابینکردنی بەرهەمهێنانەوە دەبەخشێتە ئایدۆلۆژیا، ئەرکی پێک هێنانی بابەتیشی دەخاتە پاڵ (لە ڕاستیدا، هیچ ئایدۆلۆژیایەک نییە مەگەر لە ڕێگەی بابەتێکت بۆ بابەتێکت نەبێت ١٩٧١: ١٦٠)، ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی ناوی دەنێت بانگکردنی (لێپرسینەوەی) ئایدۆلۆژیا؛ و لە بنەڕەتیشدا بەرهەمهێنانەوە لە ڕێگەی ژێردەستەکردنەوە بابەتیبوون بەدی دێت. ئەم بانگەشەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسی پەیوەندیی نێوان زمان و بابەتێکت (هێنریکس و هاوکارانی ١٩٨٤) کە بە ئەستەم لە پرسی زمان/ئایدۆلۆژیا جیا دەکرێتەوە، هەروەها زمان دەبەستێتەوە بە پێناسەکەی ئاڵتوسەر بۆ ئایدۆلۆژیا وەک نوێنەرایەتیکردنی 'پەیوەندییە خەیاڵییەکانی تاکەکان بە مەرجەکانی بوونیانەوە' (١٩٧١: ١٥٣). ئەگەر زمان جۆرێک بێت لە بوونی مادیی ئایدۆلۆژیا، ئەوا پێک هێنانی بابەتەکان لە پەیوەندییە خەیاڵییەکاندا بەرامبەر بە مەرجە ڕاستەقینەکانی بوونیان، دەبێتە یەکێک لەو پرۆسە هەرە گرنگانەی لەناو زماندا ڕوو دەدەن، وەک یەکێک لە کاریگەرییە ئایدۆلۆژییەکان لە گوتاردا کە زمانناسان پشتگوێی دەخەن.

### ٥.گوتار و دەق

تێگەیشتنی سۆسێری بۆ بەکارهێنانی زمان یان ئاخاوتن وەک دیاردەیەکی تاکگەرایانە و ناکۆمەڵایەتی دەبینرێت. من بە بەکارهێنانی زاراوەی 'گوتار' وا دادەنێم کە بەکارهێنانی

زمان لەناو پەیوەندییەکان و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا چێنراوە، کە ئەوانیش بە شێوەیەکی سیستماتیک جیاوازییەکان لە تایبەتمەندییەکانی زماندا دیاری دەکەن، لەوانەش ئەو فۆرمە زمانەوانییانەی لە ناو دەقەکاندا دەردەکەون. یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم تێهەڵکێشانە لەناو جڤاکدا کە بەشێکی بنەڕەتییە لە چەمکی گوتار ئەوەیە کە زمان فۆرمێکی ماددیی ئایدۆلۆژیایە و زمان بە ئایدۆلۆژیا بارگاوی کراوە.

هەروەها پەیوەندییە دیالەکتیکییەکەی نێوان پێکهاتە/ڕووداو کە لە سەرەوە باس کرا، بەشێکی دانەبڕاوە لە گوتار: گوتار لە لایەکەوە لە ڕێگەی پێکهاتەکانەوە شێوە دەگرێت، بەڵام لە لایەکی تریشەوە بەشدار دەبێت لە دارشتن و دووبارە دارشتنەوەی ئەو پێکهاتانە و لە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینیاندا. ئەم پێکهاتانە لە ڕوویەکی ڕاستەوخۆوە سروشتێکی گوتاری/ئایدیۆلۆژییان هەیە وەک ڕێسا گشتییەکانی گوتار، کۆدەکانی زمان و توخمەکانیان وەک وشەسازی یان نەریتەکانی نۆرەگرتن لە قسەکردندا، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکهاتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەیوەندییەکانی بازاڕ، پەیوەندییە جێندەرییەکان(ڕەگەزییەکان) و پەیوەندییەکانی ناو دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش (وەک پەروەردە و فێرکردن) لەخۆ دەگرن.

پەیوەندیی نێوان گوتار و ئەو پێکهاتە و پەیوەندییە دەرەکییانەی کە لە دەرەوەی گوتارن تەنها نوێنەرایەتیکردن نییە، بەڵکو دەوری بونیادنەریشی هەیە: ئایدیۆلۆژیا کاریگەریی مادی هەیە، گوتار بەشدارە لە دروستکردن و دووبارە دروستکردنەوەی بەردەوامی ئەو پەیوەندییانە، ئەو بابەتانە (وەک ئەوەی لە چەمکی 'بانگکردن' لێپرسینەوەی ئەلتۆسێریدا ناسراوە) و ئەو شتانەی کە جیهانی کۆمەڵایەتییان داگیرکردووە. پەیوەندییەکانی دایک و باوک و منداڵ لە ناو خێزاندا، دیاریکردنی ئەوەی کام پێگەی 'دایک'، 'باوک' و 'منداڵ' لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەردەستن، هەروەها ملکەچکردنی تاکە ڕاستەقینەکان بۆ ئەم پێگانە، سروشتی خێزان یان ماڵ، هەموویان لە پرۆسە ئایدیۆلۆژییەکانی گوتاردا فۆرم دەگرن. ئەمە دەکرێت بە ئاسانی بەرەو ئەو 'پێچەوانەکردنەوە نموونەییەی' پێشتر ئاماژەی پێدرا بمانبات کە تێیدا وا لە واقیعەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی دەڕوانرێت وەک ئەوەی لە خودی 'بیرۆکەکانەوە' سەرچاوەیان گرتبێت. بەڵام دوو مەرجی پێشوەختە هەن کە پێکەوە ڕێگری لەم تێڕوانینە دەکەن. یەکەم: خەڵک هەمیشە ڕووبەڕووی خێزان دەبنەوە وەک دامەزراوەیەکی ڕاستەقینە (بە چەند شێوازێکی سنووردارەوە) کە خاوەنی پراکتیکی کۆنکرێتی و بەرجەستەیە؛ پێکهاتە هەبووەکانی خێزانیش تا ڕادەیەک لە

ناو ئایدیۆلۆژیا و گوتاردا پێک هاتوون بەڵام گۆڕاون بۆ دامەزراوە و پراکتیکی جێگیر و چەسپاو. دووەم: کاری بونیادنەری گوتار بە ناچاری لە ناو سنوور و گوشارەکانی تێکەڵەیەک لە پێکهاتە ئابووری، سیاسی و گوتاری/ئایدیۆلۆژییەکاندا ڕوودەدات کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، دواتریش لە پەیوەندی بە پرۆژە هیجیمۆنییەکان و ململانێکانەوە باسیان لێوە دەکەم. ئەنجامەکە ئەوەیە کە فۆرمگرتنی 'ڕاستی' لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیا و گوتارەوە هەمیشە لە ناو تۆڕەکانی خودی ڕاستیدا دەستبەسەر و گیرۆدەیە.

من گوتار وەک کۆمەڵێک لەم ڕەگەزانە دەبینم: پراکتیکی کۆمەڵایەتی، پراکتیکی گوتاری و دەق؛ هەروەها شیکردنەوەی گوتارێکی دیاریکراو پێویستی بە شیکردنەوە لە هەر یەکێک لەم سێ ڕەهەندە و پەیوەندییە نێوانەکانیان هەیە. شیکردنەوەی گوتار وەک بەشێک لە پی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە شیکردنەوەی تێکرای ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەی کە گوتارەکە بەشێکی (یان ڕەنگە هەمووی) پێکدەهێنێت، هەروەها شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پراکتیکە گوتاری و ناگوتارییەکان لە ناو ئەو ڕووداوەدا. ئەمەش دیاریکردنی ئەو پێکهاتە مەرجدارکەرانە (ئابووری، سیاسی، ئایدۆلۆژی) دەگرێتەوە کە کار دەکەنە سەر ڕووداوەکە، لەگەڵ پەیوەندیی ڕووداوەکە بەو ململانێیانەی کە بۆ (سەپاندن، مانەوە یان بەرگریکردن لە) ئەم پێکهاتانە دەکرێن و دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکە.

کردەی گوتاری لە دژی کردەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو شێوەیەکی تایبەتی ئەوە. شیکردنەوەی گوتارێکی دیاریکراو وەک بەشێک لە کردەی گوتاری سەرنج دەخاتە سەر پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکارهێنانی تێکست. هەموو ئەم پرۆسانە کۆمەڵایەتین بەڵام بەرهەمهێنان و بەکارهێنان سروشتێکی کۆمەڵایەتی-ناسیارییان هەیە؛ بەو مانایەی کە پرۆسە ناسیارییەکان لەخۆدەگرن (کە بنەمایان لەسەر پێکهاتە و نەریتە کۆمەڵایەتییە ناوەکییەکانە، هەر بۆیە پێشگری کۆمەڵایەتی یان بۆ زیادکراوە) لە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی تێکستدا. لە ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتی-ناسیارییانەدا مرۆڤ بایەخ بە دەستنیشانکردنی ئەوە دەدات کە کام (توخم لە) نەزمەکانی گوتار بەکارهێنراون وە چۆن (بە شێوەیەکی نوێگەرانە یان نەریتی) سوودیان لێ وەرگیراوە. گریمانەکە ئەوەیە کە پەیوەندییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان شێوازەکانی داڕشتن و لێکدانەوەی تێکستەکان، پرۆسەی بەرهەمهێنان-دابەشکردن-بەکارهێنانی تێکستەکان بە واتا فراوانەکەی و سروشتی کردە کۆمەڵایەتییەکە. کەواتە بەم پێیە کە گوتار ڕێکخستنەکانی گوتار بەرهەم دەهێنێتەوە

یان دەیگۆڕێت، بەندە بە پێگەی پراکتیکی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی لەگەڵ ململانێ کۆمەڵایەتییەکان.
دەقەکان لە ڕووی ناوەڕۆک و فۆرمەکانیانەوە لە ئاستە جیاوازەکانی ڕێکخستنندا وەسف دەکرێن بروانە خوارەوە. تایبەتمەندییەکانی دەق گوزارشت لە شوێنەوارەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکەن و وەک ئاماژە لە پرۆسەکانی لێکدانەوەدا کاردەکەن، بەڵام پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییەکان و پرۆسەکان پەیوەندییەکی ڕوون و شەفاف نییە؛ بەڵکو پێویستی بە کاری لێکدانەوەیی هەیە لەلایەن شیکەرەوەکەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی کاری لێکدانەوە بریتییە لە 'نێواندەقێتی' دەقێک (کریستیڤا: ١٩٨٠)؛ دەقەکان تا ڕادەیەک تیکەڵەیەک (پارچەپارچە)ن لە توخمە جیاوازەکان کە دەکرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ تۆڕە دیاریکراوەکانی دەقە پێشووترەکان یان توخمە دەقییەکان. هیچ سنوورێکی ڕوون نییە لە نێوان هەمەجۆریی دەق کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاراستەگرتنی تۆڕە جیاوازەکان (و ئەگەر هەبێت دژبەیەکەکان)ی دەقە ڕاستەقینە پێشووترەکان و ئەو هەمەجۆرییەی کە لە ئەنجامی کەڵک وەرگرتن لە توخمە جیاوازەکان (تۆمارەکان، ژانرەکان، هتد) لە ناو سیستمێکی گوتاردا دروست دەبێت. ڕەنگە پێویست بکات چەمکی 'سیستمی گوتار' فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەو جۆرە تۆڕە دەقییانەش بگرێتەوە.
ئایدیۆلۆژیا لەم وێنەیەدا لە دوو ڕووەوە دەردەکەوێت؛ یەکەم: لەو وەبەرهێنانە ئایدیۆلۆژییەی ئەو توخمانەی کە لە کاتی بەرهەمهێنان یان لێکدانەوەی دەقێکدا پشتیان پێ دەبەسترێت و ئەو شێوازانەی کە توخمەکان لە ناو سیستمەکانی گوتاردا پێکەوە گرێ دەدرێن. دووەم: لەو شێوازانەی کە ئەم توخمانە پێکەوە گرێ دەدرێن و سیستمەکانی گوتار لە ناو ڕووداوە گوتارییەکاندا دووبارە دادەڕێژرێنەوە. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو دەوڵەمەندییە لە توخمە ئایدیۆلۆژییانەی کە دەچنە ناو بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەقێکەوە ڕەنگە بە شێوەیەکی زۆر کەم و کورت لە خودی دەقەکەدا نوێنەرایەتی بکرێن. نموونەیەک بۆ ئەمە دەکرێت ئەو شێوازە بێت کە 'نیشانەی تەنز' بۆ ئاماژەدان بە خاڵێکی ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئایدیۆلۆژیاکان (و گوتارەکان)دا بەکاردێت کە چیتر لە دەقەکەدا ڕەنگدانەوەیان نییە؛ بۆ نموونە بەکارهێنانی نیشانەی تەنز لە دەوری وشەی 'تایبەتی' لە دەربڕینی: کێشە 'تایبەتییەکانی' گەنجان لە ڕۆژنامەیەکی چەپڕەودا (کە لای ئەوان زۆرێک لە کێشە 'تایبەتییەکان' لە بنەڕەتدا کێشەی کۆمەڵایەتین). پرسیارێکی جەوهەریی دیکە سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا ئەوەیە کە چ تایبەتمەندییەکی زمان

و گوتار یان چ ئاستێکیان دەکرێت ئاڵاو یان تێوەگلاوی ئایدۆلۆژیا بن. بانگەشەیەکی باو هەیە کە دەڵێت ئەوە 'ماناکانە' (هەندێک جار وەک 'ناوەرۆک' لە بەرامبەر 'فۆرم'دا دیاری دەکرێت) کە ئایدۆلۆژین (بۆ نموونە: تۆمپسۆن ١٩٨٤)، ئەمەش زۆربەی کات تەنیا یان بە شێوەیەکی سەرەکی بە واتای مانای وشەیی دێت. بێگومان مانای وشەیی گرنگە بەڵام هاوکات پێشوەختە-دانراوەکان، ئاماژە ناڕاستەوخۆکان، مێتافۆرەکان و یەککگرتوویی دەق هەموویان لایەنەکانی مانان. بۆ نموونە، وەرگێڕان و لێکدانەوەیەکی یەککگرتووی دەقەکان لەلایەن لێکدەرەوەکانەوە لەسەر بنەمای ئاماژەکانی ناو دەقەکە و ئەو سەرچاوە و پاشخانانە (لەوانەش پێکهاتە ئایدۆلۆژی و گوتارییە ناوەکییەکانیان) بەدەست دێت کە لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن بۆ لێکدانەوەی دەقەکە. یەککگرتوویی دەق فاکتەرێکی سەرەکییە لە پێکهاتنی ئایدۆلۆژی و دووبارە بونیادنانەوەی 'سوبژێکتەکان' لەناو گوتاردا: دەقێک سوبژێکتێک 'پێشنیار دەکات' کە توانای ئەوەی هەبێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو ڕەگەزانەی دەقەکە کە ڕەنگە زۆر جیاواز بن و بە ڕوونی پێکەوە گرێ نەدرابن بەیەکەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی مانایان لێ دروست بکات. بە پێشنیارکردنی بابەتێکی لەو شێوەیە، دەقەکە بەشدار دەبێت لە دروستکردن و بونیادنانی ئەو بابەتەدا.

دژایەتی نێوان 'فۆرم' و 'ناوەرۆک' خۆی لە خۆیدا چەواشەکارانەیە. ئەگەر بڕیار بێت ناوەرۆک بچێتە ناو کایەی پراکتیکەوە، دەبێت ئەم کارە بە پۆشاکێکی فۆرمییەوە بکات، جا چ لە ناو دەقەکاندا بێت یان لە هەر شێوازێکی تری ماددیدا، هەرچەندە دەکرێت فۆرمەکان بە جۆرێک بخوێندرێن کە وەک بڵێی پەیوەندییان بە ناوەرۆکەوە نییە وەک ئەوەی زمانناسان هەندێک جار دەیکەن. لە ڕاستیدا تایبەتمەندییە فۆرمییەکانی دەق لە ئاستە جیاوازەکاندا دەکرێت بارگاوی بن بە ئایدۆلۆژیا. بۆ نموونە، نیشاندانی قەیرانی دارایی و بێکاری بە هاوشێوەی کارەساتە سروشتییەکان ڕەنگە پەسەندکردنی داڕشتە ڕستەییە تێنەپەڕ و وەسفییەکان لەسەر داڕشتە 'تێپەڕەکان' لەخۆ بگرێت (بۆ نموونە: 'دراوەکە بەهاکەی لەدەستدا'، ملیۆنان کەس بێکارن لە بەرامبەر: وەبەرهێنەران زێڕ دەکڕن، کۆمپانیاکان ملیۆنان کەسیان دەرکردووە)، بڕوانە فاولەر و هاوکارانی ١٩٧٩. لە ئاستێکی تردا چیرۆکە تاوانکارییەکانی ناو ڕۆژنامەکان بەپێی 'سکریپت' یان چوارچێوەی پێشبینیکراو دەنووسرێن کە گوزارشت لە وێناکردنە ئایدۆلۆژییەکانی تاوان دەکەن. هەروەها سیستەمی سەرەگرتن بۆ قسەکردن لە پۆلدا یان دابونەریتەکانی ڕێزگرتن لە نێوان بەڕێوەبەر و سکرتێردا، ئاماژەن بۆ وێناکردنە ئایدۆلۆژییە تایبەتەکانی پەیوەندی نێوان مامۆستا-قوتابی و بەڕێوەبەر-سکرتێر.

سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە سوودبەخش بێت کە بیر لە ئایدۆلۆژیاکان بکەینەوە وەک قەوارەگەلێکی ناوەڕۆک-ئاسا کە لە تایبەتمەندییە فۆرمییە جیاوازەکاندا دەردەکەون و ڕەنگە چەمکەکانی وەک چوارچێوە، شێما، سکریپت و چەمکە پەیوەندیدارەکان لەم ڕووەوە بەکەڵک بن (شانک و ئابێلسۆن، ١٩٧٧).

تەنانەت ڕەهەندەکانی شێوازی دەقێکیش دەشێت لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە گرنگییان هەبێت. بۆ نموونە کاتێک دامەزراوە گشتییەکانی وەک وەزارەتە حکومییەکان زانیاریی گشتی دەربارەی پرۆژە و چالاکییەکانیان بڵاودەکەنەوە، شێوازێکی نووسین (یان تەنانەت بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی) هەڵدەبژێرن کە تا ڕادەیەک لەسەر بنەمای ئەو وێنەیە داڕێژراوە کە دەیانەوێت بۆ خۆیانی دروست بکەن. ئەمە دەکرێت وەک جۆرێکی تایبەت لە پرۆسەی ئایدیۆلۆژیی بونیادنانی 'بکەر' هەژمار بکرێت. نموونەیەکی بەرچاوی سەردەمیانە لەم بارەیەوە پڕوپاگەندەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە بۆ دەسپێشخەرییەکانی کارسازی. وەزارەتەکە وا دیارە هەوڵ دەدات وێنەی کارسازێک لە کەلتووری کارسازیدا بۆ خۆی دروست بکات، وەک هەوڵێک بۆ قایلکردنی کەسانی دیکە تا هەمان وێنە و ناسنامە بۆ خۆیان هەڵبژێرن. وەزارەتەکە ئەمە بەشێکی لەڕێگەی شێوازەوە ئەنجام دەدات. بۆ نموونە پڕوپاگەندەکانی پڕن لە دەربڕینی بڕیارلێدراو، دەسەڵاتدارانە و بێ پەردە دەربارەی شێوازی کارکردن کە ئاراستەی پیاوانی کار دەکرێن (بۆ نموونە: هیچ سوودێکی نییە چاوەڕێی بڕیاری دروست بۆ کارەکەت بکەیت ئەگەر بە زانیارییەکی شیاو دەست پێ نەکەیت)؛ ئەم دەربڕینانە زیاتر پەیوەندییان بە چەسپاندنی وێنەیەکی یەکلاکەرەوە، دەسەڵاتدارانە و بڕیاردەرەوە هەیە، نەک پێدانی زانیاری (یان لە ڕاستیدا ڕاوێژ) کە پێدەچێت وەرگرەکان پێشوەختە بیزانن.

### ٦.هەژموون (باڵادەستی)

چەمکی هەژموون لە لای 'لینین'ەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە شێوەیەکی پەرەپێدراودا دەبێتە تەوەری سەرەکیی شیکردنەوەکانی 'گرامشی' بۆ سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و ستراتیژی شۆڕشگێڕانە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا. من سوود لەم چەمکە وەردەگرم چونکە هەم لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە دیالەکتیکییەی (پێکهاتە/ڕووداو) دەگونجێت کە لە سەرەوە داکۆکیم لێکردووە و هەم چوارچێوەیەک بۆ تیۆریزەکردن و شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا/دیسکۆرس (گوتار) دەڕەخسێنێت کە لە هەر دوو چەمکی 'ئابووریگەرایی' و 'نموونەگەرایی' (ئایدیالیزم) بەدوورە. هەژموون بە ناو ئابووری،

سیاسەت و ئایدیۆلۆژیادا تێپەڕ دەبێت و یەکیان دەخات، لە هەمان کاتدا پێگەیەکی ڕەسەن بۆ هەر یەکێکیان لەناو جەختکردنەوەیەکی گشتیدا لەسەر سیاسەت و دەسەڵات و لەسەر پەیوەندییە دیالەکتیکییەکانی نێوان چینەکان و پارچە چینەکان دیاری دەکات.

هەژموون بریتییە لە سەرکردایەتیکردن و هەروەها زاڵبوون بەسەر کایە ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەدا. هەژموون بریتییە لە دەسەڵاتی یەکێک لە چینە بنەڕەتییە ئابوورییەکان بەسەر کۆمەڵگەدا وەک گشتێک لە ڕێگەی هاوپەیمانییەوە (وەک بلۆکێک) لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر؛ بەڵام ئەمە هەرگیز لە ئاستێکی کەم و کاتی زیاتر بەدەست نایەت و هەمیشە وەک 'هاوسەنگییەکی ناسەقامگیر' دەمێنێتەوە. هەژموون بریتییە لە بونیادنانی هاوپەیمانی و تێکەڵکردنی چینە ژێردەستەکان لەبری تەنها زاڵبوون بەسەریاندا، ئەوەش لە ڕێگەی سازشکردن یان ئامرازی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان. هەژموون تیشک دەخاتە سەر ململانێیەکی بەردەوام لە دەوری خاڵە هەرە ناسەقامگیرەکانی نێوان چین و بلۆکەکان بە مەبەستی بونیادنان، پاراستن یان تێکشکاندنی هاوپەیمانییەکان و پەیوەندییەکانی زاڵبوون/ژێردەستەیی کە شێوازی ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەخۆ دەگرێت. ململانێی هەژموونخوازانە لە بەرەیەکی بەرفراواندا ڕوودەدات کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (پەروەردە، سەندیکا کرێکارییەکان، خێزان) دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەگەری هەبوونی ناهاوسەنگی لە نێوان ئاست و کایە جیاوازەکاندا.

ئایدۆلۆژیا لە چوارچێوەی ئەم بونیادەدا بە جۆرێک تێدەگات کە تۆوی هەموو پێشکەوتنەکانی ئاڵتوسەری تێدایە (بۆچی-گلوکسمان ١٩٨٠:٦٦)؛ بۆ نموونە لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر ماددیبوونی نائاگایانە و ناڕاستەوخۆی ئایدۆلۆژیاکان لەناو پراکتیزەکاندا (کە ئایدۆلۆژیاکان وەک پێشەکییە تیۆرییە ناڕاستەوخۆکان لە خۆدەگرن). ئایدۆلۆژیا لێرەدا بریتییە لە 'تێڕوانینێک بۆ جیهان کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەناو هونەر، یاسا، چالاکیی ئابووری و لەناو دەرکەوتەکانی ژیانی تاکەکەسی و بەکۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت' (گرامشی ١٩٧١:٣٢٨). هەرچەندە پرسیار کردن لە بابەتەکان پەرەپێدانێکی ئاڵتوسەرییانەیە، بەڵام لای گرامشی تێگەیشتنێک بۆ بابەتەکان هەیە وەک بونیادێک کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا جیاوازە ناڕاستەوخۆکانی ناو پراکتیزەکانیانەوە شێوەیان گرتووە، ئەمەش 'کارەکتەرێکی لێکدراوی سەیر'یان پێ دەبەخشێت (١٩٧١:٣٢٤). هەروەها تێڕوانینێک بۆ 'ئەقڵی سەخ (کامڵ) هەیە وەک کۆگایەک بۆ شوێنەوارە جیاوازەکانی ململانێ ئایدۆلۆژییەکانی

ڕابردوو و وەک ئامانجێکی بەردەوامیش بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوە لە ململانێ بەردەوامدا. لەناو ئەقڵی ساخ، ئایدۆلۆژیاکان دەبنە شتێکی سروشتی یان ئۆتۆماتیکی. بە پێی تێڕوانینی گرامشی ئایدۆلۆژیا بە کردارەوە بەستراوەتەوە و ئایدۆلۆژیاکان لەسەر بنەمای کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەڵدەسەنگێندرێن نەک لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستیی ناوەڕۆکەکەیان. جگە لەوەش گرامشی بواری ئایدۆلۆژیاکانی وەک 'تەووژم یان پێکهاتە دژبەیەک، سەریەککەوتوو یان یەکبڕەکان' (هۆڵ ١٩٨٨:٥٥-٦) وێنا کردووە. ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەو پرسیارەی کە چۆن ئەو ڕەگەزانەی ئەو ناویان دەنێت 'ئایدۆلۆژی ئاڵۆز' (گرامشی ١٩٧١:١٩٥) لە پرۆسەکانی ململانێ ئایدۆلۆژیدا بونیاد دەنرێن و سەرلەنوێ دادەڕێژرێنەوە یان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و سەرلەنوێ دەخرێتەوە ڕوو. ئەمە ئەو دیدگایەیە کە لەلایەن لاکلاو و مۆف (١٩٨٥) پەرەی پێدراوە، هەرچەندە ئەوان بە زمان و چەمکگەلێک کار دەکەن کە هەندێک لە هەڵوێستە بنەڕەتییەکانی گرامشی ڕەت دەکەنەوە وەک ڕەگداکوتاوی چەمکی هەژموون لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا.

دەکرێت ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییەکانی ململانێی هەژموونیخواز لە ڕوانگەی ئەو دیدە بۆ گوتار کە لە سەرەوە ناساندم، چەمکسازی و شیکاریان بۆ بکرێت. 'سیستەمی گوتار' گوزارشت لە لایەنی گوتاری/ئایدیۆلۆژیی هاوسەنگییەکی دژبەیەک و ناسەقامگیر (هەژموون) دەکات؛ سەرنج بدەن کە ئەو دیدەی لەسەرەوە بۆ سیستەمی گوتار خرایە ڕوو وەک پێکهاتەیەکی ئاڵۆز، هەمەجۆر و دژبەیەک، لەگەڵ چەمکی 'کۆمەڵە ئایدیۆلۆژییەکە'دا دەگونجێت. هەروەها پراکتیزەی گوتاری لایەنێکی ململانێیە کە بە پلەی جیاواز بەشدار دەبێت لە بەرهەمهێنانەوە یان گۆڕینی سیستەمی گوتاری باو و لەو ڕێگەیەشەوە کار دەکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدارییە هەبووەکان. با گوتاری سیاسیی 'تاچەریزم' وەک نموونەیەک وەربگرین. دەکرێت گوتاری تاچەریزم وەک سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستەمی گوتاری سیاسیی ئەوکاتە لێک بدرێتەوە کە توانی توخمە گوتارییەکانی کۆنەپارێزی نەریتی، نیۆلیبرالیزم و پۆپۆلیزم لە تێکەڵەیەکی نوێدا کۆبکاتەوە؛ ئەمەش گوتارێکی بێپێشینەی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی سەرکردەیەکی ژن پێکهێنا. ئەم سەرلەنوێ داڕشتنەوە گوتارییە پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی بەرجەستە دەکات بۆ بونیادنانی دەستووری بنکەیەکی سیاسی نوێ و بابەتگەلێکی سیاسی نوێ و ئەجێندایەکی نوێ بەدی دەهێنێت، کە ئەمەش خۆی لایەنێکی پرۆژە سیاسییەکەیە بۆ داڕشتنەوەی هەژموونی ئەو بلۆکەی کە لە دەوری بۆرژوازی کۆبووەتەوە لە ناو بارودۆخە ئابووری و سیاسییە نوێیەکاندا. گوتاری

ساڵانی دەسەڵاتی تاچەر بەم شێوەیە لەلایەن ʼهۆڵʼەوە (١٩٨٨) وەسف کراوە، هەروەها ʼفێرکلافʼیش (لە ژێر چاپدایە) ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت شیکارییەکی لەو شێوەیە بەپێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە بۆ گوتار ئەنجام بدرێت؛ بە شێوازێک کە ڕەچاوی تایبەتمەندییە دیارەکانی زمانی دەقە سیاسییەکانی تاچەر بکات (کە هۆڵ ڕەچاوی نەکردوون). دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەو ʼسیستەمە گوتارییەʼ دووبارە دارێژراوە، سیستەمێکی دژبەیەکە: توخمە دیکتاتۆر و دەسەڵاتخوازەکان لەگەڵ توخمە دیموکرات و یەکسانیخوازەکاندا پێکەوە بوونیان هەیە (بۆ نموونە، لە ناو دەقدا، 'ئێمە'ی گشتگیر لەگەڵ 'تۆ'ی ناپێناسەکراو پێکەوە بەکاردێن)، هەروەها توخمە باوکسالارییەکان لەگەڵ توخمە فێمینیستییەکاندا دەردەکەون، بەڵام هەمیشە ئەندامی دووەمی هەر جووتێک لەلایەن ئەندامی یەکەمەوە سنووردار و کۆنترۆڵ دەکرێت. بە هەر حاڵ، دووبارە دارشتنەوەی سیستەمە گوتارییەکان نەک هەر لە ڕێگەی کارکردی گوتاریی بەرهەمهێنەرەوە بەدی دێت، بەڵکو لە ڕێگەی ʼلێکدانەوەʼشەوە ئەنجام دەدرێت: بەهۆی بوونی ئەو توخمە جیاواز و هەمەجۆرانەی لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا بەکار هاتوون دەقەکان چەندین ئەگەری جیاواز و دووفاقی هەڵدەگرن؛ ئەم ناڕوونییانەش کەم دەکرێنەوە یان تەنانەت لادەبرێن ئەویش لە ڕێگەی پراکتیکی لێکدانەوەی تایبەتەوە کە سوود لە پێکهاتە گوتارییە دیاریکراوەکان وەردەگرن وەک بەشێک لە ڕێکارە لێکدانەوەییەکانیان.

هەرچەندە زۆربەی گوتارەکان بەو شێوە ڕاستەوخۆیە پەیوەندییان بە ململانێی هەژموونگەراییەوە نییە وەک ئەوەی لە گوتاری تاتچەریزمدا هەیە. لە زۆربەی گوتارەکاندا پاڵەوانەکان (وەک بڵێی) چینەکان یان هێزە سیاسییەکان نین کە بەو شێوە ڕاستەوخۆیە بە چین یان بلۆکەکانەوە بەسترابنەوە، بەڵکو بۆ نموونە بریتین لە مامۆستا و قوتابی، ڕاوێژکار و کڕیار، پۆلیس و خەڵک، ژن و پیاو. هەژموون پرۆسەیەکە لە ئاستی کۆمەڵگەدا لە کاتێکدا زۆربەی گوتارەکان خاسیەتێکی خۆجێیی هەیە و لە نێو یان لە پەراوێزی دامەزراوە دیاریکراوەکاندان وەک خێزان، قوتابخانە، گەڕەک، شوێنی کار، دادگا و هتد. ئێمە دەبێت ڕێز لە تایبەتمەندیی ئەم بوارە دامەزراوەییانە بگرین. سەرەڕای ئەوەش هەژموون هێشتا هەم وەک مۆدێل و هەم هەم وەک ماتریس دەمێنێتەوە. وەک مۆدێلێک وایە: با بڵێین لە کەرتی پەروەردەدا گروپە باڵادەستەکان وا دەردەکەون کە لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەوە دەسەڵاتی خۆیان پیادە دەکەن نەک تەنها لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر گروپە ژێردەستەکاندا، بەڵکو لە ڕێگەی تێکەڵکردنیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان و گەیشتن بە هاوسەنگییەکی لەرزۆک

کە ڕەنگە لەلایەن گروپەکانی دیکەوە تێکبدرێت؛ ئەمەش بەشێکی لە ڕێگەی گوتار و ئایدۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی بونیادنان و ململانێ لە دەوری سیستمە گوتارییە ناوخۆییەکان کە هیچ کەمتر نین لە هاوتا کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕووی فرەچەشنی و دژبەرییەوە. ئەو هەژموونە وەک ماتریس کار دەکات: بەدەستهێنانی هەژموون لەسەر ئاستی کۆمەڵگە پێویستی بە پلەیەک لە تێکەڵکردنی دامەزراوە لۆکاڵی و نیمچە سەربەخۆکان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەیە، بە جۆرێک کە ئەم دامەزراوانە بەشێکیان لە ڕێگەی پەیوەندییە هەژموونگەرایییەکانەوە فۆرم بگرن. ئەمەش سەرنج ڕادەکێشێتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکان و پەیوەندی و جووڵە لە نێوان سیستمە گوتارییە دامەزراوەییەکاندا. ئەوەی کە پێویستە بەڵام جێبەجێکردنی قورسە، بریتییە لە پێدانی کێشی شایستە بە پرۆسەی تێکەڵکردن بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی سەربەخۆیی ڕێژەیی و یەکپارچەیی خەباتە نا چینایەتییەکان: وەک ململانێی نێوان ڕەگەزەکان، گروپە نەتەوەییەکان و پۆلە جیاوازەکانی کاراکتەرە دامەزراوەییەکان.

لە دیدگای 'هەژموون'ەوە تەواوی سەرنجەکان لەسەر پرۆسەکانن: پرۆسە ناوخۆییەکانی بونیادنان و دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی گوتارەوە و پرۆسە جیهانییەکانی یەکگرتن و لێکهەڵوەشان کە لە دامەزراوە تایبەتەکان و ڕێسا گوتارییە ناوخۆییەکان تێدەپەڕن. گوتار، گۆڕانی گوتاری و پەیوەندییەکەی بە گۆڕانی ئایدۆلۆژی و ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە مانایەکی فراوانتر ئەو شوێنەیە کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە و کێشەی (زمان/ئایدۆلۆژیا)ی تێدا ڕووبەڕوو ببنەوە. هەروەها بە گوێرەی دیدگای دیالەکتیکییانە بۆ (پێکهاتە/ڕووداو) کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی گوتاری پێویستی بە سەرنجێکی دوولایەنە هەیە لەسەر 'ڕووداوی گوتاری' و 'ڕێسا گوتارییە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەکان'.

بە گۆڕانکاری لە ڕووداوە گوتارییەکاندا مەبەستم لەو داهێنان و بونیادنەرێتییەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دژی باوەکان و چاوەڕوانییەکان دەوەستێتەوە. گۆڕانکاری فۆرمەکانی لادان و تێپەڕاندنی سنوورەکان دەگرێتەوە؛ وەک پێکەوەنانی کۆد و توخمە باوەکان بە شێوازێکی نوێ یان بەکارهێنانی ڕێسا گوتارییەکان و توخمەکانیان لەو بارودۆخانەی کە بە شێوەیەکی باو ڕێگرییان لێ دەکرێت، بە جۆرێک کە هەست بە ململانێی نێوان شێوازە جیاوازەکانی گوزارشتکردن لە کایەیەکی دیاریکراوی ئەزموون دەکرێت. گۆڕانکاری شوێنەوارەکانی خۆی لەناو دەقەکاندا لە ڕێگەی هاوکاتبوونی

توخمە دژبەیەک و ناگونجاوەکاندا جێدەهێڵێت؛ وەک تێکەڵکردنی شێوازە فەرمی و نافەرمییەکان، وشەسازییە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکان، نیشانەکانی دەسەڵات و دۆستایەتی و ئەو فۆرمە ڕستەییانەی کە زیاتر تایبەتن بە نووسین یان ئاخاوتن و هتد. سەرچاوە و پاڵنەرە دەستبەجێیەکانی گۆڕانکاری لەو دژایەتییانەدایە کە دەبنە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ باوەکان بە چەندین شێوازی جیاواز. بۆ نموونە ئەو دژایەتییانەی لە پێگەی بابەتەکاندا ڕوودەدەن؛ وەک ئەوانەی پەیوەستن بە پەیوەندییە جێندەرییەکانەوە کە تێیدا گوتار و پراکتیزە جێندەرییەکان بوونەتە کێشە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لەژێر کاریگەریی ئەو دژایەتییانەی لە نێوان پێگەی سوژە جێندەرییە نەریتییەکان (کە زۆربەمان لەسەری پەروەردە بووین) و پەیوەندییە جێندەرییە نوێیەکاندا هەن. مرۆڤەکان ڕووبەڕووی ئەوە دەبنەوە کە 'بیلیگ و هاوکارانی' (١٩٨٨) ناوی دەنێن 'دڵەڕاوکێ ئایدیۆلۆژییەکان'، کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی فۆرمەکانی ململانێی گوتارییەوە چارەسەریان بکەن یان سنووردایان بکەن. لەسەر ئاستێکی تەواو جیاواز دەکرێت گوتاری سیاسیی تاتچەر وەک ئەنجامی کێشەداربوونی پراکتیزە گوتارییە ڕاستڕەوە نەریتییەکان ببینرێت؛ لە بارودۆخێکدا کە دژایەتییەکان لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێگەی سوژەکان و پراکتیزە سیاسییەکان (کە ئەو گوتارەیان لەسەر بونیاد نراوە) لەگەڵ جیهانە گۆڕاوەکەدا بەدیار دەکەون. ئەم تێگەیشتنە خودییانە بۆ کێشەکان لە بارودۆخە بەرجەستەکاندا مەرجی کۆمەڵایەتییان هەیە لە دژایەتییە بونیادییەکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا، کە ڕووداوە گوتارییەکان کاریگەریی کەڵەکەبوویان لەسەریان هەیە. لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوەیەی بۆ شیکردنەوەی گوتار لە بەشی پێشوودا ناسێنرا، مەرج و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕەهەندی 'پراکتیزەی کۆمەڵایەتیدا' شیکار دەکرێن، 'دڵەڕاوکێ ئایدیۆلۆژییەکان' و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان لە ڕەهەندی 'پراکتیزەی گوتاریدا' دەخرێنە ڕوو و شوێنەوارە دەقییەکانیش لە ڕەهەندی 'دەق'دا لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێت.

سەبارەت بە گۆڕانی پێکهاتەیی ئەو گۆڕانکارییانەی وا دەردەکەون کە بەسەر سنوورەکانی نێوان ڕێسا دامەزراوەییەکانی گوتاردا تێپەڕ دەبن، جێگەی بایەخی تایبەتن چونکە ئەگەری هەیە پەیوەندییان بە پرۆژە هەژموونخوازییە فراوانترەکانەوە هەبێت. ڕێگەم بدەن ئاماژە بە دوو گۆڕانکاری لەم جۆرە بکەم. یەکەمیان بریتییە لە 'دیموکراسیبوونی ڕواڵەتییانەی گوتار' کە کەمکردنەوەی نیشانە ئاشکراکانی نایەکسانیی دەسەڵات لە نێوان ئەو کەسانەدا دەگرێتەوە کە خاوەن دەسەڵاتی

دامەزراوەیی نایەکسانن؛ بۆ نموونە: مامۆستا و قوتابی، ئەکادیمی و خوێندکار، خاوەنکار/بەڕێوەبەر و کرێکار، دایک و باوک و منداڵ، پزیشک و نەخۆش. ئەم مەیلە لە زۆرێک لە کایە دامەزراوەییە جیاوازەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. هەرچەندە جیاوازی لە نێوان ئەو کایانەدا هەیە، بەڵام بە گشتی دەکرێت وا لێک بدرێتەوە کە ئەمە نەهێشتنی نایەکسانیی دەسەڵات نییە، بەڵکو گۆڕینیەتی بۆ شێوەیەکی شاراوە. بۆ نموونە مامۆستاکان لەوانەیە لە گوتارەکانیاندا لەگەڵ قوتابیاندا کۆنترۆڵی خۆیان پەیڕەو بکەن، بەڵام کەمتر لە ڕێگەی فەرمانی ڕاستەوخۆ و سەپاندنی سنووربەندی ئاشکرا بەسەر مافی قسەکردنیاندا؛ بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی داواکاری ناڕاستەوخۆ، پێشنیار و شێوازی کاردانەوە و وەڵامدانەوەیان (چ لە ڕووی دەربڕینی دەموچاو و جەستەییەوە، چ لە ڕووی زارەکییەوە) بۆ بەشدارییەکانی قوتابیان. دەکرێت ئەم جۆرە گوتارە وەک ئاوێتەیەکی دژبەیەک لە گوتارەکانی یەکسانی و دەسەڵات ببینرێت. نموونەی دووەم بریتییە لەوەی کە من ناوم ناوە 'کەسیبوونی دەستکرد'. ئەمە بریتییە لە هاوشێوەسازیی گوتاری تایبەت ڕووبەڕوو و کەس بۆ کەس لە نێو گوتاری گشتیی جەماوەریدا وەک (چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن). هەر دوو نموونەکە لە ڕوانگەی هەژموونخوازییەوە شایەنی لێکدانەوەن، هەرچەندە لێکدانەوەی وردی ئەمانە پێویستی بە شوێنێکی فراوانتر هەیە لەوەی لێرەدا لەبەردەستمە. بێگومان دیموکراسیبوونی گوتاری پەیوەستە بە دیموکراسیبوونی سیاسی و ئەو وەرچەرخانە فراوانەی کە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا ڕوویداوە؛ واتە گۆڕان لە 'سەپاندنی زۆرەملێ'وە بۆ 'ڕەزامەندی'، 'تێهەڵکێشکردن' و 'فرەیی'. کەسیبوونی دەستکرد ڕەهەندێکی ئەو پرۆسە هاوتەریبەیە کە بریتییە لە تێکشکاندنی سنووری نێوان کایەی گشتی و تایبەت، کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوەش لە کاتێکدا کە دەوڵەت و میکانیزمەکانی (بەتایبەت میکانیزمە ئایدۆلۆژییەکانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی) پەل دەهاوێژن بۆ نێو کایە تایبەتەکان. هەرچەندە دەکرێت هەردوو بارودۆخەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەوە وەک 'وەهمی دیموکراسی' و 'سادەیی و نافەرمیبوون' و هاوشێوەکانیان ببینرێن کە بۆ مەبەستی شاراوە پەرەیان پێ دراوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ڕێسا دامەزراوەییەکانی گوتار ئەم ڕەگەزانە لە خۆ دەگرن (تەنانەت ئەگەر بە شێوازێکی سنووردار و کۆنترۆڵکراویش بێت) وایان لێ دەکات کە کراوە بن بۆ 'ململانێی گوتاری' بە ئاراستەی برەودان بەو ڕەگەزانە، ئەمەش ئەگەر مۆدێلێکی هەژموونخوازی پەیڕەو بکەین. بەم مانایە دیموکراسیبوون و کەسیبوون وەک ستراتیژ جۆرە سەرکێشییەکی گەورەن و مەترسیی زۆریان لەسەرە.

ئایا گۆڕانکارییە گوتارییەکانی لەم شێوەیە بە ناچاری خاوەن ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژین؟ وە شوێنەوارەکانیان بۆ سەر کێشەی (زمان/ئایدۆلۆژیا) چییە؟ تەواو جێی تێڕامانە کە گۆڕانکاری لە پراکتیکە گوتارییەکان و داڕشتنەوەی سیستەمە گوتارییەکاندا لەبەر هۆکاری ناعەقڵانی پەتی ڕوودەدەن. بۆ نموونە ڕەنگە پزیشکەکان ئەگەری گەیشتنیان بە بڕیاری پزیشکیی دروست زیاتر بێت ئەگەر بە شێوەیەکی گفتوگۆیی و لەسەر بنەمای یەکسانی (لانیکەم بە ڕواڵەت) لەگەڵ نەخۆشەکانیاندا بدوێن، نەک تەنها بیانخەنە ژێر زنجیرەیەک پشکنینی جەستەیی و زارەکیی پێشوەختە داڕێژراوەوە. بەڵام پاڵنەرە عەقڵانییەکان بۆ گۆڕانکارییەکی لەم شێوەیە بە شێوەیەکی حەتمی بەرگێکی ئایدۆلۆژی دەپۆشن، ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە گۆڕانکارییەکە لەناو پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکانی ئێستادا (لە ناوەوە و دەرەوەی کایەی پزیشکیدا) ڕوودەدات. با ئەمە ڕوونتر بکەمەوە: تا ئەو ڕادەیەی کە گۆڕانکارییەکان لە پراکتیک و داڕشتنەوەکاندا بەرجەستەکاریی گوزارشتەکان، پێشنیارەکان یان ئەو گریمانانە بن کە کار دەکەنە سەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات (بەهێزکردنیان یان تێکشکاندنیان)، دەکرێت بە 'ئایدۆلۆژی' ناوزەد بکرێن. ئەمە بە شێوەیەکی فراوان هاوشێوەی تێڕوانینەکەی (تۆمپسۆن)ە بۆ ئایدۆلۆژیا وەک 'مانایەک لە خزمەت پەیوەندییەکانی چەوسانەوەدا' (هەرچەندە من بەرگری بەرامبەر چەوسانەوەشی بۆ زیاد دەکەم) یان تێڕوانینەکەی (فرۆ) بۆ ئایدۆلۆژیا وەک 'بە سیاسییکردنی ئەرکی ئاخاوتن' (تۆمپسۆن ١٩٨٤: ٤، فرۆ ١٩٨٥: ٢٠٤). کەواتە بۆ گوتار، ئایدۆلۆژی بوون، ڕێگر نییە لەوەی کە لە هەمان کاتدا شتی تریش بێت.

گەرچی ئەمە بەو مانایە نییە کە ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراوی ڕەگەزێکی تایبەت چەسپاو و نەگۆڕە. بۆ نموونە سەیری ئەو شێوازە ڕواڵەتییە نائاڕاستەکار، بێ بڕیاردان و هاوسۆزانەیە بکە کە بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسەکاندا بە شێوەی تاکەکەسی دەربارەی خۆیان و کێشەکانیان بەکاردێت، کە ئێمە بە 'ڕاوێژکاری' ناوی دەبەین. ڕاوێژکاری بنەڕەتەکەی لە چارەسەری دەروونییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئێستا وەک تەکنیکێک لە چەندین بواری دامەزراوەیی جیاوازدا بڵاوبووەتەوە. ئەم بوارە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر دووفاقەیە. زۆربەی ڕاوێژکاران خۆیان وەک کەسانێک دەبینن کە فەزا و دەرفەت دەدەنە مرۆڤەکان وەک تاک لە جیهانێکدا کە تا دێت زیاتر وەک ژمارەیەکی بێبایەخ (سفر) مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ئەمەش وادەکات ڕاوێژکاری وەک پراکتیکێکی دژە-هەژموون دەربکەوێت. کەچی لە لایەکی ترەوە ئێستا ڕاوێژکاری لە چەندین دامەزراوەی جیاوازدا لەبری پراکتیکە ڕاستەوخۆ و توندوتیژە

سزادەرەکان بەکاردێت، ئەمەش وادەکات وەک تەکنیکێکی هەژموونگەرا دەربکەوێت بۆ ڕاکێشانی لایەنە تایبەتییەکانی ژیانی خەڵک بۆ ناو کایەی دەسەڵات بە شێوەیەکی نەرم و ناڕاستەوخۆ. ململانێی هەژموونخوازانە لە ڕێزبەندییەکی ئایدیۆلۆژیدا بەشێکی لە ڕێگەی ڕاوێژکارییەوەیە و بەشێکی تریشی لەسەر خودی ڕاوێژکارییە.
ئەو وێنە/ئایدیۆلۆژیایەی کە لەم مشتومڕەوە سەر هەڵدەدات بەرەو ڕوانگەکەی (فرۆ) هەنگاو دەنێت کە ئایدیۆلۆژیا وەک 'دۆخێکی گوتار... لە کاردانەوە بەرامبەر بە ململانێی چینایەتی' دەبینێت (١٩٨٥: ٢٠٤). واتە لەبری ئەوەی 'کۆنتێکستە' ئایدیۆلۆژییە دیاریکراو و چەسپاوەکان بدەینە پاڵ توخمەکان، ئایدیۆلۆژیا بە شێوەیەکی داینامیکیتر دەبینرێت وەک پەیوەندییە گۆڕاوەکانی پراکتیزە گوتارییەکان بەرامبەر بە ململانێی هەژموونگەرایی (و دامەزراوەییە خۆجێییەکان). بە ڕوونی دیارە کە هەندێک توخم لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە هەندێکی تریان چەسپاوترن، بۆ نموونە بیر لەو وشەگەلانە بکەرەوە کە ئەستەمە وەک سێکسیستی (ڕەگەزپەرستی جێندەری) یان ڕەگەزپەرستی دانەنرێن. بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو توخمە گوتارییانەی کە ئەگەری هەیە ئاستێک لە چەسپاوی ئایدیۆلۆژییان پێوە دیار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت پێچەوانە بکرێنەوە. (فوکۆ)ش هەمان خاڵ دەخاتە ڕوو کاتێک ئاماژە بە 'فەرهەنگە تاکتیکییە فرەواتاکانی گوتارەکان' دەکات:
'گوتارەکان توخمێکی تاکتیکین یان کاتژمێرێکن کە لە کایەی پەیوەندییەکانی هێزدا کار دەکەن؛ دەکرێت گوتاری جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیش لە چوارچێوەی هەمان ستراتیژدا هەبن؛ بە پێچەوانەشەوە، دەکرێت بەبێ گۆڕینی شێوەکەیان لە ستراتیژێکەوە بۆ ستراتیژێکی تری دژبەر بگوازرێنەوە.' (فۆکۆ ١٩٨١: ١٠١)
ئەمە پێشنیاری هاوشێوەییەک دەکات لە نێوان 'ستراتیژییە' گوتارییەکان و ستراتیژییە سیاسییە هەژموونخوازەکان بۆ بونیادنانی هاوپەیمانی و تێکەڵکردنی گروپە ژێردەستەکان کە ئەمەش جەخت لەسەر بایەخی چەمکی هەژموون دەکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی گوتاری و پەیوەندی نێوان زمان و ئایدۆلۆژیا. هەروەها ئەوەش نیشان دەدات کە ڕەنگە پەیوەندی نێوان گوتار و هەژموون پەیوەست بێت بەوەی کە دووەمیان (هەژموون) سنوور بۆ تواناکانی یەکەمیان (گوتار) دادەنێت: هیچ هۆکارێکی تایبەت بە گوتار نییە کە ڕێگر بێت لە گوزارشتکردن و دووبارە گوزارشتکردنەوەی بێسنووری توخمەکان. ئەوە هەژموونە یان مێژووە کە ئەم توانایە گوتارییە کورت دەکاتەوە و سنوور بۆ ئەو دەربڕینانە دادەنێت کە لە ڕاستیدا ڕوودەدەن و بەردەوامییان و هتد. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەو دیدگایەی خستوومەتە

ڕوو سەبارەت بە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی 'سیستەمەکانی گوتار' وەک لایەنێک لە ململانێیەکی هەژموونخوازی گەشەسەندوو، ئومێدەوارم گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی فۆکۆ دەربارەی گوتار و تەکنەلۆژیاکانی دەسەڵات وەبیر بهێنێتەوە (فۆکۆ ١٩٧٢، دریفوس و ڕابینۆ ١٩٨١).

## ٧.سنوورەکانی ئایدۆلۆژیا

ئاماژەم بەوە داوە کە پراکتیزە گوتارییەکان لایەنی ئایدۆلۆژییان تێدایە تا ئەو ئاستەی کە بەشدارن لە بەهێزکردن یان لاوازکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات. پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە بنەڕەتدا دەکرێت لە ڕێگەی پراکتیزە گوتارییەکانەوە لە هەر جۆرە گوتارێکدا کاریگەرییان لەسەر دروست ببێت، تەنانەت لە گوتاری زانستی و تیۆریشدا. ئەمەش ڕێگری دەکات لە هەبوونی دژایەتییەکی ڕەها لە نێوان ئایدۆلۆژیا لە لایەک و زانست یان تیۆر لە لایەکی ترەوە کە هەندێک لە نووسەرانی بواری زمان و ئایدۆلۆژیا پێشنیاریان کردووە (پێشۆ ١٩٨٢، زیما ١٩٨١). بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو گوتارێک بە شێوەیەکی چاکنەکراوە ئایدۆلۆژییە. ئایدۆلۆژیاکان لەو کۆمەڵگە چینایەتییانەدا سەرهەڵدەدەن کە بە پەیوەندییەکانی باڵادەستی دەناسرێنەوە و تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤەکان توانای تێپەڕاندنی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەیان هەبێت، توانای تێپەڕاندنی ئایدۆلۆژیاشیان هەیە. کەواتە من ئەو دیدگایە قبوڵ ناکەم کە دەڵێت 'ئایدۆلۆژیا بە گشتی' جۆرێکە لە چەسپێکی کۆمەڵایەتی کە جیانەکرێتەوە لە خودی کۆمەڵگە.

لەسەر ئاستێکی کەمتر نموونەیی لە ئێستاشدا بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیا کارێکی تەواو گونجاوە. ئەو ڕاستییەی کە هەموو جۆرە گوتارەکان لە بنەڕەتدا و بێگومان تا ڕادەیەک لە ڕاستی کۆمەڵگەی ئێمەشدا کراوەن بۆ وەبەرهێنانی ئایدۆلۆژی، بەو مانایە نییە کە هەموو جۆرە گوتارەکان بە هەمان پلە ئایدۆلۆژی بن. نابێت کارێکی ئەوەندە گران بێت بۆ سەلماندن کە 'ڕیکلام' بە شێوەیەکی گشتی زۆر زیاتر لە 'زانستە فیزیاییەکان' ئایدۆلۆژیای تێدا بەکار هاتووە، هەرچەندە چەق و ئاراستەی کارەکانی فۆکۆ (تەنانەت ئەگەر خۆشی دژایەتی چەمکی ئایدۆلۆژیا بکات) بۆ ئەوەیە نیشانی بدات کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەبەرهێنانێکی ئایدۆلۆژیی قورسیان تێدایە. هەندێک دیاریکەری پێکهاتەیی بۆ پلەکانی وەبەرهێنانی ئایدۆلۆژی هەن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ناتوانرێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بە شێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری ئایدۆلۆژیا ببینەوە. وەک ئاڵتوسەر وەبیرمان دەهێنێتەوە ئایدۆلۆژیا بەو شێوەیە کار

دەکات کە سروشتی ئایدۆلۆژیی خۆی دەشارێتەوە. ئەم بابەتە دەبێتە کارێکی سروشتی و ئۆتۆماتیکی یان ئەوەی گرامشی بە 'عەقڵی ساخ (کامڵ) ناوی دەبات. بابەتەکان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وا نیشان دەدرێن کە سەربەخۆن لە دیاریکردنی ئایدیۆلۆژی. کەچی بابەتەکان لە هەمان کاتدا لە پێگەی دژبەیەکیشدا دادەنرێن؛ کاتێک ئەم پێگە دژبەیەکانە تێکەڵ دەبن، دەبنە بنەمایەک بۆ دروستبوونی هۆشیاری و تێڕامان هەروەک چۆن دەبنە هۆی کێشەدارکردنی دۆخەکە و گۆڕانکاری. شیکردنەوەی گوتار بە ڕەهەندێکی ڕەخنەیی دەتوانێت هۆشیاری و ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا بە سیستماتیک بکات (کە ئەمە بێگومان بەو مانایە نییە کە شیکردنەوەکە خۆی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە ئایدیۆلۆژیا پارێزراوە). لەم هۆشیاری و ڕەخنەیەوە دەرفەتەکانی بەهێزبوون و گۆڕانکاری سەر هەڵدەدەن (فێرکلاف، لەژێر چاپدا، بەشی ٩). بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم جووڵانە لەناو قاڵبی ململانێی هەژموونگەرایی‌دا ڕوو دەدەن، ئەگەری ئەوەیان هەیە نەک هەر بەرەوڕووی بەرگری ببنەوە، بەڵکو لە ناو سیستمەکەدا هەرس بکرێن و بەکار بهێنرێنەوە. پێویستە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار ئامانجی چاوکراوەییەکی بەردەوام بێت سەبارەت بەوەی کێ ئەنجامەکانی بۆ چ مەبەستێک بەکار دەهێنێت، هەروەها ئایا ڕەخنەکردنی هەندێک پراکتیکی دیاریکراو نابێتە هۆی ئاساییکردنەوەی هەندێک پراکتیکی ئایدیۆلۆژی تر کە بە هەمان ئەندازە بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز ئایدیۆلۆژین.



# ڕەخنەی بەراوردکاری لە نێوان کەریم دەشتی، شیرکۆ بێکەس و بێتراند کوولیک

فازیل شەورۆ

ئەگەرچی مێژووی ژانری ئەدەبی بەراوردکاری هێندە دێرین نییە وسەرهەڵدانی بۆسەدەی نوزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە ئەدەبییە خێرا گەشەی کرد و بە تیۆری و ڕێباز و بنەماکانی توانی پێگەیەکی باڵا لە ئەدەبی جیهانیدا بۆ خۆی زامن بکات. سەرەتا لێکۆڵینەوەکانی لە بازنەی دووانەی نەتەوایەتی بوون، وەک بەراوردکاری لە نێوان ئەدەبیاتی ئەڵمانی و فەرەنسی، دواتریش پەلوپۆی بۆ بوارە کەلتوورییەکان هاویشت و لە سەدەی بیستەم بەراوردکاریی فرەلایەنی لە ئەدەب و هونەر و کەلتووردا بوو بە شتێکی باو. وەرچەرخانە مەزنەکەی ئەم ژانرە ئەدەبییە، لەسەر دەستی تاقمێک لە ڕەخنەکار و لێکۆڵەر و زانا دەستی پێکرد، کە قوتابخانەکانی بەراوردکاری زۆر بوون و بازنەی بابەتەکان سنووریان شکاند، بەوەی لێکۆڵینەوەکان هەر لە چوارچێوەی ئەدەبی بەرجەستەکراو نەبن بەڵکوو بواری هونەر و شێوەکاری و مۆزیک و سینەما و فۆتۆ و زانستەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیشیان گرتەوە.

لە پێناسەیەکی سادەدا، دەکرێت بڵێین "ئەدەبی بەراوردکاری comparative literature لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە لە سنووری زمان و کەلتوور و ئەدەبی نەتەوەکاناندا بە شیکردنە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکاریی لە سیما لێکچووەکان و جیاوازەکانیاندا."[١]

ئیمرۆ ڕووبەری ئەم ژانرە ئەدەبییە وەک زانستێکی سەربەخۆ(لە تیۆری و قوتابخانە) پەلی هاویشتوە بۆ بواری هونەرەکان(شێوەکاری، مۆزیک، سینەما، فۆتۆگرافی، کارتۆن... )ئەوا جگە لە بابەتی کەلتووری و فەلسەفە و مێژوو و میدیای دیجیتاڵی و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا. لە میانەی لێکۆڵینەوەکان ڕۆشنایی دەخرێتە سەر: پەیوەندیی نێوان دوو دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان و چۆنیەتیی کارلێکی کارە

ئەدەبییەکان لەسەر یەکتر – لە وینە، بیرۆکە، زمان، پێکهاتە، داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی و هونەری... . جیهانە ئەدەبییەکە تەواو فراوان بووە، ئاسایيە بەراوردیکاریی لە بابەتی "خۆشەویستی" بکرێت لە نێوان "لەتیف هەڵمەت و تی، ئێس ئەلیوت" یان "مردن" لە شیعری "بەرزان هەستیار و شێیکسپیردا"، وەک نموونە.

**بیرۆکە و ڕێبازی ئەم بەراوردکارییە:**

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە ٣ بابەتە: دەقە شیعرێکی کەریم دەشتی، دەقە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس، فۆتۆگرافێکی بێتراند کوولیک. سنووری بەراوردکردنەکە دوو دەق شیعری کوردییە لەگەڵ کارێکی هونەری. جوگرافیای دەقەکە و کارە هونەرییەکە کوردستان و فەڕەنسایە. دوو زمان کاریان لەسەر دەکرێت: زمانی کوردی و زمانی هونەری فۆتۆگرافی. وردەکاریی لێکچوون و جیاوازی و کارلێکردن و ئاکامی بەراوردکردنەکە ئەکادیمیانە ڕۆشنایان دەخرێتە سەر.
دەربارەی ڕێباز و بنەمای لێکۆڵینەوەکە، ئیمڕۆ چەندان تیۆری و قوتابخانەی ئەدەبی لەسەر ئاستی جیهاندا دەرگای والایە: بەراوردکاریی بابەتی، بەراوردکاریی مێژوویی، بەراوردکاریی کۆنتێکستی، بەروادکاریی پێکهاتەیی، بەراوردکاریی زمانەوانی... تاد. لێ لێکۆلەر لێرەدا پشت بە هیچ لەم تیۆری و قوتابخانانە نابەستێت، وەک ڕەخنەکارێک، خاوەن گووتاری تایبەت بە خۆی (گووتاری شەوڕۆ) بە سوود وەرگرتن لە هەموو زانیارییەکان، هەوڵ دەدات "شیتەڵکاریی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ" بکاتە ئامرازی لێکۆڵینەوەکەی، واتا کۆی زانیاری و مەعریفە کەڵەکەبووەکانی هزری خۆی، لە کارەکەدا پڕاکتیزە دەکات.

**چاوی شاعیر و چاوی فۆتۆگر افەر:**

هەستی بینین یەکێکە لە پێنج هەستەوەرکانی مرۆڤی ئاسایی، لە "ڕێی ئەو هەستەوە توانای مێشک و چاوە بەیەکەوە کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی شەپۆلی کارۆموگناتیسی ڕووناکی بۆ لێکدانەوەی وێنەی ئاسۆیی بینراو. چاو کامێرای وێنەگرتنی شتەکانە، ڕەنگەکان لێک جیادەکاتەوە و ڕووناکی و سیبەر دەناسێتەوە. هەر ئەم هەستەشە توانای نێوان بینین و نابینایی دەست نیشان دەکات. بێگومان تۆڕی چاو، کە لە پشتەوەی چاوە، ڕووناکی دەگۆڕێت بۆ شانەی دەمار، زوومی چاو ڕووناکییەکە لەسەر خانە فۆتۆریسێپتۆرەکانی تۆڕی چاو چڕدەکاتەوە کە لە بەرانبەردا فۆتۆکان هەڵدەگرن بە ناردنیان لە ڕێی دەمارەوە، لە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزوپالۆزدا هێما و

سیگنەلەکان دەگەنە مێشک." [٢]

هەرچەندە پێکهاتە و توانستی بینایی چاوی شاعیر و هونەرمەند، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ چاوی خەڵکی دیکە، بینین، لە هزر و مێشک و خەیاڵدانی شاعیر و هونەرمەند نوێنەرایەتیی شێوازێکی ناوازە و جیاواز دەکات لە لێکدانەوەی قووڵی سۆزداری و فیکری و خەیاڵدا.

دەکرێت جیاوازییەکانی "بینین" لە زوومی چاوی ئەواندا بەم شێوەیە ڕاڤە بکرێن: وردبینی و دیقەتدانی پڕ سەرنج، دۆزینەوە و کەشفکردنی نهێنییەکانی وێنەکان، ڕاڤە و شیتەڵکاریکردن بۆ وێنەکان و دواتریش گەورەکردن و ڕەنگڕێژکردنی وێنەکان بە خەیاڵ و ئاوێتەکردنیان یان گۆڕینەوەیان بە وێنەی هونەری.

لە نیوان چاوی شاعیر و هونەرمەند لەگەڵ دیمەنی بینراودا، دوو زمان بوونیان هەیە: یەک: زمانی چاو، کە بەهرەداران دەواتنن لێی تێبگەن و بیخوێننەوە و بە سایەیی ئەم زمانە لە وێنە نەبینراوەکان تێدەگەن، کە مەمانان توانای بینینیانمان نییە، ئەمە "دیدگای ناوەوە"یە کە لە ڕێی هونەرەوە بەرجەستە دەبێت. دوو: زمانی شاعیر و هونەرمەند، کە لە بەرهەمەکانیان ڕەنگ دەداتەوە.

چاوی شاعیر یان هونەرمەند ئامرازێکە بۆ "بینینی جیهان لە گۆشەنیگای تازەوە و بەردەوامیشە لە خۆ ئاشناکردنی بە واقیعی بینراو و نەبیراو. ئەو دەقە ئەدەبییەی لای ئێمە "شیعرە" لە لای شاعیر "فۆتۆ-شیعرە". لە لای هونەرمەندیش "فۆتۆ"، "شیعرە – فۆتۆیە." [٣]

لە دەوروبەری سەدەی شانزدەمدا لە ڕۆژاوادا، هونەری "میناتۆر" لە شێوەکاریدا داهێنرا و وردو وردە پەری سەند تا گەیشتە ئیمڕۆ، ئەمەش بە داگیرکردنی پانتاییەکی زۆر گەورەی هەموو لقەکانی هونەر و ژانرەکانی ئەدەبی سەردەم.

گەلەری نیشتمانی لە لەندەن، بەم پەیڤانە پێناسەی هونەری "میناتۆر" دەکات:"هونەری وردەکاریی زۆر بچووک و وردی داهێنەرانەیە، لە قەبارەی بچووکدا. دەبێت ئەو کارە هونەرییە، ئەگەر بە گەورەیی نمایش بکرێتەوە، هەموو خەسڵەت و بنەما و ڕەگەزەکانی هونەری شێوەکاری تێدا بێت." [٤]

مینیاتۆریستەکان شارەزای پێوەر و پارسەنگ و یاسا و ڕێساکانی ئەم هونەرەن، دەزانن چۆن بابەتێک بچووک دەکەنەوە لە قەبارەدا بە بەراورد بە قەبارەی حەقیقی شتەکە، وەک کێشانی پۆرترێتێک لەسەر قەپێلکەی هێلکە، یان دیمەنێکی سرووشتی لەسەر لەتە دنکە برنجێکدا. ڕەخنەکار و پسپۆڕانی ئەم هونەرە دەزانن چۆن بەرهەمەکان دەنرخێنن و پۆلینیان دەکەن. بەرهەمی مینیاتوریی هەموو سیفەت و مەرجە باوەکانی

هونەرەیی بەرهەمی ئاسایی تێدایە، لەگەڵ چەند سیفەتێکی تایبەتی خۆی.
داهێنانی هاوێنە و دواتریش کامێرای فۆتۆگرافی دیجیتاڵی زۆر پێشکەوتوو، سەرلەبەری ستایلی هونەری میناتۆری گۆڕێ و کێبرکێی گەرمی لە نێو هۆڵ و گەلەرییەکانی ئەم هونەرە هێناوەتە کایە. ئەم سی ساڵەی دوایی، بە "سەردەمی ئاڵتۆنی هونەری میناتۆریی فۆتۆگرافیی" پێناسە دەکرێت.[٥]
ئێستا لە توولەڕێی ئەم پێشەکییە کورتەدا، دەچینە ناو بابەتەکەمان، کە "سێ بیرۆکە یان سەرچاوەی میناتوریی ئەدەبی و هونەرین":

- دڵۆپە ئاوێک، لە دەقێکی کەریم دەشتی دا.
- دنکە زیخێک، لە دەقێکی شێرکۆ بێکەسدا.
- قەترە بارانێک، لە فۆتۆیەکی بێتراند کوولیک دا.

جەبرا خەلیل جەبرا دەڵێت:" لە دڵۆپە ئاوێکدا هەموو نهێنیی زەریاکان، هەروەک لە یەک سیمای تۆدا هەموو سیماکانی بوون دەبینیت." جەلالەدینی ڕۆمیش دەڵێت:"تۆ یەک دڵۆپە ئاویت لە زەریایەکدا، تۆ تەواوی زەریایەکەیت لە یەک دڵۆپە ئاودا." لێرەدا دەبینین، بچووکترین پێکهاتەی هەموو ئاوەکانی گەردوون- کە دەبینرێت، تەنها یەک دڵۆپە ئاوە. "دەشتی" بە وێناکردنی ئەم دیاردە سرووشتیە جوانە، وەک کارێکی میناتۆری، دەقێکی ئەدەبی ناوازەی ئەفراندووە.
ولیەم بلێیک دەڵێت:"تا خڕ جیهان لە دنکە زیخێک و بەهەشت لە گوڵێکی کێویدا ببینیت، سەرمەد لە دەستێک و ئەبەدییەت لە دەستەکەی دیکەتدا بگرە."، ڕۆبەرت و. سێرڤیس دەنووسێت:"ئەوەی ئازارت دەدات، ئەو چیایە بەرزەی بەردەمت نییە، دنکە زیخەکەی نێو کەوشەکەتە" لێرەدا دەنکە زیخ، وەک ورترین بەشی هاڕدراوی بەرد و شاخ، بووەتە میناتۆرێک کە وێنای ژیان و بوون و مەرگی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. شێرکۆ بێکەس وەستایانە ئەم بیروکەیەیی لە شاکارێکدا ئەدەبیدا تەوزیف کردوە.
دەربارەی "قەترە بارانە"یش، پەندێکی عەرەبی دەڵێت:»سەرتای هەموو بارانێک، یەک قەترەیە."، گوتراوە:"قەترەباران، وردە ماچی ئاسمانن."، کەواتە لەم وردە ماچانەی ئاسمانەوە، خودا ژیانی بە هەموو بوونەوەرکان بەخشێوە. ئەم میناتۆرە بچووکە، خولقینەری ژیان، گەردوون و بوونەوەرەکانە. لەم قەترە بارانە هونەرمەند بێرتراند کوولیک فۆتۆیەکی هونەری گەردوونی پێشکەش کردووین.

**قەترە بارانەکە "فۆتۆ":**

هونەرمەند فەڕەنسی بێرتراند کوولیک Bertrand Kulik گەرچی وەک کەمانجەژەنێکی کۆنسێرت ناسراوە، بەڵام شوهرەتی وەک فۆتۆگرافێکی میناتۆری لەسەر ئاستی جیهاندا دەنگی داوەتەوە. بلیمەتییەکەی ئەم هونەرمەندە هەر لەسازکردنی هاوئاهەنگی هەستەهەژێن لە نێوان مۆسیقا و فۆتۆدا نییە، بەڵکوو لە درووستکردنی پەیوەندییەکی جوانناسیی تۆکمە و بەهێزە لە نێوان ژێی ئامێری مۆسیقا و زوومی کامێرادا.

ئەوە هونەرمەندە لە هۆنەری مایکرۆ فۆتۆگرافیدا، هێندە داهێنانی سەیر و سەمەر و سەرنجراکێشی کردوە کە کۆڤار وگەلەری و میدیاکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە و دەستکەوتی ماددی باشیشی لێ وەدەست هێناوە. هاوکاریی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکات لە سەرانسەری جیهاندا: گۆڤاری فیگارۆ، چاودێرانی لی نوڤێل، دەیلی تەلەگراف، بی بی سی، میترۆ، گاردیەن، لی پاریسین، نیویۆرک دەیلی نیوز، نیویۆرک پۆست، لا ڕیپبلیکا، سیێل و ئیسپەیس... ، زۆری دیکەش.

ئەو هەر لە سرووشتی جوان و گەردوون، فۆتۆ دەگمەنەکانی ناچرکێنێت، بەڵکوو لە بازاڕ و کۆڕەپان و باخ و باخچەکانی شارە گەورەکانی وەک پاریس و لیۆن و نیس، گرتە جواننەکانی دەگرێت. کەش وهەوای شارێکی وەک پاریس، سەرچاوەی زیندووی بەرهەمەکانی ئەوە، زۆرجار ئەو جگە لە زوومی کامێراکانی، هانا بۆ ئامێری تەلەسکۆبیش دەبات.

بەیانێک، لە ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥، لە دەمژمێری دە و حەوت خوولەک، کە نەرمە باران بە بۆنی خۆشی شەقام و باخ و پارکەکانی پاریس ئاوڕشێن دەکات، "کوولیک" لە نیو قەترە بارانێک لەسەر تاڵە گیایەک، دیمەنی تاوەری ئیفل Eiffel tower دەبینێت و زوو پێش ئەوەی دڵۆپە ئاوەکە بکەوێتە خوار، وێنەی دەگرێت. ئەمە دەبێتە بچووکترین فۆتۆی زیندووی تاوەری ئیفل، ئەم فۆتۆیە زوو لە میدیا و گۆڤارە جیهانییەکاندا بڵاودەکرێتەوە و دەبێت بە "فۆتۆی ترێند". بڕوانە وێنەکە.

ئەم فۆتۆیە وای کرد چەندان فۆتۆگرافەر لە هەر چوار ئیقلیمی جیهاندا لاسایی ‹کوولیک" بکەنەوە بەوەی شاکار و ئیمیجە بەناوبانگەکانی وڵاتی خۆیان لە نێو دڵۆپە ئاودا وێنە بگرن. بەڵام ‹کۆپیڕاتیی" ڕەسەنی داهینانەکە هەر بە ناوی "کوولیک" مایەوە.

ئەم وێنەیە دەروازەی هونەری مایکرۆ فۆتۆگرافی بۆ کوولیک خستە سەر پشت و بوو بە ڕاوچی بەدوای دەیان فۆتۆی لەم جەشنە، تەنانەی فۆتۆی ڕەشەبا و زریانی تاوەری ئیفلیشی گرتووە.

خوولیای فۆتۆگرافیی لە لای کوولیک لە فەلەکناسییەوە دەستی پێکردووە، بۆیە فۆتۆی مانگ و خۆر و ئەستێرە و ڕووناکییە و تارکییەکانی گەردوون زۆر بە جوانی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوانەی ئاشنان بە پێچی "Flicker" تایبەت بە فۆتۆ، دەتوانن فۆتۆکانی بەسەر بکەنەوە.

ئەو دەڵێت:›من سرووشتم خۆش دەوێت، لە شارەکانیش دیمەنی سرووشت دەدۆزمەوە و بە هەردوو هەستی بینین و بیستن، لە هارمونییایەکی دڵرفێندا بەرجەستەیان دەکەم. من پێش وێنەگرتنی هەر دیمەنێک و هەر بوونەوەرێک، تاوێک چێژ لە جوانییەکەیان وەردەگرم بۆ خۆم، ئەوجا لە فۆتۆدا بە زیندوویی دەیان پارێزم.. ژیان خۆی هارموونییەکی خۆش و جوانە، گەر بتوانیت لێی حاڵی بیت."[٦]
بایەخیی ئەم گرتە فۆتۆیەیی تاوەری ئیفل لە قەترە بارانێکدا لەوەدایە:

- کوولێک شاکارێکی هونەری پێشکەش بە ئارەزوومەندانی هۆنەری فۆتۆگرافی کرد و بوو بە ترێند و دەیان فۆتۆگرافەر لاسایان کردەوە و دەکەنەوە.
- وردبینی و دیقەتی وردی چاوی هونەرمەند، دەتوانێت داهێنان لە سرووشتدا بدۆزێتەوە، دەنا ڕەنگبی کەسانی دیکەش لە زەمەن و مەکانێکی دیکەدا ئەم جۆرە وێنەیان لە قەترە ئاوێکدا بینیبێت.
- میناتۆتۆری هونەری فۆتۆگرافی لە زوومی کامێرا، گواستەوە بۆ سەر کاغەز و سەر سکرینەکان، دەبینین هونەری میناتۆر لە ژانرە ئەدەبییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەراودکاریی ئەم کارە هونەرییە لە گەڵ دوو دەقی ئەدەبی لە بڕگەکانی دادێ دەخوێنیتەوە.

**دڵۆپە ئاوەکە "دەقە شیعر":**

کەریم دەشتی لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤، لە دەمژمێری دە و ٥٥ خوولەک، دەقە شیعری "شکانی ئاو"ی لە واڵی فێیسبووکی خۆیدا بڵاوکردەوە.
وەک "دەشتی ناسێک" ئەو مافە بە خۆم دەدەم، کە ئەم دەقە شیعرە بە شاکارێکی جیهانی ناوزەند بکەم و خوێنەری کوردی بە نهێنی و جوانناسی و داهێنانی ناوازەی ئەم دەقە ئاشنا بکەم و دواتریش خوێندەوەیەکی بەراودکارانەی ئەدەبی بۆ بکەم.
ئەمە دەقی شیعرەکەیە:

**شکانی ئاو**

١

ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کێوەکانەوە
خۆی بە قەدی چیلکە گیایێ گرتبێ
یا بەسەرشاخی کەڵە مامزێکەوە
خۆی لەبەرخۆرهەڵخستبێ

٢

ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کیشوەرەکانەوە
جاویدانیی دابێتە نەوڕەسەکان و
حەسرەتی بۆ من نووسیبێ

٣

ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ
تاجیلەی نەمریی پێ بێ و من نەیگەمێ
ئێستێ لەسەرتاشە بەردێکا
یا بەدیارچاوی قرژاڵا
یاری لەگەڵ ماینی بەحروتەم بکا

٤

زۆرجاران کە قەڵەمەکەم بەکوڵ دەگری
گوێم لە ڕژانی لەپێ ئاودەبێ
چك چك بەرەوزەویی دەڕژێ
وا هەست دەکەم ئەوە ڕۆحمە هەڵدەڕژێ
دەمەوێ زەمانێ بچمە ناوئاو
ڕەنگە پەپوولەی ئاوان بم
زەویی هەردووباڵی گرتووم
ڕێگە نادا بچمە نێودڵۆپەکانییەوە

٥

لە پشتی شووشەوە هەردەتگوت گەوهەرە
تەمێك بوولە جوانیی ئەوئاوە
زەمەنێك بوولە جاویدانیی
یا پەیکەری گەڵایێ

کە سەیری شەونمی سووردەکا
درەختەکە شەو بووکەوتە سەما
کە مانگی بینی تاجێکە لە ئاو
بەسەرلقێکی قەدیەوە
٦
ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ
لە پشتی کیشوەرەکانەوە
جاویدانیی دابێتە نەورەسەکان و
حەسرەتی بۆ من نووسیبێ
یا لە کەنارە دوورەکانی عەدەم
فیردەوسی وەك فەریکە گەنمێ
بەدەنووکی تیتراوسك سپاردبێ
جەخاری بۆ من ناردبێ
٧
زۆر جاران گوێم لە خوڕڕە ئاوێ دەبێ
دەڵێم هەر ئێستا دەیگەمێ
بەڵام دوورە، هێندە دوورە
بەقەد ئەو تەمە زیوینیەی
لەو بەری دەریاکانەوە
دوورتر لە تاقەدارێکی ئەوبەرزەمین
٨
وا هەست دەکەم
خوێنمە جێی هێشتووم و نایگەمێ
ئەی ئاو دەرگام لێبکەوە ئەی ئاو
من ئەوەندە فرمێسکم بۆ تۆ ڕشتووە
تا گیا لەژێر پێم شینبووە
٩
ئەی ئاو
پاکیزەییم پێ ببەخشە ئەی ئاو
ئەی ئاویترین جاویدانیی

**ئەی ئاو بمکەوە هاوڕێی جارانت**
**کە دڵۆپ، دڵۆپ**
**دڵۆپ، دڵۆپ**
**لە چەمەنی ڕۆحم دەنای**
**ئەی ئاو بمکەوە دۆستی جارانت**
**کە خوڕخوڕ، خوڕخوڕ**
**هەڵتدەڕشتمە چاوانت**[٧]

"دەشتی" بە ٢٦٨ پەیف، لە ٩ کۆپلە یان ستانزە شیعری ئازاد دا، شاکارێکی ئەدەبیمان بۆ دەخوڵقێنێ کە بە ئیمتیاز "ئاویترین دەقە شیعری هاچەرخی کوردییە" کە وەستایانە شاعیر لە چەمکی دڵۆپە ئاوێکدا، نەمری، پاکیزەیی، نامۆیی، جوانیی سرووشت، لەگەڵ فەلسەفەی بوون وعەدەم و ڕۆح، بە هونەریی پڕ داهێنانی خۆی بەرجەستە دەکات.
لە ئەدەبێ کوردیدا – بە کلاسیک و نوێ و هاوچەرخەوە، وەک لە ئەدەبێ تێکڕای نەتەوەکانی دیکەشدا، دەبینرێت، ئاو پێگە و مەقام وتایبەتمەندییەکی شکۆمەندانەی پێبەخشراوە، بەڵام ڕەنگدانەی تۆخ و ئەفراندنی دەقی باڵا بە باڵای "ئاو"دا لە ئەدەبی کوردیدا، لە ژێر کارگەریی هێندێ دەقی عەرەبییەوە، لە دوای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پتر بووە جێی بایەخدان و بەرهەمی جوانیشیان لێ داهێناوە.
لە ڕۆژگارێکدا کە هیچوپووچی بووتە ناسنامەی و دوکەڵی شەڕ و خوێن و باڕووت تەواوی جیهانی داپۆشیوە و خۆرهەڵات و کوردستان بە ڕەشترین و سەختەترین ساتەوەختی مێژوویدا تێدەپەڕن، شاعیر هانا بۆ دڵۆپە ئاوێک دەبات بیکاتە فریاڕەسی خۆی. بۆیە جارێک دەیەوێت خۆی و خوێنەر لەم دڵۆپە ئاوە جاوێدانییەدا بخنکێنێت یان بەو دڵۆپە ئاو پاکمان بکاتەوە و پاکیزەیی منداڵیمان پێ بداتەوە.
خوێندەوەی ناونیشانە سورپالییەکەی دەقەکە؛"شکانی ئاو"، کە گۆڕینەوەی ماددەیەکی فیزیکییە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی جیاواز، یەکسەر زەین و هۆشمان بۆ "شکانی ئاوێنە، شکانی دڵ، شکانی شووشە عەتر و بادە..."، دەبات، هەمووشیان لە کەلتووری کوردیدا، ڕەشبینی و شووم و تاریکیان بەداوەیە. واتا "حەسرەتی شاعیر" حەسرەتی شکانی ئاوێکە کە چاک کردنەوەی سەخت و مەحاڵە و ئازاربەخشی ڕۆحە.
دەقەکە سیخناخە بە فەرهەنگ و جیهانی ئاویی، ١٨ جار پەیڤی "ئاو" دووبارە بۆتەوە، ٤ جار "دڵۆپە ئاو"، ٤ جار "دڵۆپ"، ٢ جار "خوڕ خوڕ" ، جگە لەم وشە و

دەستواژانەی "ئاویین"، وەک " بەحر، تەم، ڕژانی ئاو، چک چک، دەرژێ، هەڵدەڕژێ، دڵۆپەکانییەوە، ئاوان، شەونم، خوڕە، دەریا، فرمێسک، ئاویترین، هەڵتدەڕشتمە...". بونیاتی دەقەکە، لەسەر بنەمای "وێنەی هونەریی کەڵەکەچن" دامەزراوە، " هونەریی کەڵەکەچن – کە هێشووە وینەشی پێدەگوترێت، وەک ساختومانێکی چەند نۆمە، هەر یەکێکیان لەسەر ئەوەی دیکە هەڵهێنراوە، بەڵام هەر نۆمە دیکۆر و جوانی و کەرەستەی خۆی هەیە بۆ مەبەستێک ئامادەکراوە. بە کۆی هەموو نۆمەکان ساختومانەکە پێکدەینن. یان وەک چەپکەگوڵێک، کە لە چەند گوڵێکی ڕەنگ و شێوە و بۆنبەرامەری جیاواز پێکهاتوە و دەکرێ هەر گوڵێک لەو چەپکەگوڵە دەربێنین و پێشکەشی کەسێکی بکەین بەبێ ئەوە جوانییەکانی خۆی لە دەستبدا، یان دەسکەگوڵەکە تێکبچێت."[٨]

لە دەستپێکی کۆپلەی (١، ٢، ٣، ٦)دا، دەستەواژەی "دڵۆپە ئاوێ" دەبێتە قوفڵ و کلیل:(ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کێوەکانەوە / ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کیشوەرەکانەوە / ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ تاجیلەی نەمریی پێ بێ و من نەیگەمێ / ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کیشوەرەکانەوە جاویدانیی دابێتە نەورەسەکان و..). ئاشکرایە شاعیر وەلی دیوانانە یان سۆفییانە خۆی دەخیلی ئەو دڵۆپە ئاوە دەکات، کە پیرۆزییەکی ڕۆحی و ئایینی و کەلتووی و ژینگەیی هێندە مەزنی هەیە، وەک بڵێیت، لەم گێژاو و تەمتمان و ئاڵۆزییەی سەردەمدا، خودا بۆ ئازادکردنی ئەوەی خولقاندبێت.

ئەوانەی ئاشنان بە شیعری "دەشتی: بە ئاگان کە ئەم زاتە شێیکسپیرانە ئالوودە و شەیدایی نەمرییە لە ڕێی شیعرەکانیەوە – دەیان نموونەی جوانمان لە کۆبەدرهەمەکانی ئەودا سەبارەت نەمریی لەبەر دەستە. ئەو وەستایانە ئەم وێنە و خەونە لە دڵی پەیامگردا دەنەخشێنێ، بە بەخشینەوەی ئەو نەمرییە بە بوونەوەرە جوانەکانی گەردوون: (جاویدانیی دابێتە نەوڕەسەکان / یا بەسەر شاخی کەڵە مامزێکەوە / تاجیلەی نەمریی پێ بێ و من نەیگەمێ، ئێستێ لەسەر تاشە بەردێکا، یا بەدیار چاوی قرژاڵا، یاری لەگەڵماینی بەحر و تەم بکا...)، ئەو لە نێوان (عەدەم و فردەوس) دا، نەمریی بە بژاردەی زیندوویی مانەوەی خۆی دەزانیت. لێرەدا هەست دەکرێت کە دەقە شیعرەکە پرۆژەیەکی پیرۆزە بۆ تێکەڵبوونەوەی ڕۆح و جەستەی شاعیر بە گەردوون (ئەی ئاو بمکەوە هاوڕێی جارانت)!

لە "شکانی ئاو"دا پتر لە ١٤ وێنەی هونەریی شیعریی ناسکی پر داهێنان هەیە، کە دەکرێت سەربەخۆیانە خوێندەوەیان بۆ بکرێت. لێرەدا هەر قسە لەسەر دووانیان دەکەین:

لە کۆپلەی چوارەمدا کە قەدی دەقەکەیە، دەشتی دەڵێت:

**زۆرجاران کە قەڵەمەکەم بەکوڵ دەگری**
**گوێم لە ڕژانی لەپێ ئاو دەبێ**
**چك چك بەرەو زەویی دەڕژێ**
**وا هەست دەکەم ئەوە ڕۆحمە هەڵدەڕژێ**
**دەمەوێ زەمانێ بچمە ناو ئاو**
**ڕەنگە پەپوولەی ئاوان بم**
**زەویی هەردوو باڵی گرتووم**
**ڕێگە نادا بچمە نێو دڵۆپەکانییەوە**

کەواتە هەر پەیڤەێک لە نووکی خامەی شاعیر دەرەچێت، ناڵە و گریانی ڕۆحە، وەک ئاو دەڕژێت، وەک هەموو ئاوێک، کێشی زەوی بۆ خۆی ڕادەکێشێت تا بچێتەوە ناخی باوەشی دایکی کە زەوییە و لێرەدا ڕۆحی شاعیرە. پۆپەی جوانیی کۆپلەکە لەوەدایە کە خۆی وەک (پەپوولەی ئاوان) دەبینێت و بەڵام "زەویی" وەک لانە و زێد و واری شاعیر، سندم دەکات و بە خۆییەوە دەبەستێتەوە ناهێڵێت بفڕێت. دوو زاراوە (پەپۆلە + ئاوان) ، ڕۆحی پاک و بێگەردی خۆی دەخاتەوە ئامێزی یەکەمین زاندانی خۆی، کە "ئاو"ە لێرەدا دوو پاکی، دوو سرووشت، دوو جوانی دەڕژێنە یەکیتری و لە نیو ‹دلۆپە ئاێکدا" گەردوونێک دەخولقێنن (ڕێگە نادا بچمە نێو دڵۆپەکانییەوە).
لە کۆپلەی نۆیەمدا کە دەقەکە قوفڵ دەدات ، دەشتی دەڵێت:

**ئەی ئاو**
**پاکیزەییم پێ ببەخشە ئەی ئاو**
**ئەی ئاویترین جاویدانیی**
**ئەی ئاو بمکەوە هاوڕێی جارانت**
**کە دڵۆپ، دڵۆپ**
**دڵۆپ، دڵۆپ**
**لە چەمەنی ڕۆحم دەنای**
**ئەی ئاو بمکەوە دۆستی جارانت**
**کە خوڕخوڕ، خوڕخوڕ**
**هەڵتدەڕشتمە چاوانت**

ئەم هاوارە، ئەم پاڕانەوە هاوارێ سۆفییەکە لە عەرشی باری تەعالا، لێرەدا "دەشتی"ی سۆفی، ئاو دەکاتە خوداوەندی خۆی. . ئەو وەک شاعیرێکی ڕۆشنفکر، ئاشنایە بە میتالۆژیای گریکی دێرین کە (پۆسیدۆن، خوداوەندی سەرەکی یۆنانی ئاو و دەریا و زریان و بوومەلەرزە و ئەسپەکانە. وەک یەکێک لە دوانزە خوداوەندی ئۆلۆمپی و برای زیوس، بەهێزترین خوداوەندی دەریاییە، زۆرجار بە سێ چەقۆ ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە کۆشکێکی زێڕین لەسەر بنی دەریا حوکمڕانی دەکرد، کۆنترۆڵی مەل و با و ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستی دەکرد.)[٩] لە نەریت و سرووتەکانی مەسیحییەکاندا ئاو کەرەستەی سەرەکی ئاوەمۆرە"تەعمید"، شاعیر دڵخوازی نەمرییەکی پاکیزەییە، لە ڕۆژگارێکدا پۆخڵی تەواوی بوون و ڕۆح و ژینگەی پیس کردوە. ئەم گەڕانەوەی شاعیر بۆ ئاو، گەڕانەوەیە بۆ باوەشی پیرۆزی خودا کە لە ئەزلدا پاک و بیگەرد بووە. ئەو نایشارێتەوە کە ژەنگ و گەندە و چڵپاوی گەردوون، پرپشکیان بۆ هەموو لایەکدا پەرت بووە. نوستالۆژیایەکی شاراوە بۆ سەردەمی منداڵی لە نێوان وشەکانی ئەم کۆپلەدا دەبینرێت، کە غوربەت و نامۆیی ئەوەی خەستتر کردوە.

لەم دەقەدا، دەشتی وشەی "ئاویترین" (ئەی ئاویترین جاویدانیی) دەخاتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی. قەسیدەکە، وەک یەکەیەکی یەکگرتووی تۆکمە و تێکسمڕاو، تژە بە مۆزیکی دەرەوە و ناوەوەی پەیڤ و بڕگەکان و شاعیر زۆی گوێ خۆی سووککردووە بۆ ڕیتم و کێشی بەندەکانی، تا بڵێیت هاوسەنگیان لێ دەڕژێت.

لە سەر پاڵاپۆشی دەقەکە ڕەنگی "خەمێکی تەنیایی شاعیر دەبینرێت، کە حەسرەتی ڕۆحی ڕەنگە تۆخەکەیەتی و نامۆیی لێ دەچۆڕێت، هاوڕام لەگەڵ هەڵسەنگاندەنە جوانەکەی هاشم سەڕاج کە دەڵێت:"شیعرە دواییەکانی کەریم دەشتی هەڵگری جۆرێک لە مۆرک و خەسڵەتی غەمگینی و حەسرەتی ڕۆحین."[١٠]

**خەسڵەتەکانی "گەردوونیەتی" دەقەکە:**

- ئاو، پێکهاتەیەکی گەردوونی ژیان و بوونە لە ئەزەلەوە و هەر واش دەمینێتەوە.
- هیچ شوورە و سنوور و پێگەیەکی جوگرافی لە دەقەدا، جگە لە "زەوی و ئاسمان و ئاو و دەریا" نابینرێت، واتا دەقەکە بۆ خڕ جیهان نووسراوە.
- ژان و نامۆیی و نوستالۆژیا، لە سەرتاسەری جیهاندا، سێ دیاردەیی نەگۆڕی ئەم سەردەمەن، ئەمەش وادەکات خوێنەرێکی ژاپۆنی، یان ئەفغانی یان ئیسپانی... وا هەست بکات دەقەکە بۆ ئەو نووسراوە و خۆی "دەشتی"یە.
- دەقەکە بۆ زەمەنێکی دیارکراو نەنووسراوە، تا شیعر بمینیت، هەر بە دەقێکی زیندوویی دەمینێتەوە.

**دنکە زیخەکە "دەقە شیعر":**

شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠ – ٢٠١٣) لە دەقە شیعری "دنکە زیخێ" دا لە دیوانی "ئاوێنە بچکۆڵەکان"دا، قلە زیخێک دەکاتە هەوێن و کەرەستەی شاکارێکی ئەدەبیی زیندوو.

ئەمە تەواوی دەقەکەیە:

**" دەنکە زیخێ"**
**تاڵە قژی کچێکی جوان**
**لەسەرشانم بەجێ مابوو**
**لە دوایدا تاڵە قژم**
**کرد بە پەتی دیلانێ بۆ:**
**هەڵبەستێکی پێنج شەش ساڵەم.**
**دەنکە زیخێکی کوردستان**
**لە کوێیەوە؟ چۆن؟ نازانم؟**
**پەڕیبووە لۆچی گیرفانی چاکەتێکم**
**ئەمڕۆ ڕێکەوت دۆزیمەوە**
**دەرم هێنا و ماچم کرد و**
**کردم بە بەردی کەعبەی گشت**
**شیعرەکانم!**[١١]

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی ئەزموونداری بەهرەمەندە، چونکێ شیعری کردبووە سنعەتی خۆی و هۆشیار و بەئاگا بوو لە جیهانی شیعری کۆن و هاوچەرخی ناوچەکە و جیهانی، هەمیشە لە بیرکردنەوە دابووە، کە داهێنانی مەزنتر و نوێتر لە شیعرەکانیدا بکات. دەقە شیعری "دەنکە زیخێ" لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە تاراوگە نووسراوە. لە گەرمەی ماتەمەمینی و پەژارە و شینگێرانی بۆ قوربانیانی چەکی کیمیاوی و شەهیدانی عەرعەر و بیابانەکان، خۆشەویستی و ئەڤینداریی نیشتیمانی بیرنەچۆتەوە.
لە کۆپلە شیعرێکی پەنجا وشەییدا، دوو وێنەی هونەریی لەسەر بنەمای هونەری میناتۆریی دەکێشێت، وێنەی یەکەمیان، یەک تاڵە مووی قژی کیژێک دەکاتە دیلانێ بۆ هەڵبەستێکی ساوای؛ وێنەی دوومیش یەک قلە زیخ دەکاتە جوانترین وێنەی هونەری و داهێنانێکی بەرچاوی تێدا دەکات.
کۆبەرهەمە پتر لە ٦ هەزار لاپەڕەکەی شیرکۆ، بۆ خۆی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە. وەک چۆن داوە موویێکی باریک دەکاتە کەرەستە، وردە زیخێک، کە هی گەڤر و شاخ و داخی ئەو کوردستانەیە دەکاتە پیرۆزترین شت لەم کەونەدا.

کە ئەو دەستی بە دەنکە زیخەکەی لۆچی چاکەتەکەی دەکەوێت، یەکسەر چەخماخەی نۆستالۆژیایەکی ئاگرین لە دڵی برووسکە لێدەدات و ڕابردوو، بە ئیستایەکی غەمین دەبەستێتەوە، دەزانێت دەنکە زیخ کوردستانییە، بۆیە تەنها ماچی ناکات بەڵکوو بیردەکاتەوە چۆن بیکاتە پیرۆزترین دنکە زیخی گەردوون، یەکسەر خەیاڵ و هزری بۆ "کەعبە"ی پیرۆز دەچێت.
شاعیر دەزانێت کە کەعبە یەکەمین ماڵی پیرۆزە بۆ عیبادەت دروستکراوە – یەکێتی نێوان خودا و مرۆڤ، دروستکەرەکەشی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ) بووەتە قیبلەگای موسڵمانانی هەموو جیهان و حەجیش بەبێ سەردانی ئەم ماڵە پیرۆزە ڕوکنێکی سەرەکی نووقستانە. خودا خۆشی ئەم شوێنەی بە ماڵی "هێمنی و ئاسایش و ئارامی" ناوبردووە. تەنانەت دەمژمێری کاتی ئیسلامی لەسەر هێڵی شاری مەکە دەستنیشان دەکرێت.
کەواتە شاعێر، وەک شوێن، جێگایەک شک نابات پیرۆزتر بێت لە کەعبە و زیخیش زەڕەی وردی جەستەی بەرد و شاخە، هەمان پێکهاتەی دیوارەکانی کەعبەیە.
لە بڕگەکانی پێشتر، ئاماژەمان بە چاوی شاعیر و خەیاڵدانی شاعیر کرد. بڕوانن چەند وەستایانە شێرکۆ قلە زیخێک دەکاتە مەزنترین و پیرۆزترین دروستکراو کە دیاری دەستی پێغەمبەرانە.
لێرەدا دەنکە زیخ دەبێتە بەردی کەعبەی گشت شیعرەکانی شاعیر. وەستاکارییەکی وردیش لە نێوان وشەی "هەڵبەست" و "شیعرەکانم" خوێندەوەی وەک واتا و پەیام بۆ دەکرێت، شێرکۆ هەڵبەستی بۆ شتێکی سادە و ساکاری بەکار هێناوە بۆ منداڵان، بەڵام شیعری بۆ کۆبەرهەرمەکەی بەکار هێناوە، چونکە چەمکی شیعر مانا و جیهانەکەی زۆر جیاوازە.
شوێن، لەم دەقەدا مەزنایەتی و تایبەتمەندی بەم دەنکە زیخە دەدات. ئەگەر دۆزینەوەی دەنکە زیخەکە لە گێرافانیدا لە کوردستان بووایە، ئەم بایەخ و بەهایەی نەدەبوو، چونکە خوی جەستە و ڕۆح و هۆشی شاعیر لە باوەشی ئەوێدا بوو، بەڵام مەنفا و تاراوگە، گڕی کردنەوەی ئەم چراوگە جوانەی داهێنانەکەن.
ئەمیناغای حاجی بەکراغای حەوێزی "ئەختەر"ی شاعیر ١٨٣٩ - ١٨٨٨، لە دەقێکی ناسکدا وێنەیەکی میناتۆریی هونەری درووست کردوە و دەڵێت:

**خاڵی ڕەشی سەرڕوومەتی　　حەجەرول ئەسەود خۆیەتی**
**هەرکەس بکا زیارەتی　　لە دەرەجەی شەهیدانە**[١٢]

شاعیر لەم وێنە هونەرییەدا، پتر مەراقی "ڕەشیی خاڵ"ەکەیە، ئەوجا پیرۆزیی بەردەکە. دەربارەی بونیات و وەستاکاریی هونەری دەقی "دەنکە زیخێ" شێرکۆ لە پێشەکی بەرگی دووی کۆبەرهەمەکەیدا دەنووسێت:

"دیوانی ئاوێنە بچکۆڵەکان" لە بنەڕەتدا درێژەدان و گەشەپێکردنی هەمان تاقیکردنەوەی پۆستەر شیعری دیوانی (کازیوە)ی چاپکراوی ساڵی ١٩٧٨ن، بەر لەم چاپە تەنها ٤٠ شیعریان لە ساڵی ١٩٨٦ دا و لەناو شوڕشدا بە هەمان ناونیشان (ئاوێنە بچکۆلەکان) لە چاپدران و بڵاووبوونەوە، ئیتر باقی شیعرەکانی ترکە هێندێککیان لە کوردستان نووسراون و کۆمەڵێکی تریشیان لە دەرەوەی وڵات... ."[١٣]

**بەراودکاریی نێوان سێ بەرهەمەکە:**

**یەک: فۆتۆی قەترە بارانەکەی " بێتر اند کوولیک":**

○ دۆزینەوەی قەترە بارانەکە کە ڕۆڵی ئاوێنە وەرگرتووە، بایەخی زۆری هەیە، وردبینی و سەرنجی تیژی فۆتۆگرافەر بەدیار دەخات، دەنا ڕەنگ بێت، خەڵکی دیکەش وێنەی لەم جۆرەیان کەوتبێتە بەرچاو.

○ ئەوە تاوەرەکەی ئیفلە بایەخی فۆتۆیەکەی چەند بار مەزنتر کردوە، ئەگەر وێنەکە هی درەختێک، یان سەگێک، یان ئۆتۆمبیلێک بووایە، هێندە پر قیمەت نەدەبوو.

○ لە دیدی کوولیکدا، تاوەری ئیفل تەنها مۆنەمێنتێکی زەبەڵاح نییە لە ناوەندی شاری پاریس، بەڵکو ڕەمزی شۆڕش و کەلتوور و مێژووی نەتەوەیەکە. ئەو لەم قەترە بارانەدا، هەر تاوەرکە نابینیت، بەڵکو جوانی گەورەیی و شکۆداری و مەزنایەتی هەموو فەرەنسا و ناسنامەی فەرەنسییەکان دەبینێت.

○ شێوەی نیوە بازنەیی تاڵە گیاکە، لە پەلکەزێرینە دەچێت، قەتر ئاوەکەش، وەک مانگ دیارە. ئەمە باڵادەستی کوولیک نیشان دەدات لە شارەزایی لە هۆنەری فۆتۆچرکاندن.

○ ئەم فۆتۆیە دەرگای هونەری میناتۆری دیجیتاڵی خستە سەرپشت و ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر فۆتۆگرافەر لاسایی دەکەنەوە.

○ ئەم فۆتۆیە داهاتی ماددی باشی بە خاوەنەکەی بەخشی، وەک تابلۆ و فۆتۆ و ئیمیج و لۆگۆ لەسەر کڵاو و جانتا و شال و مەدالیا و مەگ و پەرداخ و چەتر و ... دەنەخشێندرێت... .

**دوو: دڵۆپە ئاوەکەی دەقەکەی کەریم دەشتی:**

○ شاعیر دڵۆپە ئاوێک لە واتا و پەیام و وێنە و داهێنان بە قەد دەریایەک گەورە نیشان دەدات.

○ دەقەکەی دەشتی هێندە لە قەترە بارانەکەی کوولیک دەچێت، ڕەنگە خوێنەر ئیحایی وای بۆ درووست بێت، وەک بڵێیت دەشتی ئەم فۆتۆیەی بینیبێت، کە لە دەستپێکدا دەڵێت:

**ڕەنگە دڵۆپە ئاوێ هەبێ لە پشتی کێوەکانەوە**
**خۆی بە قەدی چیلکە گیایێ گرتبێ**
**یا بەسەرشاخی کەڵە مامزێکەوە**

○ چاوی تیژبی شاعیر لێرەدا دەچێتە ڕیزی ‹کەسانی بەصیر" کە توانای بینینیان بە هەستەوەرەکانی دیکە هەیە، شتە نەبینراوەکان دەبینن.

○ مامەڵە هونەری و شیعریی و ئەفراندنەکەی دەشتی، زەمینەیەکی بەرفراونی داگیرکردوە، بە نزیکەی ١٤ وێنەی هونەری ئەواجا تینوویەتی ئەفراندنی دەشکێت.

○ دەقەکە، وەک ئاماژەمان پێدا، تەواو بۆنوبەرامەی شاکاریی شیعری جیهانی گرتووە.

○ دەقەکە چەندە "دەشتییانەیە" هێندەش "کوردییانەیە"، چەندە "کەسییە" دووهێندەش "عەوامییە" هەمووان خۆیان تێدا دەبینەوە.

**سێ: دەقی "دەنکە زیخێ"ی شێرکۆ بێکەس:**

○ شاعیر کوردسانێک، کە ڕووبەرەکەی ٢٩ جار بە قەد ڕووبەری لوبنانە، لە گیرفانی خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیگێڕێت.

○ پیرۆزیی بەردی کەعبە دەبەخشێتە دەنکە زیخێکی کوردستان.

○ دەقە شێعرەکانی خۆی، ناراستەوخۆیانە، پیرۆز دەکات، کە دەنکە زیخەکە دەکاتە بەردی کەعبەی گشتی شیعرەکانی.

○ لە خاکی کوردستاندا، شاعیر شتێک شک نابات و نادۆزێتەوە لە دەنکە زیخ بچووکتر بێت و قابیلی دەست لێدان بێت. زیخ ئاردی بەرد و شاخە، کە پێکهاتەی سەرەکی جوگرافیای کوردستانن.

○ شاعیری تریش، هێندێ "شتی" بچووک و  وردیان پیرۆز کردوە، بەڵام ئەوەی دەشتی و شێرکۆ ئاستیی داهێنانەکەیان بەرزە.

هەر سێ بەرهەمەکە لە هونەری میناتۆردا پێکدەچن، هەر سێکیشیان لە مەزنکردن و پیرۆزکردنی (وێنەکان) پێکدەچن. جیاوازییەکان لە سێ شوێنی جیاواز و لە سێ زەمەنی جیاواز بەرهەم هاتوون. هەر دوو ئەدەیب و هونەرمەندەکە ئەزموونـدار و دەستڕەنگینن لە سنعەتەکەیاندا.
هەردوو دەق " شکانی ئاو" و "دەنکە زیخێ" بەڵگەن کە ئاستی شیعری کوردی بەرز و بڵندە و ئەدەبی کوردیش شاکار و داهێنانی جوانی تێدا کراوە.
بەداخەوە – ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە ڕەخنەکاریی بەراوردکارییە، لە ئەدەبی کوردی هاچەرخدا هەژارە و بە دەگمەن کاریان لەسەر دەکرێت. ڕەنگبێ، ئەم بەراوردەکردنە(لە نێوان دوو دەقە شیعر و فۆتۆیەکی هونەری) یەکەم جار بێت، لە ئەدەبی بەراوردکاری کوردیدا ئەنجام بدرێت.
کارکردن لە ئەدەبی بەراودکاری جگە لە زانیاری و گەنجینەی فەرهەنگی ئەدەبی و هونەری، فەرزە (١) زمانی زیندووی غەیرە کوردی بزانیت، (٢) سەرو سەلیقەت لەگەڵ هونەر هەبێت و شارەزایی زانستەکانی بیت، بە گوێرەی توانا. دەنا بەرهەمێکی زیندووی لە دایک نابێت.

---

## سەرچاوەکان:

1- Comparative Literary Criticism Research Papers - Academia.edu
٢- دیوانی بەیاد، فازیل شەورۆ و هاوژین سلێوە، چاپخانەی پاندا، ٢٠٢٣، ل ٢٩
3- Sight and Insight: A Contribution Toward An Iconography of the Eye on JSTOR
4- Miniature art history, what is miniature art, about miniature paintings.
٥- سەرچاوەی پێشوو
6- Bertrand Kulik - Paris Mozart Orchestra
7- www.facebook.com/karim.dashti.2025
٨- بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سلێوە، چاپی دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩، ل.١٠٠
9- Poseidon | God, Wife, Son, Myths, Symbols, & Facts | Britannica
١٠- رۆژنامەی خەباتی ژمارە٦٨٥٣/ لە ١٢ی کانونی یەکەم ٢٠٢٥ گۆشەی هزر و هونەر
١١- دیوانی ئاوێنە بچکۆڵەکان، شێرکۆ بێکەس، بەرگی ٢، ٢٠٠٦، کوردستان، ل ٧٦٥
١٢- دیوانی ئەختەر، کۆکردنەوە و نووسینی تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ٢٠٠٢.
١٣- سەرچاوە ژمارە ١١، ل. ١٠

# ڕانان

# کتێبی زمان و دەسەڵات؛ بەشێکە لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتی



فەرەیدون سامان

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەکەوە، جیهان گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا بینیوە، لە بزافتی مافەکانی مرۆڤەوە تا سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆری وەک مارکسیزم و فێمینیزم و تەنانەت پارتە ئوسولییەکانیش. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لەسەر شێوازی تێگەیشتنی زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی و وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەسەر هزرین و هەست و نەستی تاک و جڤاکدا.

بۆ نموونە هەر لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، توێژینەوەی زمانەوانی بە ئامانجی هەنگاونان بەرەو تێگەیشتن لە زمان دەستی پێکرد، نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین، بەڵکو وەک ئامرازێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ بداتەوە و بەرهەم بهێنێتەوە. چونکە بایەخدان بە چۆنیەتی کاریگەری زمان لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بوارێکی نوێی وەک شیکردنەوەی گوتار و تیۆری ڕەخنەیی دروست کرد.

زمان چوارچێوەیەکی تیۆری و میتۆدی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات پێشکەش دەکات، تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری، بە تێکەڵکردنی تیۆری زمانەوانی و شیکاری کۆمەڵایەتی، هاوکات هەوڵدەدات ئەو میکانیزمانە ئاشکرا بکات کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێن، زمان و دەسەڵات یەکێکە لە کارە پێشەنگەکانی شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی، چونکە زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا، وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە. دەسەڵاتی

زمان لە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان زمان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەدۆزێتەوە، هاوکات تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و گۆڕینی دەسەڵات و ڕەنگدانەوەی کاریگەرییە قووڵەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگادا.

زمان وەک چەمکی دیالۆگ، وەک سەنتەرێکی دەربڕین تاق دەکاتەوە کە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تێیدا تێکەڵ دەبن. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی زاڵبوون و کاریگەریشە، لە ڕێگای شیکردنەوەی دەق و وتووێژەکان، کە چۆن زمان بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی نایەکسان لەنێوان تاک و گروپەکاندا و ئامرازی شیکاری پێشکەش دەکات کە یارمەتی خوێنەر دەدات تا تێبگات کە چۆن ماناکان لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبن و چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت پڕ بکرێن لە ئایدیۆلۆژیای دیارکراو، هەروەها زمان لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیاییەکان دەدوێت کە کاریگەریان لەسەر پەیوەندییەکانی هێز هەبووە و پێویستە هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە گەشەی پێبدرێت، کە تاکەکان بتوانن بەرگری لە زاڵبوونی زمانەوانی بکەن. ئەویش لە ڕێگای نمونەی ڕاستەقینە، نیشانی دەدات کە چۆن زمان دەتوانێت لە دەسەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە و بەرهەم بهێنێتەوە.

ئەم هزرینە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژەران لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا، بۆ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر زماندا، هەروەها بەهێزکردنی توانای تاکەکان بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دەسەڵاتدا.

لەم ڕەوشەدا زمان و دەسەڵات تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ ڕۆڵی گرنگی زمان لە شێوەی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەش دەکات و دەیکاتە کارێکی ئەکادیمی بەنرخ.

لێرەدا بایەخی زمان و دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی مێژوویی ئاڵۆزدا دەردەکەوێت، کە تێیدا پەرەسەندنی هزری زمانەوانی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەدەی بیستەم تێکەڵ دەبێت.

بۆ نموونە بیرۆکەکانی **فەیرکلاف** * زۆر کاریگەر بوون بە تیۆری ڕەخنەیی کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت پەرەی سەند، کە جەخت لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەلتوور و زمان وەک ئامرازی زاڵبوون دەکرا. ئەم خوێندنگایە هەوڵی ئەوەی دەدا کە چۆن ئایدیۆلۆژیاکان کاریگەریان لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە و چۆن زمان دەتوانێت ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بەرز بکاتەوە یان بەرگری بکات. بە تێکەڵکردنی ئەم بیرۆکانە لەگەڵ چەمکەکانی بونیادگەرایی و پۆستستراکتورالیزم، فەیرکلاف

چوارچێوەیەکی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات پەرەپێدا.
جیهان لە دوایین دەیەکانی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی تەکنەلۆژیای بەخۆوە بینی، کە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زانیاری گۆڕی. لەگەڵ هاتنی میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ، زمان زیاتر لە ئامرازێکی پەیوەندی نێوان تاکەکان، بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و بەرهەمهێنانەوەی دەسەلات، لەم چوارچێوەیەشدا، زمان و هێز وەک کارێک دەردەکەوێت کە چۆن زمان دەتوانێت ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان بێت کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانانەدا دەردەکەون.
لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، چەندان ئایدیۆلۆژیای سیاسی سەریان هەڵدا کە زمان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەکاردەهێنا، بە شیکردنەوەی گوتاری سیاسی و میدیایی، فەیرکلاف ئەوە دەردەخات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شێوەی تێگەیشتنی گشتی و بەهێزکردنی ناسنامەی کۆمەڵگا، ئەم شیکردنەوەیە سنووردار نییە بۆ چوارچێوەی ڕۆژئاوایی، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی جیهانگیری و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری ناوخۆییدا.
کتێبی "**زمان و دەسەڵات**" بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بوارەکانی زمانەوانیی و کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا. بەشداری کردووە لە پەرەپێدانی چەمکی نوێ، سەبارەت بە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی و کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها هانی زۆرێک لە توێژەرانی دا بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی زاڵبوون.
کتێبی (زمان و دەسەڵات)ی نۆرمان فەیرکلاف تێڕوانینێکی قووڵ پێشکەش دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن زمان و دەسەلات لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و کەلتووری ئاڵۆزدا یەکتر دەبڕن. بە لێکۆڵینەوە لەم دینامیکیانە، کتێبەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لە زمان و ڕۆڵی گرنگی لە شێوەپێدانی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.
ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە دەوری کتێبەکە دەدات، ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەنگ و بیرۆکەیە کە بیری ڕەخنەیی مۆدێرنیان پێکهێناوە و جەخت لەسەر بایەخی هۆشیاری ڕەخنەیی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری.
لە زمان و دەسەڵاتدا، نۆرمان فێرکلاف پەیوەندی نێوان زمان و پەیوەندییەکانی هێز

دەکۆڵێتەوە، بەڵام هەندێک بیرۆکەی نەگوتراو بەجێ دەهێڵێت، کە دەتوانرێت لە ڕێگای شیکردنەوەکانییەوە هەستی پێبکرێت. فێرکلاف، سەرەڕای تەرکیزی لەسەر ڕۆڵی زمان لە پاراستن و گۆڕینی دەسەڵاتدا، وا دیارە دەیەوێت بایەخی هۆشیاری ڕەخنەیی وەک یەکەم هەنگاو بەرەو ئازادی تیشک بخاتە سەر.

خوێنەر لە نێوان دێڕەکاندا هەست دەکەن کە فەیرکلاف داکۆکی لە پێویستی تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیای پشت بەکارهێنانی زمان دەکات، چۆن ئەم ئایدیۆلۆژیایانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری تاکەکاندا هەبێت. هەروەها ئاشکرایە کە ئەو دەیەوێت خوێنەر هان بدات بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار بهێنێت، نەک تەنها وەک ئامرازێکی پەیوەندی.

سەرەڕای ئەوەش، دەبینرێت کە نووسەر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە گرنگی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی دەکات لە دارشتنی مانای زماندا، ئەمەش نیگەرانی خۆی دەردەخات سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت سوود وەربگرن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە نایەکسانەکانی هێز. هەروەها وادیارە ئاماژە بە پێویستی بەرەنگاربوونەوەی ئەم زاڵبوونە زمانەوانییە دەکات لە ڕێگای پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تواناکانی ڕەخنەگرتندا.

بەکورتی، ئەوەی فەیرکلاف دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات تەنها شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بەکردارکردن بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی لە زاڵبوونی زمانەواندا.

یەکێک لە دیارترین خاڵە بەهێزەکانی زمان و هێز ئەو چوارچێوە تیۆرییە پتەوەیە کە فەیرکلاف پێشکەشی دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگادا. نووسەر سوود لە چەمکەکانی مارکسیستی و پێکهاتەیی و پۆست ستراکتورالیزم وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، وەک ئامرازێک بۆ زاڵبوونی ئایدیۆلۆژی. ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە گوتار تەنها ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئەو ڕاستییە.

فەیرکلاف ئامرازی شیکاری بەهێز پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دەق و گفتوگۆکان. چەمکەکانی وەک "ئینتەرتێکست" و بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پەیوەندیی تێکستەکان بە یەکتری و چۆنیەتی پێکهێنانی ماناکان لە دەقە جیاوازەکاندا. ئەم ئامرازانە لەم کتێبە زۆر بەنرخە بۆ توێژەران کە دەیانەوێت لە دینامیکی زمانەوانی ئاڵۆز تێبگەن.

## پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات

کتێبەکە بە توندی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و ئەوە نیشان دەدات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ پەرەپێدانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. بۆ نموونە، ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن میدیا و سیاسەت زمان بەکاردەهێنن بۆ شێوەی ڕای گشتی و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی نوخبەی فەرمانڕەوا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی شاراوەی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ ئازادی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

سەرەڕای ئەو بەها زۆرەی کتێبەکە پێشکەشی دەکات، بێ خەوش نییە. یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکان ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆری لەوانەیە زۆر ئاڵۆز بێت بۆ خوێنەرێکی ناشارەزا. سەرەڕای ئەوەش، کتێبەکە جەختێکی زۆر لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆژئاوا دەکات، کە لەوانەیە کەمتر بۆ کۆمەڵگا ناڕۆژئاواییەکان جێبەجێ بکرێت.

بایەخی گەورەی کتێبی "زمان و دەسەڵات" لە بواری توێژینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتیدا نکۆڵی لێناکرێت. ئەو بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە پەرەپێدانی بواری شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی و بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران و خوێندکارانی ئەم بوارە. هەروەها هانی خوێنەران دەدات بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە زمان و تێگەیشتن لە ڕۆڵی لە شێوەی کۆمەڵگادا.

کتێبی "زمان و دەسەڵات" بەشێکە لە بواری زمانی کۆمەڵایەتی. کتێبەکە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و چۆنیەتی کاریگەری زمان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، فەیرکلاف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار دەهێنرێت و چۆن هەڵبژاردنی زمان ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵ لە کۆمەڵگادا دەکات. کتێبەکە هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات کە چۆن گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کاریگەری لەسەر زمان هەیە، وادەکات پەیوەندی بە توێژینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت کە پەیوەندی بە خوێندنی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

هەروەها کتێبەکە نیشانی دەدات کە چۆن گوتار تەنها دەربڕینی بیرۆکەکان نییە، بەڵکو توخمێکی چالاکە لە پێکهێنانی شوناس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لەگەڵ ئامانجە بنچینەییەکانی کۆمەڵناسی زمانەوانیدا دەگونجێت. کەواتە، دەتوانین بڵێین "زمان و دەسەڵات" خاڵی کۆبوونەوە لە نێوان زمانناسی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ڕەخنەیی گفتوگۆ دەنوێنێت.

لە کۆتاییدا، زمان و هێزەکەی نۆرمان فەیرکلاف کارێکی پێشکەوتووەیە کە تیۆری و پراکتیکی تێکەڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات. سەرەڕای هەندێک لەو ئاستەنگانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی خوێنەری ناپسپۆر ببێتەوە، ئامرازەکانی شیکاری و تێڕوانینەکانی کتێبەکە وای لێدەکات کە زۆر بەنرخ بێت بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی تێگەیشتن لە جوڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری زمانەکە دەکات.

- **نۆرمان فەیرکلاف. زمانناسێکی بەریتانیایە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ بووە و بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکانی بواری شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی دادەنرێت، ئەو لە ژینگەیەکی ئەکادیمی گەورە بوو، لەوێ کاریگەری ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو. فەیرکلاف لە خێزانێکی خوێندەوار گەورە بوو، کە ئارەزووی سەرەتایی بۆ زمان و ئەدەب دروست کرد. لە ماوەی تەمەنی هەرزەکاریدا، دەستی کرد بە دۆزینەوەی حەزی خۆی بۆ زمانناسی، کە وای لێکرد سەرقاڵی خوێندنی قوڵتری زمان بێت. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی مانچستەر بەدەستهێناوە و پاشان خوێندنی باڵای لە زمانناسی تەواو کردووە.**

# گەوهەری زمانەوانی



# جەمال نەبەز، گەوهەری وشەی کوردی

**ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی**

یەکێک لە گەوهەرەکانی دنیای نوسین و گرنگیدان بە زمانی کوردی دکتۆر جەمال نەبەزە. دکتۆر جەمال بە پێشەنگی ئەو کەسانە دادەندرێت کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە گرنگیدان و بە زیندووهێشتنەوەی زمانی کوردی و لەو بارەوە بە دەیان بەرهەمی گرنگی چاپ کردووە. دکترۆ جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٣٣ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. لەسەرەتای خوێندنیدا جگە لە خوێندنی ئیسلامی، فەلسەفە و سیۆلۆجی و فیزیا و ماتماتکی خوێندووە. لە نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، لە زانکۆی بەغدا، فیزیا و ماتماتیکی خوێندووە. لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و بەغدا و بەسرە وانەی گوتووەتەوە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن و پاشان لە زانکۆکانی مینوخ و ۆزبورگ خوێندنی ئیسلامیی و ئێراننـاسی و شێوازی گوتنەوەی وانەی خوێندووە. لەساڵی ١٩٦٧-١٩٧٠ لە زانکۆی هامبۆرگ خوێندویەتی و هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ چەند هاورێیەکی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دادەمەزرێنن.

لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧٦ لەزانكۆی بەرلینی ئازاد زانستە سیاسییەكان و رۆژنامەنووسی و یاسای خوێندووە. دكتۆر جەمال نەبەز یەكێكە لە دامەزرێنەرانی كاژیك. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٢ كە كوردستانی جێهێشتووە بەهیچ جۆرێك نەگەڕاوەتەوە. دكتۆر نەبەز جەندین بەرهەمی بەپێزی پێشكەشی كتێبخانەی كوردی كردووە لەوانە:

( باسنامە، بۆ وڵات ، بیری نەتەوەیی كوردی، نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییە، چاپی دووەم. بیرەوەرینامەی ئەو رۆژانەی جارەكی دیی ناگەڕێنەوە. بەركوڵێكی خەرمانی كوردناسیی لە ئەوروپا. پێوەندارێتیی كوردی كورد كێیە و كورد بوون مانای چی؟ . جەمال نەبەز – كۆبەرهەم – ژمارە ٧. چەند موحازەرەیەك دەربارەی زمانی كوردی و شێوەی وتنەوەی بۆ... . خوێندەواری بە زمانی كوردی، چاپی سێیەم، ٢٠٠٧. دۆزی ناسیونالی كورد، ئۆتۆنۆمی یا كوردستانێكی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی. رۆژانی ئاوارەییم لە سوێسرە. زمانی یەكگرتووی كوردی. سەرنجدانێك لە میتۆلۆژیای كورد. سەرنجێك لە چەند زاراوەیەكی تازە بەكار هاتوو و كۆڕی زانیاری كورد. سەرەتای میكانیك و خۆماڵەكانی ماددە. فەرهەنگۆكی زانستی: دەستنووس. فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و كۆمەڵگەی كوردەواریدا، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩. گۆڕینامە، رەوتی گۆڕین لە گۆڕەپانی هزریی رامیاریی كۆمەڵگەی كوردەواریدا. گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣- مایسی ١٩٤٤. لالۆ كەریم: چیرۆكێكە لایەك لە دەردی ژیانی كۆمەڵایەتیمان دەرئەخات. من شێواندوومە لێتان.. یان هەر خۆتان سەر لێ شێواون. ناسنامە و كێشەی ناسیۆنالی كورد. نووسینی كوردی بە لاتینی. وشەنامەكی ئێتیمۆلۆژیای زمانی كوردی، چاپی دووەم.

هەروەها بە زمانی عەرەبی چەندی كتێبی لەبارەی كوردەوە نوسیوە لەوانە:

١. الامير الكردي – مير محمد الرواندزي الملقب ب(ميري كۆره)
٢. المستضعفون الكرد وأخوانهم المسلمون
٣. تصريحات هامة للمفكر الكردي جمال نبز
٤. حول المشكلة الكردية
٥. كفاح الاكراد

بەداخەوە دكتۆر جەمال نەبەز لە رۆژی ١١/١١/٢٠١٨ بەهۆی نەخۆشییەكی سەختەوە لە نەخۆشخانەدا خەوێندرا و، دوای چەند رۆژ لە خستنە نێو كۆماوە بەهۆی هەناسەتەنگبوونەوە، رۆژی ٨/١٢/٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا كۆچی دواییكرد.

# فەرهەنگی زمانەوانی

# هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی



م. عەزیز ڕەئووف

هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی (CLA) ڕێگەیەکی گرنگە لە پەروەردەی زماندا، چونکە یارمەتی فێرخوازان دەدات لەوە تێبگەن کە زمان تەنها سیستەمێکی ڕێزمان و وشەسازی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە کردەی کۆمەڵایەتی. لە فێرکردنی زمانی تەقلیدیدا، خوێندکاران زۆرجار وشە، ڕستە و یاساکانی ڕێزمان دەخوێنن. بەڵام CLA لەم ئاستە تێدەپەڕێت و هانی فێرخوازان دەدات بپرسن کە زمان چۆن بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی دەسەڵات، ئایدۆلۆژیا، ناسنامە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. نۆرمان فیرکلەف (١٩٩٢) دەڵێت هۆشیاری زمان دەبێت تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لەخۆبگرێت کە گوتار چۆن فۆرم بە کۆمەڵگا لە و کۆمەڵگا چۆن فۆرم بە گوتار دەدات.

چەمکی هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی پەیوەستە بە شیکاری گوتاری ڕەخنەیی . CDA ئەم چەمکە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە. ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن دەق و وتار دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و کردارەکانی خەڵک هەبێت. بۆ نموونە وتاری سیاسی و ڕاپۆرتی هە واڵی و ڕیکلام و کتێبی خوێندنی قوتابخانە ڕەنگە بێ لایەن بێت، بە لام زۆرجار واتای ئایدیۆلۆژیی شاراوە لەخۆدا هەلدەگرن. بە گوێرەی بۆچوونی فێرکلەف گوتار تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیع نییە؛ بەڵکو یارمەتی بنیاتنانی واقیعی کۆمەڵایەتیش دەدات.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی CLA یارمەتیدانی فێرخوازانە بۆ ئەوەی ببنە خوێنەر و گوێگرێکی ڕەخنەگرانە. پێویستە خوێندکار تەنها لە مانای ڕووکەشی دەقێک تێنەگات، بەڵکوو بە مانایە قووڵەکانی پشتەوەی دەقەکە بکۆڵێتەوە. پێویستە پرسیاری وەک: کێ ئەم دەقەی بەرهەم هێناوە؟ بۆ چ مەبەستێک؟ کێ سوود لەم زمانە وەردەگرێت؟ کێ لەخۆدەگرێت یان لەخۆناگرێت؟ ئەم پرسیارانە

یارمەتی خوێندکاران دەدەن لە تێگەیشتنی وشەییەوە بگوازرێنەوە بۆ لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە. والاس (٢٠٠٣) ڕوونی دەکاتەوە کە خوێندنەوەی ڕەخنەیی بریتییە لە تێگەیشتن لە هەردوو زمانی دەقەکە و هەم لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی کە تێیدا بەرهەم دێت.

هەروەها CLA گرنگە چونکە زمان پەیوەندییەکی نزیک بە ئایدۆلۆژیاوە هەیە. ئایدۆلۆژیا ئاماژەیە بۆ سیستەمی بیرۆکە و بیروباوەڕ و بەهاکان کە چۆن مرۆڤ لە دنیا تێدەگات. بۆ نموونە لە گوتاری سیاسیدا، سەرکردەکان ڕەنگە وشەی ئەرێنی وەک یەکگرتوویی، ئازادی، ئاسایش و گەشەپێدان بەکاربهێنن بۆ ڕازیکردنی خەڵک و بەدەستهێنانی پشتیوانی گشتی. لەوانەیە ئەم وشانە سادە دەرکەون، بەڵام دەتوانن هەڵگری پەیامی ئایدیۆلۆژی بەهێز بن. ڤان دایک (١٩٩٨) باس لەوە دەکات کە ئایدۆلۆژیا زۆرجار لە ڕێگەی گوتارەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بە تایبەت لە زمانی سیاسی و میدیاییەوە.

لە چوارچێوەی ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانیدا، CLA گرنگییەکی تایبەتی هەیە. زۆرێک لە فێرخوازانی EFL بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ڕاهێنانی ڕێزمان، لیستی وشەسازی و پرسیارەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوە فێری زمانی ئینگلیزی دەکرێن. لە کاتێکدا ئەم لێهاتووییانە پێویستن، بەڵام بەس نین. هەروەها فێرخوازان پێویستە لەوە تێبگەن کە چۆن زمانی ئینگلیزی لە چوارچێوەی ژیانی ڕاستەقینەدا وەک میدیا، سیاسەت، پەروەردە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەکاردەهێنرێت. پێنیکوک (٢٠٠١) دەڵێت فێرکردنی زمان دەبێت ڕەخنەگرانە بێت چونکە زمان هەمیشە پەیوەستە بە کولتوور و دەسەڵات و نایەکسانییەوە.

CLA دەتوانێت یارمەتی خوێندکارانی زمان بدات بۆ پەرەپێدانی ئاستی بەرزی بیرکردنەوە. لەبری ئەوەی دەقەکان وەک زانیاری بێلایەن قبوڵ بکەن، فێرخواز فێری پرسیارکردن و شیکردنەوەیان دەبێت. بۆ نموونە لە کاتی خوێندنەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەوانیدا، خوێندکاران دەتوانن بە هەڵبژاردنی وشە، دەنگی پاسیڤ، مۆدالیتی، دووبارەکردنەوە و مێتافۆردا بپشکنن. ڕستەیەکی وەک "هەڵە کرا" کەسی بەرپرسیار لە کارەکە دەشارێتەوە، لە کاتێکدا "حکومەت شکستی هێنا" ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی نیشان دەدات. لە ڕێگەی ئەم جۆرە شیکارییەوە فێرخوازان تێدەگەن کە چۆن ڕێزمان و وشەسازی دەتوانن مانا لە قاڵب بدەن و کاریگەرییان لەسەر خوێنەران هەبێت.

مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پەرەپێدانی هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی خوێندکاران. دەتوانن دەقی ڕەسەن وەک وتار، ڕاپۆرتی هەواڵ، ڕیکلام، چاوپێکەوتن، و پۆستی سۆشیال میدیا لە پۆلدا بەکاربهێنن. مامۆستایان دەتوانن داوا لە

خوێندکاران بکەن کە وشەی بەهێز، گریمانە شاراوەکان، دەربڕینی لایەنگری و پەیامی ئایدیۆلۆژی دەستنیشان بکەن. یانکس (٢٠١٠) جەخت لەوە دەکاتەوە کە خوێندەواری ڕەخنەیی دەبێت یارمەتی فێرخوازان بدات لە پەیوەندی نێوان زمان، دەسەڵات، دەستڕاگەیشتن، هەمەجۆریی و دیزاین تێبگەن. بۆیە CLA تەنها پەیوەندی بە ڕەخنەکردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەهێزکردنی فێرخوازانەوە هەیە بۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی هۆشیارانەتر.

بەهایەکی گرنگی دیکەی CLA ئەوەیە کە پشتگیری لە پەروەردەی دیموکراسی دەکات. کاتێک خوێندکاران بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ئاگاداری زمان دەبن، زیاتر ئامادە دەبن بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا. دەتوانن دەستکاریکردن و پڕوپاگەندە و جیاکاری و پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات بناسن. ئەمەش بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا گرنگە کە زمانی سیاسی و میدیایی و دامەزراوەیی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بیروڕای گشتی هەیە. کلارک و ئیڤانیک (١٩٩٧) دەڵێن کە کردەی زمان پەیوەستە بە بەشداری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەوە. بۆیە CLA یارمەتی خوێندکاران دەدات ببنە هاوڵاتی چالاک نەک وەرگری پاسیڤی زانیاری.

بەڵام ڕەنگە بەکارهێنانی CLA لە پۆلدا ڕووبەڕووی هەندێک ئالانگاری ببنەوە. ڕەنگە هەندێک لە خوێندکاران ئاشنای چەمکەکانی وەک ئایدۆلۆژیا، دەسەڵات، گوتار و نایەکسانی کۆمەڵایەتی نەبن. لەوانەیە لە مانای وشەیی دەقێک تێبگەن بەڵام شیکردنەوەی مانا شاراوەکان بەزەحمەت بزانن. هەروەها ڕەنگە مامۆستایان پێویستیان بە ڕاهێنان هەبێت لە بواری CDA و پێداگۆژیی ڕەخنەگرانە. جگە لەوەش هێشتا هەندێک سیستەمی پەروەردەیی بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجیان لەسەر تاقیکردنەوە و فێرکردن لەسەر بنەمای ڕێزمانە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پێویستە وردە وردە CLA لە ڕێگەی نموونەی سادە و پرسیاری ڕێنمایی کراو و گفتوگۆی پۆلەوە بناسێنرێت.

لە کۆتاییدا، هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی ڕێبازێکی بەنرخە، چونکە فێربوونی زمان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ئایدۆلۆژیا و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە. فێری فێرخواز دەکات کە زمان بە تەواوی بێلایەن نییە و دەقەکان دەتوانن مانا شاراوەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و کۆمەڵگا هەڵبگرن. لە چوارچێوەی خوێندنی زماندا، CLA یارمەتی فێرخوازان دەدات لە ڕێزمان و وشەسازی تێپەڕن بەرەو لێکدانەوەی قووڵتر و شیکاری ڕەخنەگرانە. بۆیە پەروەردەی زمان نەک هەر فێرخواز فێری قسەکردن و نووسینی دروست دەکات، بەڵکو فێری خوێندنەوە و گوێگرتن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەشی دەکات.

# وەرزنامەکانی زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١)




ژمارە (٢)




ژمارە (٣)




ژمارە (٤)




ژمارە (٥)




ژمارە (٦)




ژمارە (٧)





ژمارە (٨)




ژمارە (٩)




ژمارە (١٠)



## تەوەری ژمارەی داهاتوو

## دۆخی وانەی کوردۆلۆجی (کوردناسی) لە ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکاندا

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی زانستی و ئێستایی دەکاتەوە، کە بریتییە لە «دۆخی وانەی کوردۆلۆجی /کوردناسی لە ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان»، لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نووسینی پسپۆڕانی کوردناسی، مێژوونووسان، زماننناسان و توێژەرانی بواری فەرهەنگی دەکات. ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی بنەڕەتی بدەینەوە:

- تا چەند پرۆگرامی وانەی کوردۆلۆجی/کوردناسی لە زانکۆکاندا توانیویەتی وێنەیەکی گشتگیر و زانستی لەسەر ناسنامە، مێژوو و شارستانییەتی کورد بە خوێندکاران ببەخشێت؟ ئایا وانەکە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کلاسیکی دەرچووە بەرەو شیکاریی ڕەخنەیی؟

- وانەی کوردۆلۆجی/کوردناسی تا چەند توانیویەتی گرنگیی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی سەرەکیی کوردناسی نیشان بدات؟ ئایا ئاستی ئاشنابوونی خوێندکاران بە دیالێکتەکان و وێژەی کوردی لە ڕێگەی ئەم وانەیەوە چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟

- گرنگترین ئەو گرفتە سەرچاوەیی و میتۆدییانە چین کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی کوردۆلۆجی/کوردناسی دەبنەوە؟ ئایا یەکنەبوونی سەرچاوە و پرۆگرامەکان لە نێوان زانکۆ جیاوازەکاندا چ کاریگەرییەکی لەسەر کوالێتی ئەم وانەیە هەبووە؟

- ئایا وانەکە تا چەند سوودی لە دەستکەوتەکانی کوردناسانی بیانی و ناوخۆیی وەرگرتووە؟ چۆن دەکرێت ئەم وانەیە لە بابەتێکی تیۆریی وشکەوە بگۆڕدرێت بۆ بزوێنەرێکی هۆشیاریی نەتەوەیی و زانستی لە لای خوێندکارانی بەشە جیاوازەکان؟

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان تا چەند بایەخیان بە پێگەی ئەم وانەیە داوە؟ ئایا کات و شوێنی دیاریکراو بۆ ئەم بابەتە گونجاوە لەگەڵ قورسایی و گرنگیی ناونیشانی "کوردناسی" لە کۆنتێکستی جیهانیدا؟

**تێبینی بۆ توێژەران:**

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نووسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە، تا ڕێکەوتی ١ی تەمووزی ٢٠٢٦ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی

تەوەری ژمارەی داهاتوو

# گۆڤاری زمانەوانی
# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

## ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

## ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler، Katya (٢/٣/٢٠٢٠)، "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks"، https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤، (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پوتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەرەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

## چاوپێکەوتن

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

## ٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانکۆی جیهان_سلێمانی
دەزگای زمانەوانیی کوردی

# وەرزنامەی زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

ژمارە (١١) ساڵی سێیەم، بەهاری 2026